چاپی دووەم

ستیڤ هارڤی

GOLDEN BOOK



# بازبدە

بازێکی چارەنوسساز بدە،
تا ژیانێکی خۆشگوزەران بەدەستبهێنیت

STEVE HARVEY

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە، وریا عومەر

Scanned with CamScanner




Scanned with CamScanner

GOLDEN BOOK

# بازبدە

بازێکی چارەنووسساز بدە،
تا ژیانێکی خۆشگوزەران بەدەست بهێنیت

نووسینی: ستیڤ هارڤی
لە ئینگلیزییەوە: وریا عومەر

Scanned with CamScanner

- ناوی کتێب: بازبده
- بابەت: گەشەپێدانی مرۆیی
- نوسینی: ستیڤ هارڤی
- وەرگێڕانی: وریا عومەر
- دیزاین: هەرێم عوسمان
- چاپ: تاران
- تیراژ: ١٠٠٠ دانە
- نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
- ساڵی چاپ: ٢٠١٩

مافی لەچاپدانەوەی بۆ گۆڵدن بووک پارێزراوە

لە بەڕێوەبەرێتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٢٩٢) ی ساڵی ٢٠١٩ ی پێدراوە

Scanned with CamScanner

## نەبەرد

لەنێو ئەو شەوەی کە دامدەپۆشێت
تاریك، وەك چاڵێك جەمسەر بۆ جەمسەر
خوداکان هەرچی بن سوپاسگوزارم
بۆ ئەو ڕۆحە نەبەردەی کە پێیانداوم

لە نێو قوڵایی سەختییەکاندا
سڵم نەکردووە و ورتەم نەهاتووە
لە ژێر مێکوتی هات و نەهاتدا
سەرم خوێنینە، بەڵام شۆڕنیە

لەنێو ئەم دنیای پڕ سزا و ئەشکە
هیچ بەدیناکرێت جگە لە سێبەرێکی ترسناك
سزا و تەنگانەی ئەم هەموو ساڵە
بۆی دەردەکەوێت چەند نەبەزیووم

گرنگ نیە چەندە دەرگاکە تەسك بێت
چەندە سزام بۆ دانرابێت
من ڕابەری چارەنوسی خۆمم
من پێشەوای ڕۆحی خۆمم

– ولیام ئێرنست هێنلی –

GOLDEN
BOOK



Scanned with CamScanner

# پێشەکی

**١٣ ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦**

**ستۆدیۆکانی فامیلی فیود، ئەتلەنتا، جۆرجیا**

دەمەوێت ئەم وشانەت بۆ باس بکەم کە لە دواساتەکانی تۆمارکردنی کۆڕێکدا لە ستۆدیۆی *فامیلی* فیود بە ئامادەبووانم ڕاگەیاند. سەرم سوڕما لە کاریگەری ئەم وشانە - هەرگیز نەمبینیووە ڤیدیۆیەکم تۆمارکردبێت و هێندەی ئەوە خێرا بڵاو بووبێتەوە. پەنجا و هەشت ملیۆن کەس تەماشایان کرد! ئەم وەڵامدانەوە خێرا و بۆمب ئاسایە ئەوەی نیشاندام کە ژمارەیەکی زۆر خەڵك لە سەرانسەری جیهاندا بەدوای ژیانێکی باشتردا دەگەڕێن.

دەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم کە هەموو کەسە سەرکەوتووەکانی جیهان لە ژیانیاندا یان لە کارەکانیاندا ئەنجامیانداوە. هەموو کەسێکی سەرکەوتوو بازیداوە! ئەوان هیوا و خەونیان هەبووە و دلێرانە بازیانداوە بەئاڕاستەی هیوا و خەونەکانیان. ئەگەر دەخوازیت لە ژیانتدا کەسێکی مەزن بیت، لەکۆتاییدا پێویستە بازبدەیت. تۆ ناتوانیت تەنها بە بوونت لەم ژیانەدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی



Scanned with CamScanner

بەختەوەری بەدەست بهێنیت. بەڵكو پێویستە چێژ لە سات بە ساتی ژیانت وەربگریت، وەك ئەوەی ئەوە دوایین ساتی ژیانت بێت، تاوەكو ژیانێكی خۆشگوزەران بەدەست بهێنیت. ئەگەر تۆ كاتێك هەڵدەستیت لە خەو و پێتوایە ژیانت زۆر زیاترە لەوەی كە هەیە، بێگومان باوەڕت هەبێت كە وایە. پێویستە بەڕاستی باوەڕت بە دڵت بێت كە وایە. بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانە پڕ بەختەوەری و خۆشگوزەرانییە، پێویستە بازبدەیت.

كاتێك خودا هەموومانی دروستكرد، بەهرەیەكی بە تاك بە تاكمان بەخشی. خودا هیچ مرۆڤێكی دروستنەكردووە بەهرەیەكی پێ نەبەخشیبێت. تكایە وابیرمەكەرەوە كە بەهرەكەت تەنها بەهرەیەكە لە بواری ڕاكردن، بازدان، گۆرانی گوتن، یان سەماكردندا. بەهرەكەت زۆر لەوە زیاترە. ئەگەر لە بواری (نێت ۆرك)دا شارەزا بیت و بتوانیت خاڵەكان بەیەك بگەیەنیت، ئەگەر نیگار بكێشیت، ئەگەر وانە بڵێیتەوە، ئەگەر لە هەموو كەس باشتر مریشك سوربكەیتەوە، ئەگەر بتوانیت كێك دروست بكەیت، ئەگەر بتوانیت قژ ببڕیت، ئەگەر بتوانیت قژ ڕەنگ بكەیت، یان بتوانیت چیمەن ببڕیت، ئەوە بەهرەی تۆیە.

هاوڕێیەكم هەبوو هەرگیز نەیدەویست تا درەنگانی شەو كات بەسەر ببات. من و هاوڕێكانم پێمان دەگوت: "كابرا، با تا درەنگ كات بەسەر ببەین." ئەو دەیگوت: "نا، دەمەوێت سبەینێ زوو هەستم و چیمەنەكەی خاتوو جۆنسن ببڕم." ئێمە بەردەوام بەو پیاوە

پێدەکەنین کە تەنها دەیویست چیمەن ببڕێت. ئێستا کۆمپانیایەکی جوانکاری باخچەی هەیە لە کلیڤلاند کە نرخەکەی دەگاتە ٤ ملیۆن دۆلار. هەموو ئەوەی دەیکات تەنها چیمەن بڕینە. بەڵام بەهرەمەندە لەو بوارەدا. هاوڕێیەکی دیکەم هەیە کاری شتن و چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل دەکات و ساڵی ۸۰۰ هەزار دۆلار پەیدا دەکات. شەش ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری بۆ ئەم بازرگانییە تەرخان کردووە، لە هەر شوێنێك پێویستت بێت، دێت و کاری پێویست بۆ ئۆتۆمبێلەکەت ئەنجام دەدات. ئەمە بەهرەی ئەوە و پێی خۆشە بەم شێوەیە بێت. تۆش بەهرەکەی خۆت دیاری بکە!

وادابنێ لە کەندەلانی ژیاندا وەستاویت و دەبینیت خەڵکی بەرز دەفڕن و بەلاتدا تێدەپەڕن، دەچن بۆ شوێنە دڵڕفێنەکان – یان ڕەنگە دراوسێکەی لای سەرەوەی شەقامەکەت هەموو دوو ساڵ جارێك ئۆتۆمبێلێکی نوێ بکڕێت، و تۆش بیربکەیتەوە: "ئەوە چۆن دەیکڕێت؟" ئایا لەو ساتانەدا وەستاویت و بڵێیت: "ڕەنگە ئەم کەسە بەهرەکەی خۆی دیاری کردبێت" یان "ڕەنگە ئەو چێژ لە بەهرەکەی خۆی وەربگرێت"؟ ئینجیل دەڵێت: "بەهرەی مرۆڤ ڕێگای بۆ خۆش دەکات." دەڵێت بەهرەکەت نەك خوێندنەکەت. گەلێ کەس دەناسم بڕوانامەیان هەیە و کەڵکیان پێناگەیەنێت. دەتوانیت بڕۆیت بخوێنیت. بێگومان دەتەوێت خوێندەوار بیت، بەڵام خوێندنەکەت تەنها دەتگەیەنێتە ئەم ئاستەی ئێستات.



Scanned with CamScanner

تاکە ڕێگا بۆ تۆ تاوەکو بفڕێت، ئەوەیە بازبدەیت. پێویستە ئەو بەهرەیە دەربهێنیت کە لە جانتا کۆڵە پشتەکەتدا هەڵگیراوە، لە کەندەڵانەکەوە بازبدەیت و گوریسەکە ڕابکێشیت. ئەگەر هەرگیز ئەو گوریسە بەکارنەهێنیت، ئەوا تۆ بەتەواوی دەبیت بە کرێکارێك. ڕۆژەکانی ژیانت دەبن بە ڕۆتین. وە ئومێدەواریت پارەی پێویستت هەبێت تا پارەی پسوڵەی خزمەتگوزارییەکان بدەیت. ئایا دەتەوێت ئەم شێوەیە بژیت؟ ئەگەر هەموو بەیانییەك هەستیت لە خەو و بچیت بۆ کارێك کە ڕقت لێیەتی، ئەوە گوزەران نیە، تۆ تەنها زیندوو دەمێنیت. هەندێجار پێویستە چێژی لە ژیان ببینیت. تەنها ڕێگا بۆ ئەوەی بزانیت ژیان چۆنە و چێژی لێ وەربگریت، ئەوەیە بازبدەیت.

کاتێك یەکەمجار بازدەدەیت یەکسەر پەرەشووتەکەت ناکرێتەوە. خۆزگە توانیبام پێت بڵێم دەکرێتەوە، بەڵام ناکرێتەوە. کە خۆت هەڵدەدەیت، دەکێشیت بە هەندێك بەرددا و پێستت بریندار دەبێت، ڕەنگە چەند پارچەیەك لە پۆشاکەکەشت بدڕێت. هەندێك برین لەسەر جەستەت دروست دەبن کە ڕەنگە بەخراپی خوێنیان لێ بڕوات. بەڵام لەکۆتاییدا پەرەشووتەکە دەکرێتەوە. ئەوە بەڵێنێکە لە خوداوە. ئەوە بیردۆز نیە - بەڵکو بەڵێنە. دەتوانیت ناوی شتێك بڵێیت کە خودا تۆی دەرباز نەکردبێت لێی؟ بەڕاستی گومانم هەیە لەوە، چونکە ئەگەر پێشتر تۆی دەرباز نەکردبێت، ئەوا هەر ئێستا دەربازت دەکات، خۆت نمونەی زیندوویت بۆ ئەمە، چونکە هەناسە دەدەیت. ئەگەر خودا تۆی دەرباز نەکردبایە، ئێستا لێرە نەدەبوویت. من دڵنیاییت پێدەدەم کە پەرەشووتەکەت دەکرێتەوە. بەڵام دەبێت

بازیـدەیت و بزانیـت چـەندە بـەرز دەفڕیـت. دەتوانیـت بـۆ هەمیـشە لەسەر ئەو کەندەلآنـە بوەسـتیت و سـەلامەت بیـت. دەتوانیـت خـۆت بپارێزیـت لـە بـرین و ئەسـرین. ئەگـەر بازنـەدەیت، بـەڵێنێکی دیکـەم هەیە: پەڕەشووتەکەت هـەرگیز ناکرێتـەوە. هـەرگیز نازانیـت خـودا چ مەزنییەکی لە هەگبەدا بۆ هەڵگرتوویت. ئەو بەڵێنی ژیانێکی نایابی بە تۆ داوە. ئینجیل دەڵێت خـودا ژیانـت پـێ دەبەخـشێت، ژیـانێکی زۆر خۆشگوزەران. ئەگەر من بوومایە لەجیاتی تۆ، بازم دەدا. ئەوە تەنها ڕێگایە بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانە پـڕ بەخشـشە. دەبێـت بازبـدەیت. پێویستە سەرکەشییەك ئەنجام بدەیت، ئەگەر نا ژیانت چەقبەستووتر دەبێت.

پـاش ئـەوەی گوێتـان لـەم وتانـە دەبێـت، و ئـەم بینایـە بـەجێ دەهـێڵن، هەنـدێکتان لـە ئۆتۆمبێلەکـەدا گفتوگـۆ دەکـەن و دەڵـێن: "باشە، من پـسوڵەی خزمەتگوزارییـەکانم بـۆ هاتووەتـەوە، گـوزەرانم هێندە نییە بتوانم بڕیارێکی چارەنوسـساز بـدەم بەئاڕاسـتەی خـەونی ژیانم." پسوڵەکانت بۆ دێتەوە، یان لەسەر کەندەڵانەکـە دەمێنیتـەوە یـان بازدەدەیـت. ڕەنگـە هەنـدێکتان بڵـێن: "ئەگـەر واز لـە کارەکـەم بهێنم، دەستمایەکەم لەدەست دەدەم." ئەگەر تەنها کارێکت هەبێت، ڕەنگـە بەهـەر شـێوەیەك بێـت بتوانیـت بـژی و مـەمر بـژیت. کەواتـە، تەنانەت ئەگەر باری دارایت باش بێت، ڕەنگە پارەی پێویستت نەبێت تا بەشێوەیەکی شکۆمەندانە بژیت.

من بەتەواوی هانت دەدەم بۆ بینینی ئەوەی کە خودا لە ژیانتـدا پیـشانت دەدات. ئەگــەر بازبــدەیت، متمانــەم پێبکــە، خــودا بــەرز

ڕاتدەگرێت. هێنـدە بـەرزی نەکردوویتـەوە بهێڵێـت بەربیتـەوە. پێش ئەوەی ئەم زەوییـە بـەجێ بهێڵێـت، پـێش ئـەوەی بمریـت، چاکەیەك لەگەڵ خۆت بکە – تەنها بۆ یەکجار بازبدە.

من بـۆ هـەر شـوێنێك بـچم خـەڵکی دێـن بـۆلام و پـێم دەڵێن کە چەندە ڤیدیۆی *بازبدە* گرنگە بۆیان. خاوەنێکی یاریگای گۆڵف هات بۆلام و گوتی: "من ئێستا لـە یانەکەمـدا داوا لـە هـەموو یاریـدەدەرە لاوەکانی یاریزانەکان دەکەم هەموو بەیانییەك تەماشای ئـەم ڤیدیۆیە بکەن. نامەوێت بەوەندە قایل بن کە تەنها یاریدەردەری یـاریزان بن. دەمەوێت بزانن دەتوانن لـەوە زیـاتر بـن." باوکێـك لـە فرۆکـە خانـەدا وەسـتاندمی و گـوتی: "مـن شـەش منـداڵم هەیـە و داوام لێکـردوون تەماشای ڤیدیۆکـەت بکـەن. ئـەوەی تـۆ گوتـت ڕێـك ئەوەیـە کـە من چەندین ساڵە هەوڵمداوە پێیان بڵێم."

بـازدان سەرکێـشییە، بڕیـارێکی چارەنوســسازە بەئاڕاسـتەی خەونەکانت. بازدان بەرەوپێشچوونێکی مەزنە لـە کارەکەتـدا. بـازدان چارەسـەرکردنی کێـشەیەکە لـە پەیوەندییـە کەسـییەکانتدا. بـازدان لـەئامێزگرتنی ئـەو بەرزخوازییەیـە کـە خـودا خـستویەتییە نێـو خەیاڵەکانتەوە و بڕیاردەدەیت لە ژیانتدا بەرجەستەی بکەیت.

چی لە خەیاڵەکانتدا دەبینیت؟ ئایا ئۆتۆمبێلێکی نـوێ دەبینیت کە لەبەردەم ماڵەکەتدا وەستاوە؟ ئایا ئەو خانووە نوێیە دەبینیت کە هەمیشە ویستوتە؟ ئایا خۆت دەبینیت کە دەست دەکەیت بە کارێکی بازرگانی؟ ئایا پیاوی خەونەکانت یان خـانمی خەونـەکانت دەبینیـت؟

ئایـا خـۆت دەبینیـت کـە بڕوانامەکـەت بەدەسـت دەهێنیـت؟ ئایـا منداڵـەکانت دەبینیـت کـە دەچـن بـۆ کۆلێـژ؟ ئایـا خـۆت دەبینیـت، لەکاتێکـدا کـارە هاوبەشـە پـڕ پاڵەپەسـتۆکەت بـەجێ دەهێڵیـت و خواردنگەیەك لەنێو بارهەڵگرێکدا دەکەیتەوە؟ ئایا خۆت دەبینیت ئەو کەش و هـەوا سـاردە بـەجێ دەهێڵیـت کـە تەگـەرە بـۆ تەندروسـتیت دروست دەکات و دەچیت بۆ کەش و هەوایەکی گـەرم؟ ئایـا دەبینیـت منـداڵێك هەڵدەگریتـەوە و دەبیـت بـە بەخێوکـەری؟ هـەر شـتێك لـە خەیاڵتدا بێت، خودا لەبەر هۆکارێك لەخەیاڵتدا دایناوە. تەنها ڕێگە بۆ بەدەستهێنانی خەونەکەت ئەوەیە بازبدەیت.

ئەوەی لە خەیاڵتدا دەیبینیت بەسـتراوە بـە بەهرەکەتـەوە. وەك لە پەرتوکەکـەی پێشوومدا ڕوونم کردووەتـەوە، *وەك سـەرکەوتوویەك ڕەفتار بکە*، *وەك سەرکەوتوویەك بیربکەرەوە*، بەهرەکەت ئەو شـتەیە کە تۆ بە کەمترین کۆشـش و بـە باشـترین شـێوە ئـەنجامی دەدەیت. دۆزینـەوەی بەهرەکـەت و چـۆنیەتی ژیانـت بەوشـێوەیەی کـە خـودا دەیەوێت، هێز و مەبەستی ڕاستەقینەی بازدانە.

... ———————— ...

**ئامادەبیت بۆ بازدان دەرگاکانت بۆ دەکاتەوە.**

**هەموو بازدانێک ژیریت زیاد دەکات و دیدگات فراوان دەکات.**

**ئەو ژیانە نایابەی کە خودا بـۆی ئامادەکردوویـت سـەرمایەیەکت پێدەدات**

**کە هەرگیز بـیرت لێنەکردووەتـەوە، سـەرمایەیەکی بـێ شـومار - هێندە زۆر کە بەشی ئەوانی دیکەشی لێ بدەیت.**

... ———————— ...

خودا دەیەوێت ئەو ژیانەت هەبێت کە خەونی پێوە دەبینیت، ئەگەر وانەبووایە ئەو خەونەی لە بیرتدا نەدەچاند. ئەو تۆی نەخستووەتە سەر ئەم زەوییە تا توشی کێشمەکێش و دەردی سەری ببیت، بەڵکو دەیەوێت بە خواستەکانی دڵت بگەیت. ئامادەییت بۆ بازدان دەرگاکانت بۆ دەکاتەوە. هەموو بازدانێك ژیریت زیاد دەکات و دیدگات فراوان دەکات. ئەو ژیانە نایابەی کە خودا بۆی ئامادەکردوویت سەرمایەیەکت پێدەدات کە هەرگیز بیرت لێنەکردووەتەوە، سەرمایەیەکی بێ شومار - هێندە زۆر کە بەشی ئەوانی دیکەشی لێ بدەیت.

ئەو بازانەی کە من تا ئێستا باسم کردوون بازی گەورەن. بەهەمان شێوە بازە بچوکەکانیش ژیانت بەرەو پێش دەبەن، وەك وازهێنان لە جگەرەکێشان، زیادکردنی پارێزی خۆراك بۆ خشتەی کارەکانت، گرنگیدان بە سیما و شیکپۆشیت، بڕیاردان بۆ ئاخافتن لە کۆڕ و کۆبوونەوە فەرمییەکان، گرنگیدان بە تەندروستیت، ڕێکخستنی شتومەکەکانت، لابردنی کەلوپەلە ناپێویستەکانت، هتد. بازە بچوکەکان، بازە گەورەکەت پێکدەهێنن.

هەندێك لە ئێمە لە بازدان دەترسێن. ئێمە دەترسین چونکە نازانین دەرئەنجامەکەی چی دەبێت. دەزانیت چی؟ هەموو ڕۆژێك کە لە خەو ڕادەبیت، نازانیت ڕۆژەکەت بەچی کۆتایی دێت. ئەوە بەشێکە لە خۆشییەکانی ژیان. وە ئەگەر هەموو ڕۆژێك لە دەستپێکی ڕۆژەکەتدا هەست بە خۆشی نەکەیت، بەدڵنیاییەوە پێویستە

بازبدەیت. یەك چرکەش وابیرمەکەرەوە کە کەسە سەرکەوتووەکان ترسیان نییە. من ترسم هەیە بەتایبەتی لەو کاتەوەی کە خێزان و کارم هەیە، و دەبێت ئاگام لە ئەوانیش بێت. بەڵام من ترس لە ئامێز دەگرم، چونکە لەلای من ترس ئاماژەی ئەوەیە کە خودا بانگم دەکات بۆ ئەنجامدانی شتێکی گەورەتر. بەمانایەکی دیکە، باوەڕەکەم ترسەکەم دەڕەوێنێتەوە. من هیچ ترسێکم نیە لە خەونەکانم گەورەتر بێت. سوپاسی ترسەکەت بکە و بۆ پێشەوە بەردەوامبە. ترس پێت دەڵێت ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بهێنیت شایەنی ئەوەیە ژیانی ئێستاتی بۆ بخەیتە مەترسییەوە.

هەرکە بازتدا، خودا لەو شوێنە هەڵتدەگرێت و لە شوێنێك داتدەنێت چەندین وانەی گرنگ فێربیبیت و ئامادەبیت بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانت – بازی داهاتووت. هەروەها بەدرێژایی ژیانت بەخششی بێ شومارت پێدەبەخشێت. کە ئەوە دەزانیت، بۆچی بازنادەیت؟

ئەگەر من پێشتر لە ژیانی خۆمدا چەندین بازی گەورەم نەدابا، ئەوا ئێستا هەرگیز پێم نەدەگوتیت بازبدە، بڕیاری چارەنوسساز بدە و ژیانی ئێستات بخەرە مەترسییەوە. خودا خەونێکی پێدام بۆ ژیانم، ئەویش ئەوەبوو ببم بە کەسایەتیەکی تەلەفزیۆنی. بۆ گەیشتن بەو خەونە، دەرکردنم لە کۆلێژ و وازهێنانم لە کارەکەم و بێ لانەبوونم بۆ ماوەی سێ ساڵ و دووجار جیابوونەوە لە هاوسەر و وەرگرتنی قەرزێکی زۆر لە دامەزراوەی باج بەهۆی ئامۆژگاری هەڵەوە، بوون بە



Scanned with CamScanner

بەشێك لـە ژیـانم. بـۆ چارەسـەركردنی هەریەكـە لـەم نوشوستییانە، بژاردەی بازدانم هەڵبژاردووە و بەردەوام بازمداوە. جێهێشتنی كارێكی بـێ داهـاتوو و گرتنەبـەری ڕێگایـەكی دی تـاوەكو بـبم بـە كەسـێكی قۆشمەچی، خۆخستنە نێو مەترسییەكی كوێرانە نـەبوو، بـەڵكو ئـەوە بازێكی پێویست بوو بۆ من تا چێژ لەو بەخششانەی ژیان وەربگرم كە خودا بۆی دانابووم. ئێستا لە ڕۆژدا كات بەشم ناكات تا بەنێو هـەموو ئەو دەرگایانەدا بڕۆم كە خودا دەیانكاتەوە. تەنها ڕێگەیەك بۆ تـۆ تـا ژیانێكی پڕ بەخشش هەبێت، ئەوەیە لەو كەندەلآنانە دووربكەویتەوە و بەردەوام بیت لە بازدان.

هـــەموو ئەوانـــەی دەیانناســـم دەڵـــێن دەیانـــەوێت بـــەختیار و سەركەوتووبن. تەنها جیاوازی نێوان تۆ و ئەو كەسە سـەركەوتووانەی لە ژیانی ڕۆژانەتـدا دەیانبینیـت ئەوەیـە ئـەوان بازیانـداوە. تـۆ تـەنها كەسیت كە دەتوانیت خەونەكانت لـە ڕەفەكـەت بهێنیتـە خـوارەوە و بیانكـەیت بـە ڕاسـتی. تـۆ تـەنها كەسـیت كـە دەتوانیـت *مـن نـاتوانم* بگۆڕیـت بـۆ *مـن دەتـوانم*. دەتوانیـت دابنیـشیت و ببینیـت سـاڵەكان دەگـوزەرێن و خەونـەكانت بـەدی نـەهاتوون، یـان دەتوانیـت هـەلێك بقۆزیتەوە و بەجۆرێك بژیت وەك ئەوەی پێشتر نەژیابیت.

*بازبدە* بەڵگەیەكە بۆ ئەوەی خودا لە ژیانمدا ئەنجامی داوە و زۆر دڵنیام لە ژیانی تۆشـدا ئـەنجامی دەدات. ئەگـەر مـن توانیومـە ژیـانم بگـۆڕم و لـە ژیـان لـەنێو ئۆتۆمبێلەكەمـەوە بـبم بـە كەسـایەتییەكی تەلەڤزیۆنی، ئەوا پێشبینی ناكرێت خودا چ بەخشـشێكی لـە هەگبـەدا بۆ هەڵگرتوویت. دەبێت ژیانت زۆر لـەوە زیـاتر بێـت كـە بـژی و مـەمر بژیت و هیواداربیت لە داهاتوودا كەمێك پاشەكەوت بكەیت.



Scanned with CamScanner

هیچ دڵنیاییەك لەوەدا نییە كە ژیان و خەونەكانت بخەیتە نێو دەستەكانی كەسێكی تر. چارەنووست تەنها هی خۆتە. ئەگەر دڵشاد نیت، ئەی چاوەڕێی چیت؟ ژیانت تەنها كاتێك دەكرێتەوە كە بژاردەی بازدان هەڵبژێریت.

پێویست ناكات چاوەڕێ بیت تا سەرمایە كۆبكەیتەوە ئینجا بازبدەیت. پێویست ناكات چاوەڕێ بیت تا دە پاوەند لە كێشت دابەزێنیت ئینجا بازبدەیت. پێویست ناكات چاوەڕێ بیت تا منداڵەكانت خوێندن تەواو دەكەن ئینجا بازبدەیت. من دڵنیات دەكەمەوە كە منداڵەكانت زیاتر شانازی دەكەن ئەگەر تۆ ژیانێك بژیت بەختەوەری بێت. چیدی چاوەڕێی كاتی تەواو و بێ كەم و كوڕی مەبە. كاتی تەواو و بێ كەم و كوڕی بۆ بازدان، هەمیشە ئێستایە. باشترین ڕۆژ بۆ دەستپێكردنی ژیانە نوێیەكەت ئەمڕۆیە. كەسانێك ئێستا لە گۆڕەكانیاندا ڕاكشاون كە هیواخوازبوون تەنها یەك ڕۆژی دیكەیان هەبێت بۆ بەكارهێنانی ئەو بەهرەیەی كە هەیانبوو. ئەگەر تۆ تەندروستیت و هەناسە دەدەیت، ئەوە مانای وایە خودا بەخششی زیاتری بۆت هەیە. تەنانەت ئەگەر شتێك بۆ جاری یەكەم، دووەم، سێیەم، یان تەنانەت چوارەم تاقیبكەیتەوە و بەوشێوەیە نەبێت كە پلانت بۆ دانابوو، پێویستە بەردەوام بیت لە بازدان. خودا هەموو ڕۆژێك هەلی دووەم دەبەخشێت. تۆ كەی واز لە چاوەڕوانی دەهێنیت و ئەو هەلە دەقۆزیتەوە؟



Scanned with CamScanner

ژیانێکی پڕ بەخشش چاوەڕێت دەکات. ئـەو کـارەی کـە خـەونت پێـوە دەبـینی لەلایەکـەی دیکـەی بازەکەتەوەیـە. ئـەو کۆشـکە گەورەیـەی کـە هەمیـشە دەتویـست، ئەگـەر بازبـدەیت بەدەسـتی دەهێنیت. ئەو بازرگانییەی کە هەمیشە دەتویـست، ئەگـەر بازبدەیت دەرگاکانیت بۆ دەکرێنەوە. تەنها یەك ڕێگـا هەیـە بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو ژیانەی کە خودا بۆی داناویت – پێویستە بازبدەیت.



Scanned with CamScanner

# 1

# هیچ وانەیەک وەک وانەی شکست نیە

Scanned with CamScanner

**گەشبین بە کاتێک توشی تەنگانە دەبێت.**

**تەنگانە پێویستە بۆ دیاریکردنی خەونەکەت.**

**وانەگەلێک لە شکستدا هەن. هیچ وانەیەک وەک وانەی شکست نیە.**

**ئەگەر ژیان وەک زنجیرەیەک هەوراز و نشێو پەسەند بکەیت، ئەوا سەختی و ناخۆشییەکان دەبەزێنیت.**

**لەکاتی تەنگانەدا نابێت دەستەپاچە ببیت و سەرت کزبکەیت. شکستەکان دەتکەن بەو کەسەی کە هەیت.**

دایکم، تا پۆلی سێی بنـەڕەتی خوێنـد، بـاوکمی فێـری نوسـین و خوێندنـەوە کـرد. بـاوکم بـۆ کۆمپانیایـەکی بیناسـازی کـاری دەکـرد. زۆرجار من و براکانم یاریـدەی باوکمـان دەدا لـە شـوێنی کارەکەیدا. بـەڵام کـارکردن بەدرێـژایی ڕۆژ و بـە دەسـتەکانم، ئەنجامـدانی کـاری تاقـەت پـڕوقێن، هەنـدێجار لـەژێر هـەتاوی سـوتێنەر یـان سـەرما و سەهۆڵبەندان، کاری من نەبوو.

ئەگـەر کـارم نـەکردبا یـان نەچـووبام بـۆ قوتابخانـە، لەگـەڵ هاوڕێکانم کاتم بەسەر دەبرد – ڕیکاردۆ، مانی، بەچ، ئێڵ، لیڵ جۆن، جیـل، بیگـی ویـگ. هـەموومان لـە هـەمان قوتابخانـە دەمانخوێنـد:



Scanned with CamScanner

قوتابخانەی (پارك ود)ی بنـەڕەتی، پاشـان قوتابخانـەی (گلێنڤیـلّ)ی ئامـادەیی. کاتێـك ڕیکـاردۆ گـوتی ئـەوان دەچـن بـۆ کۆلێـژی (کێنـت ستەیت)، منیش بڕیارمدا بچم، وە داواکاریم پێشکەش کرد.

کاتێـك بـە دایکـم گـوت دەمـەوێت بـچم بـۆ کۆلێـژ، ئـەو گـوتی: "ڕۆڵە، تۆ دەبیت بە شت." ئەو دەنگە پـڕ متمانەیـەی هـەموو شـتێك بـوو بـۆ مـن. زۆر گـرنگ بـوو بـۆ مـن کـە لـە کۆلێـژی کێنـت سـتەیت وەربگیرێم. من یەکەم کەسی خێزانەکەم بووم دەچوومە کۆلێژ.

ڕۆیشتن بۆ کۆلێژی کێنت زۆر خۆش بوو. مـن هـەرگیز لـە دووری خێزانەکەم نەژیابووم، وە ژیان لەگـەڵ کۆمـەڵێك کەسـدا کـە وەك مـن نەبوون زۆر شتی نوێی پیّ ئاشناکردم. ئەزموونێکی زۆرم کۆکردەوە و فێربووم کە جیهان زۆر لە شەقامی ۱۱۲ی کلیڤلاند گەورەترە.

ڕۆژێکیان بۆ سەردان گەڕابوومەوە بۆ ماڵەوە. دایکم بانگی کـردم بۆ چێشتخانەکە و لەسەرمێزێك دانیشتم. نامەیەکی بـۆ خوێندمـەوە کـە لە کۆلێژەکەمەوە بەدەستی گەیشتبوو. من لـە زانکـۆی کێنـت سـەیت دەرکرابـووم. بەڕاسـتی ئـەوە سەرسـامی کـردم، بـەڵام پێموانـەبوو بیانەوێت بەوشێوەیە فرێم بدەنـە دەرەوە! مـن وا ڕاهـاتبووم ئەگـەر ڕۆژێك بەباشی وانەکانم ئامادە نەکردایە نەدەچوومە پۆلـەوە تـا خـۆم بپارێزم لە کەوتن. دەرکەوت بەم کارەم وانەی پێویستم نەخوێنـدووە. هەر لەوێدا دانیشتم و لەگەڵ دایکمدا دەستم کرد بەگریان.

ئەم چیرۆکەت بۆ دەگێڕمـەوە چـونکە ئەگـەر پێـشتر نـەتزانیوە، ئـەوا بەمزوانـە فێردەبیـت کـە ژیـان وشـەیەکی چـوار پیتییـە. ڕۆژێـك

گەشت و گوزار دەکەیت و هەموو شتێك بەباشی تێدەپەڕێت، پاشان ڕۆژی دواتر کارەکەت لەدەست دەدەیت، بۆت دەردەکەوێت کێشەیەکی تەندروستی ئەوتۆت هەیە، لە خانووەکەت دەردەکرێیت، یان لەناکاو کەسێکی ئازیزت لەدەست دەدەیت. ئەوە بەشێکە لە ژیان. هیچ ڕێگایەك نیە بۆ دەربازبوون لەم ژیانەی کە دەبێت هەندێ کات لەنێو دۆڵێکی قوڵ یان شوێنێکی تاریکدا ژیان بگوزەرێنیت. بەڵام ئەمە کاتی وازهێنان نیە. ئەمە کاتی ئەوەیە تێبگەیت کە خودا دەیەوێت ڕێنوێنیت بکات بۆ گەیشتن بە مەبەست و بەهرەکەت.

...________________...

هیچ ڕێگایەك نیە بۆ دەربازبوون لەم ژیانەی کە دەبێت هەندێ کات لەنێو دۆڵێکی قوڵ یان شوێنێکی تاریکدا ژیان بگوزەرێنیت. بەڵام ئەمە کاتی وازهێنان نیە. ئەمە کاتی ئەوەیە تێبگەیت کە خودا دەیەوێت ڕێنوێنیت بکات بۆ گەیشتن بە مەبەست و بەهرەکەت.

...________________...

تەنگانە لە بەرژەوەندی خۆت بەکاربهێنە. ڕێگە مەدە بتوەستێنێت. لەبری ئەوە، ڕێگە بدە بتبات بۆ قۆناغی داهاتوو. ڕێگە بدە ئەو شتانەت فێربکات کە پێویستە بیانزانیت تا بگەیتە قۆناغی داهاتوو.

باوکم هەمیشە دەیگوت: "هیچ وانەیەك وەك وانەی شکست نیە." من تەمەنم نۆزدە ساڵ بوو و بەهۆی دەرکردنمەوە لە کۆلێژ،

شکستم خواردبوو. زۆرێک لە هاوڕێکانی قوتابخانەم بە کەسێکی بەدفەڕ ناوزەندیان دەکردم. یەکێکیان گوتی: "کوڕە، تۆ ناتوانیت هیچ تەواو بکەیت." هەندێکی دیکەیان بەڕاشکاوی پێیان وابوو من کەسێکی تەمەڵ و هیچم. شکستێکی لەو جۆرە لە تەمەنی هەرزەکاریدا زۆر سەخت بوو. ئەگەر وریانەبوومایە ئەو شکستە پاشماوەی ژیانمی دەتەند.

گرنگترین شت بۆ من ئەوەیە کە بەخێرایی هەوڵ بدەم لەم تاریکاییەدا، تروسکایی ڕوناکی بدۆزمەوە. گرنگ نیە چیم بەسەر دێت، گرنگ ئەوەیە تروسکاییەك بدۆزمەوە. ڕەنگە ئێستا ئەو تروسکاییە نەدۆزمەوە، بەڵام من هەمیشە گەشبینم. من باروبۆخەکەم بەم شێوەیە لێکدەدایەوە: "من لە کۆلێژدا شکستم خوارد – دڵنیام هۆکارێك هەیە. ئایا دەتوانم چی لەمە فێرببم؟ ئایا دەتوانم چی لەمە بەدەست بهێنم؟"

من هیچ کەسێکی سەرکەوتوو ناناسم کە شکستی نەچەشتبێت. ڕەنگە بەبێ ئەو شکستانە، ئەو کەسانە نەبوونایە کە ئێستا هەن یان لەو شوێنانە نەبوونایە کە ئێستا هەن. شکستەکان دەتکەن بەوەی کە هەیت، هێزی سەرکەوتنت نیشان دەدەن. یارمەتیت دەدەن باوەڕت بەخۆت بێت. لەکاتی تەنگانەدا نابێت بە دەستەوسانی و سەرکزی دابنیشیت. کۆڵمەدە لە خەونەکانت، ژیان وەك زنجیرەیەك هەوراز و نشێو قبوڵ بکە، بەسەر کۆسپەکاندا زاڵ دەبیت.



Scanned with CamScanner

کاتێك کەسە سەرکوتووەکان توشی تەنگانەیەك دەبن، بەخێرایی دەیخەنە نـاو ئاوێنـەی ناوەڕاسـتی ئۆتۆمبێلەکانیانـەوە و بـە دیدێکی نوێوە و لە گۆشەنیگایەکی جیاوازەوە لێی دەڕوانن. با سەرنج بدەینە دەست لە کار کێشانەوەی ئـەم بازرگانـە. دوو خاوەنکاری هاوبەش، هەرکەیان لەلای خۆیەوە و بـە نهێنی بەشـێوازی بـەڕێوەبردنی ئـەوی دی ڕازی نـەبوو. ئـەم دووبەرەکییـەیان بـوو بـە هـۆی پـەرتبوون و دووکـەرتبوونی کۆمپانیاکـە. یـەکێکیان بڕیاریـدا بـڕوات. ڕەنگـە بـەم شێوەیە دۆخەکەمان بۆ باس بکات: "من بەدرێژایی بیست سـاڵی زۆر باش لەگەڵ بۆب کارم کـرد، کـە مێـشکێکی بازرگـانی مـەزنی هـەبوو. گەلێك فێربووم لە کارکردن بۆ ئەم دەزگا نایابە، هەروەها لە ئەزموون و دانایی بازرگانی بۆب. لەگەڵ ئەوەشدا، من بڕیارمدا کارەکەم بگۆڕم و بـە ئـەزموونی بـەنرخی ئـەو هـەموو سـاڵەم کۆمپانیایـەکی نـوێ دابمەزرێنم."

تەنگ و چەڵەمەکان لە ئاوێنەی ناوەڕاستی ئۆتۆمبێلەکەتدا دابنێ و فەرامۆشیان بکە. بە ڕامان لـە خاڵـە ئەرێنییـەکان، بارودۆخەکـە بـۆ بەرژەوەندی خۆت بگونجێنە. ناڕەزایی دەرمەبڕە گوایە بۆب خراپـەی لەگەڵ کردوویت، لەبری ئەوە، سەرنجت بخە سەر هەموو ئەو شتانەی کە لە کۆمپانیاکە فێربوویـت، هـەروەها سـەرنجت بخـە سـەر شـێوازی بـەکارهێنانی ئـەو زانیارییانـە بـۆ بـەرەوپێش چـوونی خـۆت. جـامی پێشەوەی ئۆتۆمبێلەکەت گەورەیە. ئاوێنەکەی ناوەڕاسـتیش بـچوکە. هۆکارێك هەیە بـۆ ئـەوە، ئـەویش ئەوەیـە: تـۆ ناتوانیـت بـۆ پێـشەوە



Scanned with CamScanner

بناژویت و تەماشای ئاوێنەی ناوەڕاست بکەیت. ئەگەر وابکەیت توشی پێکدادان دەبیت! جامە گەورەکە بۆ خەونە گەورەکانت بەکاربهێنە تا ژیانت بەرەوپێش بچێت.

کاتێك (کێنت ستەیت)م بەجێ هێشت، ئەوەی لە توانامدابوو کردم بۆئەوەی ئەم شکستە لە پێشفەچوون ڕامنەگرێت. هێشتا باوەڕم وایە کە من چەندین بژاردەم لە بەردەستدابوو. لانی کەم ماڵێك هەبوو تێیدا بژم، و دایك و باوکم هەبوو. بازێکمدا و لە کۆمپانیای ئۆتۆمبێلی فۆرد کارێکم دەستکەوت. بە موچەی ١٣,٥٠ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێك، دەستبەکار بووم و کاتی زیادەش کارم دەکرد و دەیکردە ٢٧ دۆلار بۆ هەر کاتژمێرێك. ساڵی ١٩٧٧ بوو و ئەو پارەیە بڕێکی باش بوو. فۆرد هەلێکی پێدام ئۆتۆمبێلێك بکڕم و دەستگیرۆیی دایك و باوکم بکەم. کەواتە کۆڵمەدە، هاوڕێ. من لە خوێندکاری زانکۆوە کە هیچ داهاتێکم نەبوو، خولەکێك پاشتر، بووم بە کرێکارێکی کۆمپانیای ئۆتۆمبێل و داهاتێکی باشم هەبوو!

پێموایە ئەوە یەکەمین جار بوو بۆم دەربکەوێت کێشمەکێشم و خۆشگوزەرانی پێکەوە بەستراون. دەردی سەری بەخشش لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت. ئەوە بووە بە ئەزموون بۆم کە کاتێك چێژ لە بەخشش دەبینیت، ئەگەر ململانێ و سەختی لەگەڵدا بێت. گەشەکردن بە کێشمەکێشم و خۆشگوزەرانی دەبێت. هەموو کەسێکی سەرکەوتوو پێت دەڵێت تا سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنیت بەرپرسیارێتی و تەنگانە و دەردی سەریت زیاتر دەبێت. ئەگەر



Scanned with CamScanner

بەتەمایت زیاتر بەدەست بهێنیت و زیاتر سەرکەوتوو بیت، دەبێت هەنگاوی زیاتر بنێیت. ئەوە بەشێکە لە ژیان.

ئەو ڕاستییەی کە من چیدی خوێندکاری زانکۆ نەبووم لە ناخەوە زویری کردم. بەڕاستی زویری کردم، بەڵام من هەمیشە سەرنجم لەسەر لایەنە ڕۆشنەکەی بوو. من کارم دەکرد و هەندێك پارەم هەبوو. کارکردن ئەرێنی بوو و شتێك بوو کە دەمتوانی ژیانی لەسەر بنیات بنێم. ناوبەناو لە کۆتایی هەفتەکاندا سەردانی هاوڕێکانم دەکرد لە کێنت ستەیت. پارەم بەقەرز پێدەدان بۆ کڕینی غاز و کتێب و خوادەمەنی و هەرشتێك کە پێویستبایە. هەروەها بانگێشتم دەکردن بۆ نانخواردن. سەردانەکانی من ببوو بە پرشنگی هیوا بۆیان. منیش شانم دایە بەر کەساسییەکەم و تروسکایی هیوام دۆزییەوە.

هێشتاش پێکەوە کاتمان بەسەر دەبرد، بەڵام تاکە جیاوازی ئەوە بوو ئەوان دەیانتوانی لە کۆتایی هەفتەکاندا کات بەسەر ببەن و لە خوێندنیشدا سەرکەوتووبن. دەمبینی ژیانیان بەرەوپێش دەچوو. ئەوان نەخشەی داهاتوویان کێشابوو، بەڵام من لە پەراوێزدا دانیشتبووم. لە خۆمم پرسی بۆچی من جیاوازم. بۆچی لە زانکۆ دەرکرام؟ وادەردەکەوت هەموومان هەمان ئاستی زیرەکیمان هەبێت. هەموومان لە هەمان زانکۆ وەرگیراین، هەموومان پێکەوە لە کۆتایی هەفتەکاندا کاتمان بەسەردەبرد. ئەم پرسیارە بۆ ماوەیەك بێزاری کردم تاوەکو بۆم دەرکەوت کە من بەدڵ پەرۆشی خوێندن نەبووم. ئاشکرابوو کە من بە تەواوی بیرم لەمە نەکردبووەوە. بڕوانامەیەکی



Scanned with CamScanner

بانگەشـەی بازرگـانی بـەهیچ کلۆجێـك مـنی لـە خـەونی بـوون بـە کەسایەتی تەلەڤزیۆنی نزیك نەدەکردەوە. ڕۆیشتن بـۆ کۆلێـژ خـەونی من نەبوو. کاتێك لەمە تێگەیشتم، توانیم بەئاسانی "شکست" بخەمـە نێو ئاوێنەی ناوەڕاست و چیدی سەرنجی نەدەم.

دوو سـاڵ دواتـر هاوڕێکـانم کۆلێـژیان تـەواوکرد. هەرچـەندە شکستەکەم فەرامۆش کردبوو، هێشتا تاڕادەیـەك ئـازارم دەچەشت و شەرمەزاربووم کە خوێندنەکەم تەواونەکردووە. لەوەش خراپتر، فـۆرد دەسـتی کـرد بـە دەرکردنـی کرێکارەکـان و داخـستنی کارگـەکان. هاوڕێکانم خوێندنیان تەواو دەکرد و منـیش لـە کـار دەردەکرام. لـەو قۆناغەی ژیانمدا نەمدەویست بازبدەم. بەڵکو بـەبێ ئاگـایی هەڵدرامـە کەندەڵانەکەوە. جارێکی دیکە ڕۆشنایی هیوام تاریکبوو. پێویست بوو هەوڵ بدەم دەرەتانێك بدۆزمەوە.

کاتێك تروسکایی ڕوناکیم لە کۆمپانیای فـۆرد خـامۆش بـوو، زۆر ئاسـان بـوو بـیری نـەرێنی بـە مێـشکمدا گـوزەر بکـات. ئـەوەی کـە بەرەوپێـشی دەبـردم ئـەم بیرکردنەوەیـە بـوو: "دواتـر چـی؟" دوای ئـەوەی کـە لـە کۆمپانیـای فـۆرد دەرکـرام ویـستم هەمووشـتێك تـاقی بکەمەوە. لە کۆمپانیای ئاموەی ناوی خۆم تۆمار کـرد. کەسـێك پێـی گوتم دەتوانم کاری گەیاندن و پەخشکردنی ئەڵماس بکەم. ئەو کـارەم کرد. بەرهەمەکانی دابەزاندنی کێشی (دیك گریگۆری)م فرۆشت. نـاوی خۆم تۆمـار کـرد بـۆ فرۆشـتنی بەرهەمـەکانی کۆمپانیـای شـاکلی. لـە کۆمپانیای بیمەی ئەی ئێلێ ولیامز کارم کرد. ئەگەر تۆش پێـت وتبـام دەتوانم لە شوێنێك پارە پەیدا بکەم، بێگومان دەچووم. مـن بازمـدا.



Scanned with CamScanner

بەلامـەوە گـرنگ نـەبوو چـی ڕوودەدات. دەمویـست بـەخێرایی لـەو کەندەلانە ڕزگارم ببێت. ئەگەر نەمتوانی بێت سابوون بفرۆشم، کێشە نەبوو. زیاتر و زیاتر و زیـاتر بازمـدا. وەك ئـەوە وابـوو بازبدەمـە نێو چـاڵێکی بـێ بنـەوە. سـەرئەنجامەکەیم بـەلاوە گـرنگ نـەبوو. تـەنها بەوهیوایە بازمدەدا کە بتوانم سـەرکەوتوو بم. هەرچـەندە لـەو کاتـەدا نەمدەزانی، من ئامـادەبووم بـۆ ئـەوەی کـە خـودا بـۆی هـەلگرتبووم. کارکردن لە کۆمپانیای فۆرد هەنـدێك پـارەی پێبەخـشی بـووم، بـەلام دەمزانی ئەوە پەیوەندی نیە بـە بەهرەکەمـەوە. ئـەو کـارە دوور بـوو لەوەی کە خودا دەیویست ئەنجامی بـدەم. ئـەو سـاتەی نێـو دۆڵەکە پێویست بوو بۆ من تا لە خاوەندارێتی کاری خۆم نزیك ببمەوە.

ئەمە چیرۆکێکم بیردەخاتەوە کە کەسێك بۆی باسکردم. کوڕێکی لاو چوو بۆ نەخۆشـخانە بـۆ سـەردانی داپـیری. ئـەو زۆر ناسـاغ بـوو. کاتێـك لاوەکـە گەیـشتە نەخۆشـخانەکە، بەئاشـکرا بـۆی دەرکـەوت داپیری خەریکە دەمرێت. ئەو دەستی کرد بە گریـان. داپـیری گوتی: "ئازیزم، من ئامادەم ئەم جیهانە بەجێ بهێڵم."

کوڕەکە گوتی: "داپیرە، تۆ هیچت نیە و باش دەبیـت." داپـیری پێی گوت: "نا، ئازیزم، من لەم نەخۆشخانەیە ناچمە دەرەوە. ئێـستا کاتی مردنمە."

ئەو دەستی کـرد بـە گریـان و کـەمێکی تـر لای داپـیری مایـەوە. پێش ئەوەی بڕوات، داپیری پرسی: "دەزانیت بـاپیرە گـەورەت نـاوی چییە؟"

گوتی: "نەخێر."



Scanned with CamScanner

داپیری پرسی: "دەزانیت بۆچی؟" کوڕەکە سەری ڕاوەشاند.

پاشـان داپـیری گـوتی: "لەبـەر ئـەوەی هـیچ شـتێکی بۆ بـەجێ نەهێشتویت. پـێش ئـەوەی ئـەم جیهانـە بـەجێ بهێڵێـت، دەمـەوێت بەجۆرێك بژیت منداڵی نەوەکانیشت ناوت بزانن."

ئـەم چـیرۆکە کاریگەرییـەکی قـوڵی هـەبوو لەسـەر ژیـانم. دەزانم خودا ویستی مـن گـوێم لـەم وتانـە بێـت. وتـەکانی ئـەو ژنـە ئامـانجی پێبەخشیم. لەو کاتەوەی گوێم لەو وتانە بـووە، ئامـانجی ژیـانم ئـەوە بووە بەشێوەیەك بژیم منداڵی نەوەکانیشم ناوم بزانن. وتەکانی وایـان لێکردم هەمیشە خەونی گەورەم هەبێت و بەردەوام بۆ پێشەوە بـڕۆم، ئەگـەر دەمـەوێت ژیانێـك بـژیم میراتێـك بـەجێ بهـێڵم نـەك تـەنها بـۆ منداڵەکانم بەڵکو بۆ منداڵی نەوەکانیشم.

هـەتاوەکو خـودا بـە بـەردەوامی بـەیانیان بەخەبـەرت بهێنێـت، بێگومان کۆتایی نیە، هەرگیز کۆتایی نیـە. (ئێـستا، ئەگـەر کەسـێکی دی جگە لە خودا بەخەبـەرت دەهێنێـت، دەتوانیـت وامەسـت بکـەیت هەموو شتێك کۆتاییە.) کاتێـك لـە قـوڵایی دۆڵێکـدایت، کـاتی ئەوەیـە شەن و کەوی دەرفەتەکان بکەیت. هەلی ئەوەت هەیە بە داڵانی ژیاندا بگەڕێیت، تاوەکو دەرگایەکی گونجاو بۆ خۆت دەدۆزیتـەوە. تەنانـەت کاتێـك دەرگایـەك بەڕووتـدا دادەخرێـت، مانـای وایـە کـاتی ئەوەیـە دەسـکی دەرگایـەکی تـر تـاقی بکەیتـەوە، ڕەنگـە دانەیـەکی تـر و دانەیەکی تریش. بۆیە من قاچێکم خستە بـەردەم قاچـەکەی دیکـەم و دلێرانە بازمدا. بازمدا بۆ شتێکی تر.



Scanned with CamScanner

کاتێك لە کۆمپانیـایی فـۆرد دەرکـرام، لـە هـەمان کاتـدا هـەزاران کەسـی دی کارەکانیـان لەدەسـتدا. بـۆم دەرکـەوت لەدەسـتدانی کارەکەم پەیوەندی بە من و کەسایەتیمەوە نەبوو و بابەتێکی کەسیی نەبوو. بەڵکو پەیوەندی بە ئابوورییەوە هـەبوو. ئەگـەر لـە کۆمپانیایی فۆرد کارەکەم لەدەست نـەدابا، ڕەنگـە تـا ئـەمڕۆ لـەوێبام و هـەرگیز بەهرەکەمم نەدۆزیبایـەوە و نـەمزانیبا دەتـوانم لـەوە زیـاتر بەدەست بهێنم.

بـە درێـژایی ژیانـت، کاتێـك دەرگایـەك دادەخرێـت، هەمیـشە دەرگایەکی تر هەیـە دەتوانیـت بیکەیتـەوە. لەڕاستیدا، هەنـدێك لـەو دەرگایانە لەلایەن خەڵکییەوە بەڕووتدا دادەخرێن. (زۆر ئاساییە تۆش هــەمان دەرگـا بدەیتــەوە بــە نێوچــاوانیاندا. بێگومــان وابکــە! گاڵتەدەکەم.) هـەموو دەرگایـەك بـۆ تـۆ نیـە. دەتوانیـت کـاتێکی زۆد بەفیڕۆ بدەیت بە قاچ خستنەبەر یان شەق هەڵدان لە دەرگایەك کە بۆ تۆ نیە.

ئەو دەرگایانەی کە خودا بۆت دەکاتـەوە، گـوزەرکردن بەنێویدا سەخت نیە. هەست بەوە دەکەیت کە خودا شـتی گونجاوت لـە کـاتی گونجـاودا پـێ دەبەخـشێت، چـونکە ئاسـان و بـێ کۆشـش دێـن بەدەستەوە. هەروەها، لـەناکاو، وادەردەکـەوێت هـەموو کـەس هانت دەدەن بۆ بەردەوام بوون لەسەر هـەمان ئـەو شـتەی کـە خـودا داوات لێدەکات ئەنجامی بدەیت. ئازایـەتیت هـەبێت بـۆ ڕۆیـشتن بـەنێو ئـەو دەرگایەی کە خودا بەتایبەتی بۆ تـۆی دەکاتـەوە. شـتێك بکـە هانت



Scanned with CamScanner

بدات بۆ دەرچوون لەو ئاسوودەییەی کە ڕێگەنادات هیچ شتێکی نوێ و ماندووکەر تاقی بکەیتەوە. ئامادەبە بۆ بازدان تەنانەت ئەگەر نەشزانیت لەکوێدا دەنیشیتەوە. ژیانت دیارییەکی تایبەتە و تەنها بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێتدراوە. هەندێ کات، دەبێت وازبهێنیت لە ترس و بە باوەڕبەخۆبونەوە لەو کەندەلانە بێیتە دەرەوە. تەنها ئەو کاتە دەتوانیت لە شەقەی باڵ بدەیت.

کاتێك توشی تەنگانەیەك دەبیت، نابێت بە گلەیی کردن کات بەفیڕۆ بدەیت و لە خودا بپرسیت: "بۆچی من؟" ڕێگە مەدە داخستنی دەرگایەك واتلێبکات دەرگای دیکە تاقی نەکەیتەوە.

... ——————————— ...

ئەو دەرگایانەی کە خودا بۆت دەکاتەوە، گوزەرکردن بەنێویدا سەخت نیە.

ئازایەتیت هەبێت بۆ ڕۆیشتن بەنێو ئەو دەرگایەی کە خودا بەتایبەتی

بۆ تۆی دەکاتەوە. . . . ئامادەبە بۆ بازدان تەنانەت ئەگەر نەشزانیت لەکوێدا

دەنیشیتەوە. . . . تەنها ئەو کاتە دەتوانیت لە شەقەی باڵ بدەیت.

... ——————————— ...

مەهێڵە یەك شکست ببێتە هۆی ئەوەی باوەڕنەکەیت هەلی زیاترت هەیە. کێنلێ ساندەز کاتێك تەمەنی شەست و دوو ساڵ بوو، یەکەمین چێشتخانەی مریشکی سورەوەکراوی کینتاکی کردەوە. هیچ کەس باوەڕی نەدەکرد سەرکەوتوو بێت. ئێستا مریشکی



Scanned with CamScanner

سورەوەكراوی كینتاكی نمونە و سەرمەشقی بازرگانییە بۆ هەموو ئەو چێشتخانانەی تر کە مریشك سوردەكەنەوە. بۆچی؟ چونکە كێنل ساندەز كۆڵی نەدا.

دەبێت لە کاتی تەنگانەدا هانا بۆ خودا ببەیت. ئەو سەختییانەی کە ئێستا بەنێویاندا گوزەردەکەیت، لەڕاستیدا یارمەتیت دەدەن تاوەکو ببیت بەو کەسەی کە پێویستە دواتر ببیت، بۆئەوەی سوپاسگوزاری بەخششەکانی داهاتوو بیت. پێویست بوو من بەنێو هەموو ئەو ئەزموونە سەختانەی ژیانمدا تێبپەڕم تاوەکو ببم بەو پیاوەی ئەمڕۆ. ئەگەر لە كێنت ستەیت دەرنەكرابام، ڕەنگە لەو شوێنەی ئەمڕۆ نەبام. بەدەستهێنانی بڕوانامەیەکی بانگەشەی بازرگانی ڕەنگە نەیخستبامە سەر ڕێگای ئەم نیعمەتانەی کە ئەمڕۆ هەمن. وانەگەلی لەم شێوەیە جار لەدوای جار فێریان کردم کە هەر شتێك شایەنی بەدەستهێنان بێت سادە و بێ پێچ و پەنا نیە. تۆش دەتوانیت بە وردبوونەوە لەو دۆخەی پێیدا تێپەڕیویت یان لەو شتەی کە ویستوتە بەدەستی بهێنیت، ڕاستی ئەو وتەیەت بۆ دەربکەوێت.

بۆم دەرکەوتووە کە ژیان زنجیرەیەکە لە نوشوستی. بەڵام دەگونجێك هەر نوشوستییەك دەرفەتێك بێت و بتخاتە شوێنێکەوە تا بەهرەکەت بدۆزیتەوە. نوشوستییەکان کاتیین. هیچ ڕۆحێکی زیندوو نیە پێویست نەکات بگەڕێتەوە بۆ ئاست و پلە و پایەی جارانی پاش ئەوەی کە لە پاڕەوی ژیانی لادەدرێت. ڕەنگە تۆ پێویست بکات زیاتر لە جارێك – دووجار یان دەجار هەوڵی گەڕانەوە بدەیت.



Scanned with CamScanner

له گەشتی ژیانتدا پێویستە باوەڕت وابێت کە ئەو پلانەی خـودا هەیـەتی بـۆت گـەورەترە لـە هـەر پلانێـك کـە تـا ئێـستا توانیوتـە دایبڕێژیت. بەڵام بۆ گەیشتن پێی، پێویستە بە ڕێگایەکی پڕ تەنگانە و دەردی ســـەریدا بڕۆیـــت، بـــەڵام هاوتـــەریب لەگـــەڵ بەخـــشش و خۆشـگوزەرانی. هەنـدێجار ژیـان نـاخۆش دەبێـت. بڕیـاری نادروسـت دەدەیت. شکست دەخۆیت. هیوا لەدەست دەدەیت و ڕەنگە بتـەوێت کۆڵبدەیت. ئەگەر بازبدەیت، و متمانـەت هـەبێت کـە خـودا یارمـەتیت دەدات بفڕیت، هیچ شتێك نیە نەتوانیت بەدەستی بهێنیت.

باوەڕم پێ بکە، دەزانم چەندە سەختە ئومێدت زینـدوو ڕاگریـت. دەزانم هەندێجار سەختە لە جێگەکەت هەستیت و بچیت بۆ کارێك کـە خۆشت ناوێت، کارێك کە ڕۆحی پێشبڕکێ و بـەرەوپێش چـوونت تێـدا نەچـێنێت و یارمـەتیت نـەدات هێنـدە بەدەسـت بهێنیـت پـارەی پـسوڵەکانی مانگانـــەت بـــدەیت. دەزانم چ هەســـتێکی هەیـــە لـــە پەیوەندییەك یان هاوسەرگیرییەکدا بیت کە بۆ تۆ شیاو نەبێت، و بـەو جۆرە نـەبیت کـە تـۆ دەتـەوێت. بـەڵام ئایا دەتوانیـت لـەو شـوێنەدا بوەستیت کە ئێستا تیایدایت، و بەجۆرێك بژیت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هیـوا و باوەڕبـەخۆبوونت لەدەسـت بـدەیت؟ مـن پێـشنیارت بـۆ دەکـەم هەستیت و شتێك بکەیت کە یەك هەنگاو نزیکت بکاتەوە لـە دۆخێکی باشتر. من هانت دەدەم باوەڕت بـەخۆت، بـە بەهرەکـەت، بـە خـودا، هەبێت.

کاتێـك دەبینیـت بـەخراپی ورەت بـەرداوە، لـە هاوسـەرگیریدا شکستت خواردووە، هەلێکت لەدەستداوە بۆ بەرەوپێش چوون و پلـە



Scanned with CamScanner

بەرزبوونەوەت، دەبێت بوەستیت و لە خۆت بپرسیت: "ئایا بەڕاستی دەمەوێت ساڵێکی دیکەش بەم شێوەیە بەسەرببەم؟ ئایا دەمەوێت لە کارێک بەردەوامبم کە موچە و پێگەی شایستەم پێنابەخشێت؟" ڕەنگە پێویست نەکات بەسەختی بجەنگیت یان هیوابڕاو بیت. بۆ هەموو بێ ئومێدی و شکستێك هۆکارێك هەیە: من وەك هێزێك دەیبینم کە پاڵمان پێوەدەنێت بۆ شتی گەورەتر و باشتر. بەڵێ، دەتوانیت هەست بە پەستی و بێ ئومێدی بکەیت، دەتوانیت هەست بە بێزاریی بکەیت، تەنانەت دەتوانیت هەندێك کات وەربگریت و بیر لە ژیانت و ئەو شوێنە بکەیتەوە کە بۆی دەچیت یان بەنیازیت بۆی بچیت. بەلاّم بەهیچ شێوەیەك نابێت کۆڵبدەیت. هیچ شتێکت بەئامادەکراوی و لە کاتی پێشنینی کراوی تۆدا بەدەستت ناگات وەك ئەوەی کە تۆ دەتەوێت.

با بڵێین تۆ هاوژینی پیاوێکی سەرکەوتوویت و لەناکاو دەڵێت چیتر تۆم ناوێت. ئەو جیابوونەوەی دەوێت و بۆ ئەو مەبەستە پەڕاوی پێویستت پێدەگات. تۆ ئەو هەموو ساڵە پاڵپشتێکی دڵسۆزی ئەو پیاوە بوویت و کەچی ئەویش بە بڕیاری جیابوونەوەی سەرسامت دەکات. هەموو دونیات لە پێش چاوت ورد و خاش دەبێت. تێکدەشکێیت و نازانیت چۆن هەستیتەوە. دەستبەجێ توشی خورپەدەبیت. پەیوەندی بە هاوڕێکانتەوە دەکەیت. هەمووتان کۆدەبنەوە و دەربارەی کێشەکەت دەدوێت و شەراب دەخۆنەوە و چەند دڵۆپێك فرمێسك دەڕێژن.



Scanned with CamScanner

بێگومان ئازار و ژان بەشێکن لە ژیـان، نابێـت ڕێگـە بـدەیت ئـەم ساتەی نێو دڵەکە لەناوت ببات. نابێت لەوێدا بمێنیتـەوە. ڕەنگـە لـە سەرەتادا ئاسان نەبێت، بەڵام هەوڵ بدە تەماشای لایەنـە ڕۆشـنەکەی بکەیت. ئایا بەڕاستی دەتویست لەگەڵ کەسـێکدا بمێنیتـەوە کـە ئـەو نایەوێت لەگەڵتـدا بێـت؟ ئایـا لەگـەڵی بەختـەوەر دەبوویـت؟ تـۆ ئـەو هەموو ماوەیـە پاڵپـشتی بوویت، ئایا مـافی ئـەوەت نیـە نەفەقەیـەکی باشـت بـۆ ببڕێتــەوە و دەسـتگیرۆیی منداڵـەکانت بکـات؟ تـۆ ئێـستا ئازادی و سەرچاوەی داهاتـت هەیـە و دەتوانیـت بڕۆیـت و ببیـت بـەو کەسەی کە بەڕاسـتی هـەیت، چـونکە ئـیتر ڕزگـارت بـوو لـە پاڵپـشتی کردنـی ئـەو و ڕێـك و پێـك کردنـی هـەموو شـتەکان. بـا لـەنێو ئـازاردا تروسکایی هیوا بدۆزینەوە.

من دەمتوانی ڕێگە بدەم دەرکردنم لە کۆلێژ سنور بۆ بەرزخوازیم دابنێت. لـەجیاتی ئـەوە، بازمـدا بـۆ کارێـك کـە بـۆ ماوەیـەك بـوو بـە سەرچـاوەی بــژێویم و بڕوابــەخۆبوونی پێبەخــشیم بــۆ ئەنجامــدانی کارەکانی تر. کاتێك کارەکەی کۆمپانیای فۆردم لەدەسـتدا، پەسـت و مەلول بـووم، بـەڵام ئێـستا دەزانم کـە پێویـست بـوو بـەو ئەزموونـەدا تێپەڕیم. پاش جێهێشتنی کۆلێژ بەنێو تەنگانەیەکی سەختدا تێپەڕیم.

دڵنیابە ئامادەباشیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو شتە گەورانەی کە دەگونجێــت لــە ژیانتــدا ڕوودەدەن، هــەروەها ئامادەباشــبە بــۆ چـێژوەرگرتن لـەو بەخشـشە مەزنانـەی کـە دەگونجێـت لـە ژیانتـدا بەدەسـتیان بهێنیـت. هـەرگیز ناتوانیـت بەتـەواوی چـێژ لـەو شـتانە



Scanned with CamScanner

وەربگریــت کــە خــودا بــۆی ئامادەکردوویــت ئەگــەر لــە جێگــەی نوستنەکەت نەیەیتە دەرەوە، یان لە ماڵەکەت نەیەیتـە دەرەوە، یان هەوڵ نەدەیت هیچ شتێکی نوێ تاقی بکەیتەوە.

پێویــستە ئامادەبیــت بــۆ قۆســتنەوەی ئــەزموون و دەرفەتــە نوێیەکان. دەبێت سەرکەشی بکەیت و خۆت بخەیتە مەترسییەوە. واز لەو چاوەڕوانییە بهێنە کە هیچ سودێکت پێناگەیـەنێت، بـەڵکو شـوێن ئامــانج و خەونــە گرنگــەکانت بکــەوە. خــودا زۆر لــەوە زیــاتری بــۆ ئامادەکردوویت کە ئێستا دەیبینیت یان خەیاڵی دەکەیت. باوەڕت بە ئەو هەبێت و پشتی پێ ببەستە.

کاتێك ژیان دەتدات بە زەویدا، وەك شکست لێـی مەڕوانـە. ئـەو بەزەویدادانە ئەو ئەزموونە زیادەیەیە کە ئێـستا هەتـە. تـا ئـەزموونت زیاتر بێت، ژیانت زیاتر لە برەودا دەبێت و دەتوانیت بەسەر دەرفەتی گــەورەتر و مەترســیدارتردا زاڵ ببیــت و پاداشــتی مــەزن بەدەســت بهێنیت. ئەزموونی بەنرخ، بـەهای خـۆی هەیـە. ژیـان بـەخۆڕایی هـیچ شتێکت فێرناکات. دەبێت بەهاکەی بـدەیت. تـا شکستەکە گـەورەتر بێت، نرخەکەی زیاتر دەبێت. تۆ کڕیت، هـی تۆیـە. ئێـستا دەتوانیـت لێیەوە فێرببیت.

کاتێك ئەزموون بۆ بانکی ژیانت زیاد دەکەیت، تەنانـەت نازانیـت هەژمارەکەت چەندی تێدایە تاوەکو ژیان دەست دەکات بە داخستنی هەنـدێك دەرگـا بـە ڕووتـدا. تـا ڕوبـەڕوی کاتـە سـەختەکان نەبیتـەوە نازانیت چەندت لە توانادایە بـۆ زاڵبـون بەسـەریاندا. تەنانـەت کاتێك



Scanned with CamScanner

هەست دەکەیت دەکەویتە نێو هاوکێشەیەکی ناهاوسەنگەوە، دەبێت متمانەت هەبێت کە هەرگیز مایەپوچ نابیت. تا بەرەوپێش بچیت، هەمیشە شتی تر زیاد دەکەیت بۆ بانکی ژیانت.

هیچ هەڵەیەك هەتا مردن مایەپوچت ناکات! شکست کۆتایی ژیان نیە. شکست ئەزموونێکە و پێشتر بە کۆتا گەیشتووە. تەنها کەوتۆتە سەر ئەوەی تۆ چۆن ڕەفتاری لەگەڵ دەکەیت. دەرفەتێکە تا خۆت بناسیت و پێبگەیت. کاتێك توشی تەنگانەیەك دەبیت، وانەیەکی لێ فێربیە. سات بە ساتی تەنگانەکانی ژیانت وانەگەلێکیان تێدایە و دەبێت لێیانەوە فێرببیت. ئەگەر ڕێگە بدەیت تەنگانە تێکت بشکێنێت، ئەوا لەنێو شکستدا نوقم دەبیت و تەپاوتل دەکەیت. ژیان ١٠٪ ی ڕووداوەکانی لەخۆگرتووە و ٩٠٪ ی پەیوەستە بە شێوازی مامەڵەکردن و ڕەفتارەکانی تۆوە.

چەند ساڵێك پێش ئێستا چەند دەنگۆیەك دەربارەی من و ژیانی تایبەتی و کارەکەم بڵاوبوونەوە. بەدڵنیاییەوە زۆربەی زۆریان بێ بنەما و ناڕاست بوون. ئەو مقۆمقۆیانەی کە بڵاوببوەنەوە زۆر زیانگەیەنەر بوون، بەڕادەیەك کە پێویست بوو ڕوونکردنەوە بدەم بۆ خەرجیدەرەکان (سپۆنسەرەکان) و هتد. بەڕاستی ئەو وت و واتانە زۆر ناشیرین بوون بۆم-هەم لە ڕووی ژیانی کەسییەوە و هەم لەڕووی پیشەییەوە- هەروەها بۆ خێزانەکەشم. زۆر ئاسایی، زۆربەمان لەم جۆرە بارانەدا وەڵاممان دەبێت. لەبەرئەوەی دووانگەیەکم هەبوو، بەرنامەیەکی ڕادیۆی نیشتیمانی بوو، هەستم دەکرد پێویستە



Scanned with CamScanner

مایکەکەم بگرم بەدەستمەوە و کاردانەوەم هەبێت. پاشان هاورێکەم، ئەندرسن کوپەر، پەیوەندی کرد.

"ســـتیڤ، وەرە بـــۆ بەرنامەکـــەی مـــن و یاریـــدەت دەدەم ڕوونکردنەوە بدەیت." ئەو هەمیشە پاڵپشت بووە بۆم، و ئێستاش پیاوێکی زۆر باشە.

"زۆر باشە!"

بڕیاربوو شـەوی دوو شـەمە لـە بەرنامەکەیدا بەشداربم. ڕۆژی شـەمەی پێشوو لەلایـەن (تیلـەر پێـری)یـەوە پەیوەنـدیم پێـوەکرا. ویستی بزانێت کاردانەوەم چۆن دەبێت لەکاتێکدا ئەو هـەموو درۆیـەم بۆ هەڵبەستراوە. گوتی: "سڵاو، برادەر، ئەوە خەمباریت؟"

"نەخێر، هاوڕێ، خەریکە دەمرم. بەڕاستی ئازار دەچێژم. من لە جیهانێکی پڕ لـە ژانـدام. بـەلام هـەموو شـتێك بـاش دەبێـت، چونکە بەنیازم لە بەرنامەکەی ئەندرسـن کوپـەردا بەشـداریم و هـەموو شـتێك ڕوون بکەمەوە. ئەو بوارێکی بۆ ڕەخساندووم تا لێدوانی خۆم بدەم و هەندێك لە درۆیەکان پوچەڵ بکەمەوە."

تیلـەر پێـری گـوتی: "نابێـت بڕۆیـت بـۆ بەرنامەکـەی ئەندرسن کوپەر."

ماوەی خولەکێك بێدەنگ بـووم، پاشـان گـوتم: "تیلـەر، بیستت چیم گوت؟ ئەمە بەرنامەکەی ئەندرسن کوپەرە."

تیلـەر پێـری بـەردەوام بـوو لـە ڕوونکردنـەوە و گـوتی: "کاتێك ئەوان قسـەت لەسـەر دەکـەن - ئـەم دەنگۆیانـە- تـەنها ماڵپەڕێکە.



Scanned with CamScanner

کاتێك تۆ وەڵام دەدەیتەوە، کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نوسییە. ئارامبە دوو هەفتەی تر هەموو شتێك کپ دەبێتەوە. ئەم بێ نرخانە شتێکی دیکە دەدۆزنەوە چونکە حەزیان لە کار و کاردانەوەی نوێیە."

"باشە، هاوڕێ."

کێشەکە ئەوە بوو وا هەستم دەکرد دوو هەفتە زیاتر دەخایەنێت. وا هەستم دەکرد هەتاهەتاییە. ئەو ئاگرەی کە من تێیدابووم -ئەو دۆزەخەی کە من تێیدابووم- وەك هەمیشەیی وابوو. لە هەموو شوێنێك باس دەکرام، تەنانەت (یوتیوب)یش.

من گوێ لەو کەسانە ناگرم کە ژیان نەیڕەتاندوون. ئامۆژگاری لەو کەسانە وەرناگرم کە قسەی باش دەکەن، بەڵام لە مەیدانی ژیاندا خۆیان نەنواندووە. پێشنیارت بۆ دەکەم داوای مۆچیاری لەو کەسانە بکە کە بە هەمان ئەو ڕێگایەدا ڕۆیشتوون، وە ئەزموونداڕن و دەتوانن ڕێنمایی دروستت پێبدەن - نەك ئەو کەسانەی هەوڵ دەدەن ئامۆژگاریت بکەن دەربارەی شتێك کە هیچ زانیارییەکیان نیە دەربارەی . لەوانەیە مەبەستیان سود گەیاندن بێت، بەڵام ئەزموونە سنوردارەکەیان کاریگەری نەرێی لەسەرت دەبێت.

لەگەڵ هەر وانەیەکدا کە فێر دەبیت، بڕوابەخۆبوونت زیاتر دەبێت و هێزی زیاتر بەدەیت دەهێنیت بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانت. بەڵام دەبیت ئەو ئەزموونە بە وانەیەك بزانیت، نەك شکست. ئەگەر ئەو ئەزموونە بە شکست لێکبدەیتەوە، دواتر بڕوابەخۆبوونت لەدەست دەدەیت. زنجیرەیەك لە شکست و کەم کەم وورەبەردان،



Scanned with CamScanner

واتلێـدەکات بـاوەڕت بـەخۆت نـەمێنێت و تەنانـەت هـەوڵ نـەدەیت بگەڕێیتەوە بۆ نێو یارییەکە. پێویستە ئەزموونەکانت بە وانە بزانیت، نەك شکست، نەك هەڵە. تەنها وانە.

ئەگەر وەڵامی هەموو ئەو کەسانەم بدایەتەوە کە شتی نەرێنییان دەربارەم دەگوت، ئەوا کاتم نەدەبوو سەرنج بخەمە سەر ئەو هۆکارە ڕاستەقینەیەی کـە خـودا مـنی خـستووەتە سـەر زەوی بـۆی. هـەر چرکەیەك کە وەڵامی ڕەخنەیەك دەدەیتەوە چرکەیەکی بەنرخـە و لـە خەونەکەت دوورت دەخاتەوە.

ڕاستە ژیانم وەك هێڵێکی ڕاست نەبووە. ژیانم پڕبووە لـە هـەوراز و نـشێو، شکـست و سـەرکەوتن، دەسـتکەوتی مـەزن و لەدەسـتدانی قوڵ. بۆم دەرکـەوتووە کـە هـەموو چرکەسـاتێکی تەنگانـە وانەیـەکی تێدایە. چەند زوو توانیم ئـەم ڕاستییەم بـۆ دەربکـەوێت، هێنـدە زوو توانیم تەنگانەکان پاشڤە بخەم. هەڵەکانی ڕابردووت گـەورە مەکـە بـە فـەرامۆش کردنـی داهـاتوو و ناڕاسـتەکردنی تـەواوی سـەرنجت بـۆ سـەریان. ژیـان زۆر لـەوە کـورتترە چـەرخی ژیانـت بـۆ دواوە بسوڕێنیتەوە و پەشیمانی هەڵەکانی ڕابردووت بیت.

تا خێراتر بگەیت بە لایە ڕۆشنەکە، خێراتر دەگـەیت بـە وانەکە. نابێـت ڕێگـە بـدەیت هەڵـە و نوشوسـتییەکانت، یـان نائومێدییـەکانت ڕاتبگـرن یـان بتـدەن بـە زەویـدا. تـۆ یەکـەمین کـەس نیـت کـە لـە هاوسـەرەکەت جـودا بوویبێتـەوە. تـۆ یەکـەمین کـەس نیـت کـە



Scanned with CamScanner

خۆشەویستێکت لەدەستدابێت. تۆ یەکەمین کەس نیت کە کارەکەت لەدەستدابێت.

مەهێڵە نیگەرانییەکانت لە هەڵەکانی ڕابردوو، بتوەستێنێن. خودا بە هەموو کەم و کوڕییەکانتەوە قبوڵت دەکات. ئەگەر بزانیت خودا چەندە مەزنە لە ژیانتدا، پێویست ناکات هەمیشە باسی شکستەکانی ڕابردووت بکەیت. شکست مامۆستایەکی نایابە، کاتێك شکست گەلێکت بەسەردێت و هەڵدەستیتەوە و وەك ئەزموونێکی مەزن بەرخوردیان لەگەڵ دەکەیت، ئەوە ئەو کاتەیە کە تۆ پێگەیشتوویت و شتێکی بەنرخ فێربوویت و دەتوانیت بیبەخشیت. بەجێیە ئەگەر باشتر ئەنجام بدەیت و باشتربیت و باشترت بووێت لە ژیانتدا. ئەگەر لەسەر ڕێگاکەت بەردەوام بیت، بە تێپەڕبوونی کات خودا ژیانت دەگۆڕێت. خودا هەموو هەڵە و شکستەکانت لە پریاسکە دەنێت و لایان دەبات.

... ——————————— ...

**خودا بە هەموو کەم و کوڕییەکانتەوە قبوڵت دەکات. لەسەر ڕێگاکەت بەردەوام بیت، بە تێپەڕبوونی کات خودا ژیانت دەگۆڕێت. خودا هەموو هەڵە و شکستەکانت لە پریاسکە دەنێت و لایان دەبات.**

... ——————————— ...

ڕێگە مەدە ڕا و بۆچوونی خەڵکی دەربارەی ئەوەی کە لە ڕابردوودا ئەنجامتداوە یان ئەوەی لە داهاتوودا ئەنجامی دەدەیت



Scanned with CamScanner

بەهیچ شێوەیەك كۆسپت بۆ دروست بكات. لە ژیانمدا گەلێك شتم ئەنجامداوە كە هەمیشە شانازیم پێوەنەكردوون. بەڵام دانی پێدادەنێم كە من دەرئەنجامی ڕابردووی خۆمم. نابێت ڕێگە بە هیچ كەس بدەیت بتبەستێتەوە بە ڕابردووتەوە. خۆت دەزانیت لە ڕابردوودا كەسێكی چۆن بوویت و لەكوێدابوویت. كاتێك خودا لە هەڵەكانت دەبورێت، هیچ هۆكارێكت نیە لە جیهاندا تا ڕێگە بە ڕا و بۆچوونی كەسێك بدەیت، دەربارەی ژیانی ڕابردووت، نەهێڵێت بەو شوێنە بگەیت كە هەوڵ دەدەیت پێی بگەیت.

بۆ پێشەوە بڕۆ. كاتێك پەیوەندییەك بە كۆتا دەگات، بەنیازیت چی بكەیت؟ ئایا بەنیازیت لە شوێنی خۆت بمێنیتەوە و لە خۆت بپرسیت بۆچی كۆتایی هاتووە؟ ئەگەر وابكەیت، ئەمە ڕێگر دەبێت لەبەردەم دروستكردنی پەیوەندییەكی نوێدا، چونكە خۆت لەنێو پەیوەندییە كۆنەكەدا نوقم كردووە. هەندێجار باشترین كار ئەوەیە ڕێگە بە كەسێكی تر بدەیت ئەو "ئۆتۆمبێلە بەكارهاتووە"ت لە كۆڵ بكاتەوە – ئەو ئۆتۆمبێلەی كە شكاوە، بەباشی كارناكات، لەپڕ دەكوژێتەوە، گەرم دەبێت، وەستێنەرەكەی كارناكات، بزوێنەرەكەی پرتەپرت دەكات و دەكوژێتەوە، گڵۆپەكانی درزیان بردووە و بزوێنەرەكەی دوكەڵی لێ بەرزدەبێتەوە! لەوانەیە ئەوە پەیوەندییەكی گونجاو نەبووبێت بۆت. دەبێت بەردەوام بیت لە ڕۆیشتن و پەیوەندییەكی دی دروست بكەیت – بەڵام لەو ماوەیەدا، گرنگی بەخۆت بدە و بۆ ساتێك چێژ لە سەڵتی ببینە، ئەو كارانە ئەنجام بدە كە پێشتر و لە ماوەی پەیوەندییەكەدا نەتتوانیوە ئەنجامیان بدەیت. چێژ لە تەنیایی وەربگرە. خۆت بەرەوپێش ببە.



Scanned with CamScanner

بڕیاربده و بزانە چیت لە هاوبەشی ژیان دەوێت. ماوەی ئەم "وانە"یە زۆر بێوێنەیە بۆ دەستنیشانکردنی ئەوە. وانەکە ئەوەیە: ئەگەر پیاوێك تۆی ویست، دەتوانم بەڵێن بدەم کە لەم ماوەیەدا دوو پیاوی دیکەش تۆیان ویستووە.

لە پشت هەموو نائومێدییەکەوە مەبەستێك، پەیامێك هەیە. دەرکردنم لە کێنت ستەیت وانەیەکی بەنرخی فێرکردم. نیشانیدام کە من بەبێ خەون چووم بۆ کۆلێژ. کاتێك بەجۆرێك بازدەدەیت کە دەزانیت کێیت، بۆچی لێرەیت، وە دەتەوێت بۆکوێ بچیت، ئەوە ئەو ساتەیە کە تۆ بە مەبەستەوە بازدەدەیت.

بیرت نەچێت هەمیشە پلانی خودا گەورەترە لەو پلانەی کە تۆ بۆ خۆتی دادەنێیت.

لە زانکۆی کێنت ستەیت چاوم بە ژنێك کەوت بەناوی ئایدا واشنتن. ئەو پێیوابوو من کەسێکی قۆشمەچیم، هەمیشە پێی دەگوتم: "ستیڤ، تۆ کارەکەی خۆت لەبیرکردووە. پێویستە ببیت بە کەسایەتییەکی تەلەڤزیۆنی." جگە لە خۆم، ئەو یەکەمین کەس بوو کە بەوشێوەیە دەربارەی ژیانم بدوێت. بێ ئەوەی خۆی بزانێت، وتەکانی کاریگەرییەکی قوڵیان هەبوو لەسەر ژیانم. ئەگەر چوویام بۆ کێنت ستەیت و تەنها گوێم لە وتەکانی ئایدا با، ئەوا بەڕاستی کاتەکانی ئەوێم زۆر بەنرخ دەبوون، تەنانەت ئەگەر بڕوانامەشم بەدەست نەهێنابا.

ناتوانیت پێشبینی بکەیت هەموو شتێك بەدەست دەهێنیت، ڕێك بەو شێوەیەی کە خۆت دەتەوێت. من بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکەم



Scanned with CamScanner

پێویست بوو کۆلێژ بەجێ بهێڵم. هەندێجار خودا ڕێگە دەدات بەنێو ئەزموونێکدا گوزەر بکەین بۆئەوەی وانەیەکی لێ فێرببین، جیاواز لەوەی کە پێشبینیمان دەکرد.

لە گەشتی ژیانتدا، بەجۆرێك بەردەوامبە لە ڕەنجکێشانەکەت کە ئامادەبیت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دەرفەتەکانی دیکە. گرنگترین وانەکان تەنها بە ئەزموونکردن و تێپەڕبوون بەنێو هەوراز و نشێوەکان، گرد و دۆڵەکان، سەرکەوتن و شکستەکان بەدەست دێن. ئەزموونەکانت بەکاربهێنە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەهرەیەی کە خودا لە ناختدا چاندوویەتی، و بەردەوامبە بۆ کردنەوەی ئەو دەرگایانەی کە شسکت لەدوای شکست دەتگەیەنن بە سەرکەوتن. ڕێگای سەرکەوتن هەرگیز بێ لەمپەر نابێت: بێگومان پێچکردنەوە و بەربەست و تاسە و دەرنەچوونی تێدادەبێت. بەڵام کاتێك ژیان لە ڕاستە ڕێگا لاتدەدات، چاوت بکەرەوە بۆ بینینی پێشهاتەکانی ڕێگا نوێیەکەی بەردەمت. هەوڵ بدە تەنها سەرنجت لەسەر یەك ڕێگا یان یەك ئامانج نەبێت. ئاساییە پشێوو و نائومێدبیت کاتێك ڕووبەڕوی ناخۆشییەك دەبیتەوە، بەڵام هەرگیز نازانیت داخۆ نەگرتنەبەری ئەم ڕێگایە توشی هەڵەیەکی گەورەت دەکات یان لە ڕێگایەکی هەڵە لاتدەدات. خودا ئەو لادان و پێچانە دەخاتە ڕێگاکەت تاوەکو بگەیتە ئەو ڕێگایەی کە پێویستە لەسەری بیت.

پاش ماوەیەك لە دەرکردنم لە کۆمپانیای فۆرد، وەك بریکارێکی مەیدانی لە کۆمپانیای بیمەی ئۆڵ ستەیت خۆم تۆمارکرد. هەرگیز



Scanned with CamScanner

پرۆسەی چاوپێکەوتنی هێندە سەختم نەبینی بوو. بەشداری شەش چاوپێکەوتنی جیاوازم کرد بۆ دەستکەوتنی ئەو کارە. هەموو جارێك چاکەت و پانتۆڵم دەپۆشی و بەوپەڕی توانا و لێهاتوویی‌یمەوە بەشداری چاوپێکەوتنەکانم دەکرت. شەش مانگ دواتر کاتێك دەگەڕامەوە، بەڕێوەبەری سەچاوە مرۆییەکان پێی دەگوتم: "ستیڤ، تۆ ئەو جۆرە پیاوە نیت کە ئێمە لە ئۆڵ ستەیت پێویستمانە." دەمتوانی جارسبم یان بێ هیوابم یان واهەست بکەم کاتم بەهەدەرداوە. بەلام سەیری ئەو دەرگا داخراوەم کرد و لە ڕاڕەوی خۆم بەردەوامبووم لە ڕۆیشتن و بەشداری چاوپێکەوتنێك بووم بۆ کارکردن وەك بریکاری بیمەی کۆمپانیایەکی تر، وە ئەو کارەم بەدەستهێنا. کەمتر لە ساڵێکی خایاند دەستم لە کار کێشایەوە. بێگومان نەمدەزانی ڕەتکردنەوەم لە کۆمپانیای ئۆڵ ستەیت و دەست هەلگرتنم لە کاری کۆمپانیاکەی تر لەکۆتاییدا بەهرەکەم ئاشکرادەکەن و دەمکەن بە کەسایەتییەکی قۆشمەچی. بەلام ئامادەباشیم بۆ ئەو پێچ و لادانانە و هەوڵدان بۆ کردنەوەی دەرگایەکی دیکە، ئەو دەرفەتەیان بۆ من ڕەخساند تاوەکو بەئاراستەی ئەو ڕێگایەدا بڕۆم کە منی گەیاندووە بە ئەمڕۆ.

خودا هەرگیز بەڵێنی نەداوە ژیان گەشتێکی ئاسان دەبێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی. ساتە ناهەموارەکانی ژیانت هێندەی ساتە چێژبەخشەکان پێویستن. هەڵەیەك کە زۆربەی خەڵکی ئەنجامی دەدەن ئەوەیە ڕێگەدەدەن ناهەمواریی‌یەکان لە یەك شوێندا ڕایانبگرێت.

کاتێـك توشـی کـوێرەڕێ و دەردی سـەری دەبیـت و دەڵێیـت: "خودایە، من چیتر ئەوەم ناوێـت، نـاتوانم ئـەوە بکـەم." هیچ کەس نایەوێت بەخواستی خـۆی ڕوبـەڕوی تەنگانـە ببێتـەوە یـان لـە ژیانـدا ململانـێ بکـات. بـەڵام بۆئـەوەی گەشـە بکـەیت و پێبگـەیت، وە لەکۆتاییدا بتوانیت بازبدەیت بۆ قۆناغی داهاتوو، پێویستە بەدرێژایی ڕێگاکە ڕوبەڕوی دەردی سەری ببیتەوە و تێی بپەڕێنیت.

ئایـا هـەرگیز منـداڵێکی بـچوکت بینیـوە کاتێـك بـە شیـشەکانی خۆهەڵواسیندا خۆی هەڵدەواسێت؟ شیـشەکانی خۆهەڵواسـین چێژی نیە ئەگەر خـۆت بـە شیـشێکدا هەڵبواسـیت و تـەنها لـە یـەك شوێندا بمێنیتەوە. لە یاری خۆهەڵواسیندا پێویستە لەو شیشەوەی کە خـۆت پێـدا هەڵواسـیوە بـچیت بـۆ شیـشێکی تـر. دەبێـت دەسـتێکت بەرزبکەیتەوە و بەرەڵای بکەیت و دەستەکەی دیکەشت بەرزبکەیتەوە و بـەرەڵای بکـەیت. تـەنها بـەم شـێوەیە چـێژ لـە شیـشەکانی خۆهەڵواسـین دەبینیـت. ئەگـەر خـۆت بەشیـشێکدا هەڵدەواسـیت و هەوڵنادەیت بچیت بۆ شیشێکی تر، نەك هەر تەنها چێژنابینیت، بەڵکو ناگەیتە لایەکەی تر. دەردی سەریش بەم شێوەیەیە. دەبێت سەرنجت لەسـەر لایەکـەی تـر بێـت، ئەمـە یارمـەتیت دەدات پێیـدا تێپـەڕبیت. پێویـستە دەسـتێکت بخەیتـە پـێش دەسـتەکەی دیکـەت و بـەردەوام بیت.

پێویست ناکات بزانیت چۆن خودا دەتهێنێت بۆ ئەو شوێنەی کە پێویستە لێی بیت. تەنها پێویستە باوەڕت هەبێت. من متمانـەم هەیـە و دەزانم کـە خـۆم ئـەم کـارە ناکـەم. دەزانم بەخشـشەکانم بـەهۆی

ئەوەوە نیە کە مـن کەسێکی بـێ هەڵـە و پەڵـەم و هـەرگیز شکستم نـەخواردووە. شکستەکانم لـە سـەرکەوتنەکانم زیـاترن. دەزانم ئـەوە فەزڵی خودایە کە ڕێگەیداوە بەردەوام ژیانم پێشڤە بچێت.

من هەمیشە ئامـادەم بـۆ ئـەو پلانـەی کـە خـودا هەیـەتی بـۆم. هەمیشە ئامادەم بۆ بازدان بۆ قۆنـاغی داهـاتوو، چـونکە ژیـانم فێـری کردووم هەمیشە ئەو پلانەی کە خودا هەیەتی بۆم لەو پلانە گـەورەتر دەبێت کە مـن بـیری لـێ دەکەمـەوە. ئـەوە جـوانی بازدانـە. هـەرگیز نازانیـت لەکوێـدا دەدەیـت لـە زەوی. تەنانـەت ئەگـەر شکـستیش بهێنیـت، لەئەنجامـدا دەرفـەرت یـان کارامـەیی یـان پەیوەسـتییەك بەدەست دەهێنیت کە ئەگەر هەوڵت نەدابا وەچنگت نەدەکەوت. ئـەم ڕێگایـەی کـە ئێـستا مـن گەشـتی پێدادەکـەم بـواری دەرفەتگـەلێکی پێداوم کە تەنانـەت نەمـدەزانی ڕۆژێـك لـە ڕۆژان وەپـێش دێـن. هـەتا زیـاتر بـیر لـە شکـست بکەیتـەوە، یـان شـتانێك کـە دەرئـەنجامێکی خوازراویان نـەبووە، یـان شـوێنگەلێك کـە پێـی نەگەیـشتوویت، یـانی پەیوەستییەك کە لەدەستتداوە، یان کەسانێك کە جێیان هێشتوویت، کەمتر چێژ لەو شوێنە دەبینیت کە ئێستا تیایدایت یـان دەتـەوێت لـە داهاتوودا پێی بگەیت.

یەکێك لەو کارانەی کە دوایین جار ئەنجاممدا لە کۆمپانیای فـۆرد کارکردن بوو لە داڕشتنگا، ئەو شـوێنەی کـە پەیکـەری بزوێنـەری لـێ دروسـت دەکرێـت. پەیکـەری بزوێنـەر لـە کـانزای سـکراب دروسـت دەکرێت. کانزا سکرابەکە دەخرێنە نێو کورە و دەتوێنرێتەوە. پاشان



Scanned with CamScanner

کانزا شلەکە دەڕژێتـە نێو قاڵب. کاتێك شـلەکە دەڕژێتـە نێوی، شلەیەکی زۆر گەرمە. دواتر بەرزکەرەوەیەك دێت و پێکهاتە گەرمەکە لە قاڵبەکە دەردەهێنێت و لە ئاوی هەڵدەکێشێت و ساردی دەکاتـەوە و بۆیەی دەکات. پاشان دەچێتە سـەر قایشێکی گوێزەرەوە. کاری من ئـەوە بـوو بـە پـیك لـێـی بـدەم تـا دڵنیـابم ئایا کـانزای فـشەڵ و خۆنـەگرتووی لـێ دەکـەوێت. ئێـستا، پەیکـەرێکی بزوێنـەرت هەیـە. بەشێکە لەو بزوێنەرەی کە پاڵ بە ئۆتۆمبێلەوە دەنێت. بەڵام دەبێت بزانیت کە پەیکەری بزوێنـەر سـەرەتا لـە کـانزای سـکرابەوە دەستی پێکرد، لە هیچەوە.

خودا دەتوانێت پارچە سکرابەکانی ژیانت کۆبکاتەوە و بیکات بە بزوێنەری هیمەت بەرزیت بەرەو سەرکەوتن، وە یارمەتیت بدا بفڕیت، بەرزتر لەو شوێنەی کە پێشتر لێی بوویت. پێویـست ناکات چاوەڕێ بکەیت هـەتا کامـڵ دەبیـت ئینجا بازبـدەیت. هـیچ کـەس کامـڵ نیە. بێگومـــان منـــیش. زەنگیـــنترین، ســـەرکەوتووترین، بـــەناوبانگترین کەسەکان کامڵ نـین. ئـەوەی لـە تواناىانـدابووە کردوویانـە و کۆڵیـان نەداوە. بەو شێوەیە گەیشتوون بـەم شـوێنەی ئێـستایان. پێویـست ناکـات چـاوەڕێ بکـەیت هـەتا هـەموو بەشـەکانی ژیانـت ڕێکوپێـك دەکەیت. نابێت هێندە شانازی بەخۆتەوە بکـەیت ڕێگەنـەدەیت خودا پارچـە سـکرابەکانی ژیانـت بـەکاربهێنێت. تـۆ نازانیـت ئـەو چـۆن دایاندەڕژێت و چ بزوێنەرێکی کامڵیـان لـێ دروسـت دەکـات. تەنانەت ناتوانیت بیری لێ بکەیتـەوە چـۆن دڵەشـکاوەکەت دەبـات و دووبـارە نـۆژەنی دەکاتـەوە. ڕەنگـە تـۆ لـە قونـاغی ئامادەییـدا قوتابخانـەت جێهێشتبێت، بـەڵام خـودا لـە ژیانتـدا ئـەزموونێکی وات پێـدەدات کە

ژیریت، ژیری ئەو کەسانە تێدەپەڕێنێت کە بڕوانامەی دکتۆرایان هەیە.

بازدان بۆ قۆناغی داهاتوو و گەورەیت، ئاسان نیە. ئەگەر ئاسان بووایە، گەلێك خەڵکت دەبینی کارە بێزارکەیەکانیان و هاوسەرگیرییە ناشادەکانیان بەجێ دەهێشت و بەهرەکانیان دەدۆزییەوە یان بەکاری دڵخوازی خۆیان دەگەیشتن. بەڵام تەنها لەبەرئەوەی سەختە، مانای ئەوە نیە مەحاڵە. مانای ئەوە نیە هەوڵ نەدەیت و ئەو شتانە تێنەپەڕێنیت کە دەگونجێت لە ژیانتدا ڕووبدەن. کاتێك یەکەم بازدەدەیت، کارێکی سەخت و پڕ بەرەنگاری دەبێت. بەڵام کاتێك بازدەدەیت، فێردەبیت دووبارە و سێبارە بازبدەیت. لەگەڵ هەر بازدانێکدا، باوەڕبەخۆبوونت زیاتر دەبێت بۆ بازدانێکی گەورەتر و چارەنوسساز. لەگەڵ هەموو بازێکدا متمانەت بەخۆت زیاد دەبێت بۆ چوونە سەر چیایەکی دیکەی سەر ڕێگاکەت. تا زیاتر بازبدەیت، زیاتر ئاوڕدەدەیتەوە و سەرسام دەبیت خودا چەندە دووری خستویتەتەوە.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# 2

# هیچ هێڵێکی ڕاست

# لە سروشتدا نیە

Scanned with CamScanner

خەونەکەت هەموو شتێکە. گەورەترین بەشی ژیانتە، و لە خەوندا گەورەترین دەرفەتی سەرکەوتن هەیە.

چێژ لە گەشتی ژیان ببینە.

هیوا داوات لێ دەکات لە جێگای نوستنەکەت بێیتە دەرەوە و هەموو ڕۆژێک کارێک ئەنجا بدەیت.

بازدان خۆهەڵدانێکی پێویستە بۆ دۆزینەوەی ئەو بەهرەیەی کە خودا پێبەخشیویت. ئەگەر ئامادە نەبیت بازبدەیت بۆ قۆناغی داهاتوو، ئەوا مانای وایە تۆ بە ژیانێکی نابەدڵ ڕازیت.

چەندین هۆکار هەن هانت دەدەن بۆ بازدان. ڕەنگە تۆ خەستە و بیماربیت لە دەست نەخۆشی و شەکەتی، و بازبدەیت. لەبەرئەوەی دەتەوێت دڵخۆش بیت بەو کارەی کە هەڵتبژاردووە. ئەگەر بازنەدەیت، هەموو ڕۆژێکی ژیانت دەبێت بە ڕۆتینی هەستان لە خەو و چوون بۆ کار. ئەگەر تۆ کارێک دەکەیت دڵخۆشت ناکات و چێژبەخش نیە، ئەوە تەنها زیندوو مانەوەیە. ئەگەر سەرنجت لەسەر



Scanned with CamScanner

ئەو دۆخەیە کە ئێستا تیایدایت - دڵخۆشیت، مەلوولیت، کاری دڵخوازت ناکەیت، لە پەیوەندییەکدا نیت کە بتوانیت درێژەی پێبدەیت، ئەوا ئەو ئێستایەت دەبێت بە هەمیشەت.

لە ساڵی ١٩٨٥ دا من تەنها زیندووبووم. زۆر لەوە زیاترم دەویست لە ژیانم کە تەنها لە پشت مێزێکەوە لە ئاژانسی بیمە دابنیشم و کاربکەم. دەمویست لەسەر تەلەفزیۆن دەربکەوم. بەگشتی ژیانێکی باشترم دەویست. بازێکمدا - وازم لە کارەکەم هێنا و سەرکەشیم کرد. بە تەنها خەونێك و باوەڕبوون بەخودا، هەموو شتێکم بەجێ هێشت و بەرەوڕووی خەونەکەم چووم.

هیچ شتێك لە خەونەکەت گەورەتر نیە. خەونەکەت هەموو شتێکە. گەورەترین بەشی ژیانتە. ئەو خەون و بەرزخوازیەیە کە خودا لە خەیاڵتدا داینـاوە و ناهێڵێت شەو بخەویت هەتا کاری لەسەر نەکەیت. ئەو شتەیە کە بەخەبەرت دەهێنێت و تەواوی ڕۆحت دەوروژێنێت. ئەو وێنایەیە کە لەلای خودا پەسەندە. خەونەکەت گرنگترین شتە بۆ ئەوەی بەرجەستە بکرێت، چونکە هەموومان بەندەی خوداین. ئەو نایەوێت بەندەکانی لە سەختی و بێ گوزەرانیدابن. ئەو خەونەی کە خستوویەتیە خەیاڵتەوە بەشێکە لە پلانە مەزنەکەی بۆ گرنگیدان بە هەموو بەندەکانی. بۆ نمونە، ڕەنگە تۆ خەونت ئەوە بێت دەست بکەیت بە پێشکەشکردنی بەرنامەیەکی هونەری و سەردانی هەموو قوتابخانەکانی شار بکەیت، و منداڵان بە بوارە جیاوازەکانی هونەر ئاشنابکەیت، وەك: هونەری چێشتلێنان، ڕێکخستنی گوڵ، فیلم دروستکردن، نوسین، پەیکەرسازی، هتد.



Scanned with CamScanner

دەگونجێت یەکێك لە منداڵەکان سروش وەربگرێت و ببێت بە هونەرمەندێکی مەزن و بەکارەکەی جیهان جوان بکات. ئێمە هەموومان پێکەوە پەیوەستین. خەونەکانمان کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەیە. تۆ خەونەکانت تەنها بۆ خۆت نین، بەڵکو بۆ بەرژەوەندی هەموو جیهانن. بە جۆشەوە شوێن خەونەکەت بکەوە !

من خەونەکەم و بەهرەکەمم پێکەوە گرێدا و بازمدا. دەمەوێت دووپاتی بکەمەوە کە خودا بەهرەی بە هەر هەمووومان بەخشیوە. لە بەهرەکەتدا گەورەترین هەلی سەرکەوتن هەیە. چۆن بەهرەکەت دیاری دەکەیت؟ زۆر سادەیە: بەهرەکەت ئەو شتەیە کە تۆ بە کەمترین کۆشش و بە باشترین شێوە ئەنجامی دەدەیت.

...________________...

**خودا بەهرەی بە هەر هەمووومان بەخشیوە.**
**لە بەهرەکەتدا گەورەترین هەلی سەرکەوتن هەیە.**

...________________...

وەك لە پەرتوکی (وەك سەرکەوتوویەك ڕەفتار بکە، وەك سەرکەوتوویەك بیربکەرەوە) دا باسمکردووە، من وامدەزانی بەهرەکەم ئەوەیە خەندە بخەمە سەر لێوی خەڵك. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆم دەرکەوتووە بەهرەکەم بریتیە لە گەیاندنی زانیاری بەشێوەیەکی کاریگەر و بە ڕێگەی گاڵتەوگەپ. ئایا تۆ لە ژمارەکاندا بەهرەداریت؟ کاتێك دەچیت بۆ ئاهەنگێك، ئایا بەزگماکی تۆ لەو جۆرە کەسەیت کە پێویستە هەموو ئامادەبووانی نێو ژوورەکە بناسیت؟ ئایا وا خۆت دەبینیت کە کەسێکیت کاتێك لە ئاهەنگەکاندا ئامادە دەبیت،

دەتەوێت دڵنیابیت کە یەکترناسینێکی دروست ئەنجامدەدەیت؟ ئایا لە کامێرادا بەهرەداریت؟ ئایا چێژ لە نۆژەنکردنەوەی خانووە کۆنەکان دەبینیت؟ ئایا لە شوشەسازیدا بەهرەداریت؟

کاتێك من بازمدا باوەڕم وابوو، وەك چۆن ئینجیل بەڵێن دەدات، بەخششەکانی خودا بەسەرمدا دەبارێن و هەموو ئەو شتانە بەدەست دەهێنم کە داوام کردوون یان هیوام بۆ خواستوون. ئەم هەستانە بەتەواوی هەموو دەروونمیان گرتووەتەوە، کاتێك شتەکان بەو شێوەیە نارۆن کە من پلانم بۆ دانابوون، دەزانم بەدڵنیاییەوە شتێکی باشترم بۆ دەبێت. ئەمە ئەو پێشبینییانەن - ئەو هیوایانەن- کە ڕێگە دەدەن شتێکی باشتر جێگەی ئەوە بگرێتەوە کە من پلانم بۆ دانابوو. پێویستە ئەو بەهرەیە دەربهێنیت کە لە جانتا کۆڵە پشتەکەتدا هەڵگیراوە، لە کەندەڵانەکەوە بازبدەیت و پەتەکە ڕابکێشیت. بەهرەکەت دەکرێتەوە و دەفڕیت.

هەر کاتێك هیوا دەخوازم، دەزانم بەخششەکانی خودا بەسەرمدا دەبارن. ئەو هیوایەی من باسی دەکەم ئەوەیە کە بۆت دەربکەوێت ژیان لەگەڵ خودادا بەسەر دەبەیت. ئەو هیوایەی کە من لەبارەی دەدوێم ئەوەیە کە پلان دابنێیت بۆ ئەو شتەی کە دەتەوێت بەدەستی بهێنیت، هەروەها چۆنیەتی پلان دانانەکەش گرنگە. ئەو هیوایەی من باسی دەکەم ئەوەیە لە جێگەی نوستنەکەت هەستیت و هەموو ڕۆژێك شتێك ئەنجام بدەیت. ئەو هیوایەی کە من دەیڵێم ئەوەیە کە هانت دەدات بۆ دۆزینەوەی ئەو شتەی کە تۆی لەپێناودا دروستکراوە.



Scanned with CamScanner

دەزانم سەختە هەست بە بەخششەکانی خودا بکەیت لەکاتێکدا کە بەخێرایی چەندین پسولەی خزمەتگوزاری بەرەو ڕووت دێن و نازانیت چۆن بەردەوام بیت لە ژیان. متمانەم پێ بکە، من لەو سەرەوە هاتوومەتەوە. هەرچیم هەبووە لە ژیانمدا لە دەستم داوە – دووجار. بەڵام هیواخواستن هیچی تێناچێت. دیسان، هەبوونی خەون هیچی تێناچێت. خۆشەویستی و عەشقی دووبارە هیچی تێناچێت. هیچی تێناچێت ئەگەر باوەڕبکەیت ئەو تۆزقاڵە ئومێدەی ناو دڵت دەتوانێت ژیانێکت شایستەت بۆ دروست بکات.

من نیگەران نابم ئەگەر هیواکەم بەو شێوەیە بەئەنجام نەگات کە پلانم بۆ دانابوو. ئەمە وام لێدەکات شتیکی نوێ تاقیبکەمەوە. کاری من تەنها ئەوەیە بەردەوامبم و ڕێگە بدەم هیواکەم ژیانم بۆ پێشەوە ببات. هەموو بەیانییەك كاتیك بەخششی بینینی ڕۆژێکی دیکەم پێدەبەخشرێت، ئەوە هەلێکی دیکەیە بۆ دووبارە خەون بینینەوە. هەروەها ئەوە دەرفەتم پێدەدات تا بزانم چۆن باشتر ئەو کارە بکەم. دەرفەتێکی دیکەیە بۆ بازدان بە ئاڕاستەی ئەو ژیانەی کە خودا پلانی بۆ داناوم. هیچ شتێك وەك هیوایەکی پووچ نیە. هیندەی پێویست ژیاوم کە بزانم هەمیشە پلانی خودا باشترە لەو شتەی کە خەونم پێوە بینیوە.

هیوا و متمانەم وایانێکردم دەست لە کاری جێگیری بیمە هەڵبگرم و بە ناونیشانی "قۆشمەچی" دوو سەد کارتی بازرگانی دروست بکەم. لە تەنها زیندوومانەوەوە بازمدا و هەوڵمدا لە ژیانمدا شتێك بکەم. سواری ئۆتۆمبێلە کۆنەکەم بووم دەستم کرد بە گەشت



Scanned with CamScanner

کردن. تـەنها ئەوەنـدەم دەزانـی دەتـوانم خەنـدە بخەمـە سـەر لێـوی خەڵکی. بۆیە لەوێوە دەستم پێکـرد. ئـەوە پلانـی مـن بـوو. تەنانـەت هەرگیز نـاوی هـیچ یانەیـەکی قۆشمەچێتیم نەبیـستبوو. بـەڵام ئەمـە نەیوەستاندم لە هەوڵدان بۆ وەستان لەبەردەم بینەر و دەستپێکردنی یەکەمجار.

تەمــەنم بیــست و حــەوت ســاڵ بــوو و ئاهــەنگ بــە ئاهــەنگی شـارەکانی وڵات دەگـەڕام. یەکـەمین مـانگ وەك قۆشمەچـییەك ١٢٥ دۆلارم پەیداکرد. مانگی دووەم ٧٥ دۆلارم پەیـداکرد. بـە تێپـەڕبوونی مانگەکان، هەندێجار کەمتر لە ٥٠ دۆلارم دەست دەکەوت. ئەو نەختـە پارەیـەی کـە دەسـتم دەکـەوت دەمنـارد بـۆ هاوسـەرەکەم تـا دوو کچەکەمی پێ بەخێوبکات.

یەکـەم سـاڵم وەك قۆشمەچـییەك، کـەمتر لـە ٤ هـەزار دۆلارم پەیـداکرد. پەیوەنـدیم لەگـەڵ خێزانەکـەم پـچڕا و تـەنها کـەوتم. زۆر سەخت بوو بۆم وەك پیاوێك شانازی بەخۆمەوە بکـەم لـە کاتێکـدا لـە سەرچاوەی داهاتم دڵنیانەبووم. بەڵام وازهێنان لە کارێکی بێ دواڕۆژی وەك بریکاری بیمە بڕیارێکی کوێرانە نـەبوو، بـەڵکو بـازێکی پێویـست بوو بۆ دەرخستنی ئەو بەهرەیەی کە خودا لە خەیاڵمدا چاندبووی.

قەشە تی. دی. جەیکس پێی گوتم: "ئەگەر دەتەوێت بگەیت بـە قۆناغی داهاتوو، دەبێت بەسەر سەقفێکی شوشەدا تێپـەڕبیت. ئەگـەر بەسەر شوشەدا تێپەڕبیت بریـندار دەبیـت." هەنـدێجار لەبـەر خـاتری ئەو شتەی کە دەتوانیت بەباشترین شێوە ئەنجامی بدەیت، پێویـستە



Scanned with CamScanner

دەست لەو شتە هەڵبگریت کە زۆر خۆشت دەوێت. ئەگەر ئامادەنیت تێبکۆشیت و قوربانی بدەیت، ناتوانیت بازبدەیت بۆ قۆناغی داهاتوو و لە ئەنجامدا بە ژیانێکی ناشاد و نابەدڵ ڕازی دەبیت.

ئەوە من نەبووم. بەڵکو ئەو ڕەوشتی کار و باوەڕەبوو کە لە باوك و دایکمەوە بۆممابوونەوە. پێموابوو ئەم دوو سیفەتە پێکهاتەیەکی نەبەزیوو و پاڵپشتن بۆ بەردەوامیدان بە ژیانم. هەرگیز کۆڵم نەدا. هەرگیز وازم نەهێنا. شەو لەدوای شەو لەنێو ئۆتۆمبێلەکەمدا دانیشتم و ئەو ڕاستییەم قبوڵکرد کە من هیچ شوێنێکم نیە بۆی بڕۆم. ملمدا بۆ ئەو ڕاستییەی کە من چیدی گەرماوم نیە خۆمی تێدا بشۆم.

لەماوەی ئەو ڕۆژە سەختانەدا، گوێم لە دەنگێك بوو لە مێشکمدا پێ دەگوتم: "ئەگەر بەردەوام بیت، دەتبەم بۆ شوێنێك کە هەرگیز لێی نەبوویت." ئەوەی وایکرد بەردەوامبم، ئەو باوەڕەم بوو کە پێموابوو خودا بارێك ناخاتە سەر شانم کە نەتوانم هەڵیبگرم، وە ئەو هیوایەم بوو کە پێموابوو ڕۆژێك لە ڕۆژان لەسەر تەلەفزیۆن دەردەکەوم - باوەڕم وابوو ئەگەر بازبدەم خودا دەمگرێتەوە.

بەدڵنیاییەوە، هەندێك جار دەتوانیت پلانی بازدان دابڕێژیت، و دەبینیت کاتیەتی و ئامادەیت بۆ بازدان. بەڵام هەندێجار بازدان بازدان نیە، بەڵکو پاڵنانە. پاڵت پێوەدەنرێت و زەوی ژێر پێیەکانت دادەڕمێت و ساتمەدەکەیت و دواتر بۆت دەردەکەوێت کەوتوویتە نێو کەندەڵانەکە. پاشان بەناڕاستەی قۆناغی داهاتوو دەست بە



Scanned with CamScanner

جوڵەدەكـەیت، چـونكە بـارودۆخ ناچـارت دەكـات بجوڵێیـت. ڕەنگـە بتـەوێت دەسـت بـەكارێكی بازرگـانی بكـەیت، بـەلام بیربكەیتـەوە: "ئێستا نا، ئێستا نـا، ئێـستا نـا." و دوای دەخـەیت. پاشـان دەسـت بەكار دەكەیت و دەبینت كۆمپانیاكـە دادەخرێـت. ئێـستا تـۆ لـە نێـو كەندەلانەكەدایت، ئامادەبیت یان نا! ڕەنگە لە كاتی كاركردنـدا وابـیر بكەیتەوە: "دەمەوێت كارێكی نوێ بدۆزمـەوە. بـەنیازم كـارێكی نـوێ ئەنجام بدەم." پاشان سەركارەكە دێت و چـەند وتەیـەكی ناشـیرینت پـێ دەڵێـت و تـۆش وەلامـی دەدەیتـەوە و پاشـان ئـەو هاواردەكـات بەسـەرتدا و تـۆش بەناشـیرینی وەلامـی دەدەیتـەوە. دواتـر بـۆت دەردەكـەوێت لـەكار دەركراویـت. تـۆ لـەنێو كەندەلانەكـەدایت، ئامادەبیت یان نا. كاتێك خوشـكەكەم هاوسـەرگیری كـرد، لـە مـانگی هەنگوینیدا سـكی پڕبـوو. لەڕاسـتیدا ئـەوان دەربـارەی دروسـتكردنی خێزان نەدووابوون، بەلام ئـەو هـەر زوو سـكی پڕبـوو. پێـشبینی چـی دەكەیت؟ (بێن)ی بچوك لێرەیە! ئەو كچە بچوكەی كە مـن جـاران لـە ئامێزم دەگرت، ئەو كچە بچوكە ئێستا منداڵی خۆی لە ئامێزدەگرێت. ئامادەبیت یان نا، لەنێو كەندەلانەكەدایت.

كاتێك لە ئۆتۆمبێلەكەمدا دەژیـام، شـەوانی سـاردی زسـتان یـان گـەرمای هـاوین، زۆر ئاسـان بـوو بـۆ مـن ورە لەدەسـت بـدەم. بـەلام گەشبین بووم وەك چۆن ئێستاش گەشـبینم، بـەدوای لایـەنی ئـەرێنی هەموو شتەكانی دەوروبەرمدا دەگەڕام، بێگومان ئەو كارەم دەكرد كە پێویـست بـوو ئـەنجامی بـدەم. بـۆ نمونـە، كاتێـك بـە ئۆتۆمبێلەكـەم

نمایش بە نمایشی ئەم وڵاتە قەشەنگەی خودا دەگەڕام، تێبینیم کرد هیچ هێڵێکی ڕاست لـە سروشـتدا نیـە. دڵگیری ئـەم جیهانـە بـەهۆی چـەماوەیی لوتکـەی چیاکانی و دۆڵـەکانی و کـون و کەلەبـەرەکانی و تاڤگـــــەکانی و دەریاچـــــەکانی و ڕوبارەکـــــانی و جۆگەلـــــە پێچاوپێچەکانیەوەیە. ئەوان بەهۆی شێوە جیاوازەکانیانەوە جوانن.

بۆم دەرکـەوتووە هـەمان جـوانی لـە ژیانیـشدا هەیـە. تـۆ بـەنێو خۆشی و ناخۆشیدا تێپەڕ دەبیت. دەبێـت بـەنێو چیاو دۆڵدا تێپەڕ ببیت، دەریاچە و جۆگەلـەکان تێپـەڕێنیت. وەك چـۆن لـە سروشـتدا، ئـەو کـون و کەلەبـەر و ڕێگـا پێـشبینی نەکراوانـەی کـە جـوانی و سەرنجڕاکێشی بە سروشت دەبەخشن، هەمان ئـەو کـون و کەلەبـەر و ڕێگـا پێـشبینی نەکراوانـەن کـە جـوانی و سەرنجڕاکێـشی بـە تـۆ دەبەخـشن. هێنـدە ڕەق و نـەجوڵاو مەبـە نـەرمی و نوشـتاوەیی و چەماوەیی شێوەی ژیان لەدەست بدەیت.

هیچ هێڵێکی ڕاست لە سروشـتدا نیـە، هـەروەها هـیچ هێڵێکی ڕاست لە ژیاندا نیە. نازانم بۆچی ئێمە پێشبینی دەکەین ژیـان گـرێ و پێچ و هەوراز و نشێوی تێدانـەبێت. ئـەم شـتانە بەشـێکن لـە چێژی ژیان و کاتێك بەنێواندا تێپەڕدەبین دەمانکەن بەو کەسانەی کە ئێستا هەین. کاتێك پیاسەیەکی جوان بەنێو سروشتدا دەکەیت و دەگەیت بە کۆتـایی، کاتێـك لـە ژیانتـدا دەگـەیت بـە شـوێنی مەبەسـت، گـەلێك ئــەزموونی نایــاب بەدەســت دەهێنیــت. هــەروەها چــیرۆکێکی سەرنجڕاکێش فێردەبیت و ئامادەبیت بۆ هەرکەسێکی باس بکەیت کە دوای تۆ بەهەمان ڕێگادا دێت.



Scanned with CamScanner

جـواترین شـت لـه جیهانـدا شـتێك نیـه كـاملترین و تـەواوترین شێوەی هەبێت. خۆر جوانە، بەڵام ئایا ئەوە شێوەی تەواوی خۆرە؟ مانگ ناتەواوە، چاڵ و چۆڵیی تێدایە، بەڵام یەكێكە لە جـوانترین ئـەو شتانەی كە تا ئێستا بینیبێتم. دەریاچەكان ناتـەواون بـەڵام بەشێكن لە جوانترین شوێنەكانی سەر زەوی. سەیری هێڵی كەناری دەریا بكـە هەمیـشە لـە هەڵكـشان و داكـشاندایە - ئەمـە جوانییەكـەی پـێ دەبەخشێت. پێویستە ئێمـەش وەك ئـاو هەمیـشە لـە جموجوڵدابین. هێندە ڕەق مەبە كە نەتوانیت جوڵەی ژیان ببینیت. ئەگـەر نـەتوانیت وەك ئاو بجوڵێیت، ئەوا لە شوێنی خۆتـدا دەچـەقیت. ڕەنگـە هـەرگیز ئاسوودە نەبیت، بەڵام هەرگیز پێناگەیت و نابینیت خـودا چ پلانێكی نایابی بۆت هەیە. زۆر گرنگـە بەشـداری ژیـان بكـەیت و وەبـەرهێنانی تیدا بكەیت ئەگەر دەتەوێت شتێكی ناوازە بەدەست بهێنییت.

هیواداربوون وەبەرهێنانە. كاتێـك لـەڕێگادابووم، سـاتی واهـەبوو هەستم دەكـرد هـەرگیز پەڕەشـووتەكەم ناكرێتـەوە. لـەو كاتانـەدابوو خەیالـەكانم بـەكارهێنا و ئومێـدی شـتی گـەورەترم لـە ژیـان كـرد. پێویست بوو دەستبەجێ پشتی خەیاڵەكانم ببینم و ئەو پلانـە بهێنمـە پێش چاوم كە خودا بـۆی دانـابووم. بـۆ كـەیف خۆشـكردنی خـۆم لـە ئۆتۆمبێلەكەدا، جلـەوی خەیاڵـەكانم بـەرەڵا دەكـرد. خـانووی خۆشـم دەبـینی و خـەیاڵم دەكـرد كـە لەگـەڵ خێزانەكەمـدا تیایـدا دەژیـن. ئۆتـۆمبێلی مۆدێـل بـەرزم دەبـینی و خـەیاڵم دەكـرد كارەكـەم دەمگەیەنێتە شوێنێك، كە ڕەنگە بتوانم ئۆتۆمبێلی لـەو جـۆرە بكـڕم.

ئاخۆ ئەو جۆر و مۆدێلە دیاریکراوەم دەویست یان نا کێشە نەبوو.
ئەوە هیوای شتگەلی باشتر بوو وای لێدەکردم بەردەوامبم.

ئەلبێرت ئەنیشتاین گوتی: "خەیاڵ هەموو شتێکە." پیشاندانی جوانیەکانی ئایندەی ژیانیە! کاتێك لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیام خەیاڵم هەموو شتێك بوو. ئەو نمایشە سەرسوڕهێنەرانەم دەهێنایەپێش چاوم کە بەشداریم تێدادەکردن. ئەو بینەرە زۆرەم دەهێنایەپێش چاوم کە بە نوکتەکانم پێدەکەنین. بەدەستهێنانی خەونەکەمم دەهێنایە پیش چاوم. ئەو ژیانە بژی کە لە خەیاڵتدا دەتەوێت، و دەکرێت بهێنرێتەدی. کەسێك مۆبایلی لە خەیاڵدابوو، و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئێستا هەموومان مۆبایل بەکاربهێنین. براکانی ڕایت فڕینیان بە فڕۆکە لە خەیاڵدابوو، ئەمەش بوو بە دەستپێکێك بۆ هەموو بواری فڕۆکەوانی. بیربکەرەوە لەکوێدا دەژیت: لەگەڵ دەلاڵێکی خانووبەرە چوویت بۆ سەیرکردنی خانووەکەت یان شوقەکەت، هەر لەوێدا و پێش واژۆکردنی کرێ نامەکە یان وەرگرتنی بارمتەکەت، شتومەکی ناوماڵەکەت هێنایەپێش چاوت. ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دەیئاژوویت، لە خەیالی خۆتدا لە گۆڕەپانەکە هێناتە دەرەوە و لێتخوڕی، پێش ئەوەی بەلگەنامەکان تەواو بکەیت، تەنانەت پێش ئەوەی مامەڵەشی بکەیت. ئەگەر خەیاڵت بتوانێت دەرگای ئەو ماڵە بکاتەوە کە تیایدا دەژیت یان ئەو ئۆتۆمبێلەی کە دەیئاژوویت، بۆچی پیتوایە ناتوانیت خەیاڵت بەکاربهێنیت بۆ کردنەوەی کارێکی بازرگانی یان ناردنی منداڵەکانت بۆ قوتابخانەی دڵخوازی خۆیان؟ هەر ئێستا ئەو ژیانە بهێنەپێش چاوت کە دەتەوێت بژیت.



Scanned with CamScanner

خەیاڵ کردن دەربارەی ژیانی داهاتووم ورەی بەرزدەکردمەوە لە کاتێکدا کە لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیـام، بەتایبـەتی کاتێـك داهاتەکـەم بەشـی کـرێـی سـوتەمەنی ئۆتۆمبێلەکـە و نـانی ئێـوارەی نـەدەکردم. بەگشتی، ناوبەناو ژیانی سەر ڕێگا ناخۆش بوو. بەڵام بـەختم هـەبوو، نمایشگاکە کرێـی مانـەوەی هۆتێلێکیـان بـۆ دەدام کـە نـانی بـەیانی بەخۆڕایی بوو. مانەوە لە شوێنێکی وەك شیراتۆن بـۆ مـن چـێژبەخش بـوو. بـرادەر، ژوورێکـی هـۆتێلم هـەبوو! هـەبوونی گـەرماوی خـۆم بۆماوەی شەوێك باوەڕپێنەکراو بوو. ڕۆژی چوار جار دووشـم دەکـرد، چونکە ئـاوی بەلوعـەیان هـەبوو. جارجـار تـەنها لەسـەر توالێتەکـەدا دادەنیـشتم. هـەتا بـێ مـاڵ و حـاڵ نـەبیت نازانیـت دانیـشتن لەسـەر توالێت بۆ ماوەیەکی درێژ، تەنانەت ئەگەر پێویـستت پێـی نـەبێت، چ خۆشگوزەرانییەکە!

کاتێك ژووری نایابم نەبووایە، کوشـنی پێـشەوەی ئۆتۆمبێلەکـەم بەپشتدا دەخـست و لـەنێو ئۆتۆمبێلەکەمـدا دەنوسـتم. لـە سـەرئاوی بەنزینخانەکانـدا خـۆم دەشـۆرد یـان بەدزییـەوە دەچـوومە نێـو هۆتێلـەکان و گـەرماوەکانم بـەکاردەهێنا. شـەوێکیان تـا بـەیانی لـە گەرماوێکدا خۆم شاردەوە تا کـەس نـەمبینێت. چـەندین ڕۆژ بەتـەنها لەسەر لەفەی بۆلۆنیا[1] ژیاوم.

جارجار کاتێك بەتەواوی برسی دەبووم، دەچوومە فرۆشـگایەك و هێندە خۆراکم هەڵدەگرت کە نەمدەتوانی بیکـرم. لـەو نـان و گۆشـتی

---

[1] لەفەیەکە لە سۆسەج و تەماتـە و پیـاز و پـەنیر و نـان دروسـت دەکرێـت و زیـاتر لـە ئـەمریکا و کەنەدا باوە.



Scanned with CamScanner

بەرازەی کە کڕیبووم لەفەم دروست دەکرد، کاتێك بەنێو فرۆشگاکەدا دەسوڕامەوە لەفەکەم دەخوارد. هەنـدێجار بەتـەنها پاکـەتێك گۆشتی بـەرازم دەکـرد بـە لەفــە و کــە بــەنێو فرۆشــگاکەدا دەســوڕامەوە دەمخوارد، چونکە زۆر برسـی بـووم. زۆربـەی ڕۆژەکـانم بـەو شێوەیە نەبوون، بەڵام ئەوەندە بەس بوو بۆئەوەی سوپاسگوزاریم دەربـارەی ئەو نەختەی کە هەمبوو. ئەمڕۆ من پێشنیار ناکەم هـیچ کـەس بـچێتە دەرەوە و ئــەوە بکـات، چـونکە ئــەوە دزییــە و ناپەســەندە. خـودا نهێنییەکـەی مـنی داپۆشـی و مـن سوپاسـی دەکـەم، کاتێـك ئێمـە بەسەختیدا تێدەپەڕین ئەو پێمان دەبەخشێت.

ئەوەی پێویست بوو ئەنجاممدا. بەڵام بـاوەڕم بـەو پلانـەبوو کـە خودا بۆی دانابووم. هەمیـشە خەونەکـەم لەبـەردەمم دانـابوو. هـەموو نمایشێکم پەسەند دەکرد بەلامەوە گـرنگ نـەبوو لـە هـەر کویێ بێت. هیچ کەس لەبەرئەوە بەکرێی نەدەگرتم کە بەناوبانگم یـان دەیناسـیم، بەڵکو لەبەرئەوە بەکرێیان دەگرتم کە ئامادەبووم بۆ هەموو شوێنێکی وڵات بـڕۆم و لــە نمایــشەکاندا ئامــادەبم. هــەرگیز هــیچ نمایــشێکم ڕەتنــەدەکردەوە، بەلامــەوە گــرنگ نــەبوو هەرچــەند دووربایــە. مــن سوپاسگوزاری ئەو نمایـشانە بـووم و هەمیـشە ئــەوەی لەتوانامدابایە ئــەنجامم دەدا. مــن نمایــشم دەکــرد و وەبــەرهێنانم لـــە هیـــوا و خەونەکانمدا دەکرد.

کاتێك لـە نمایـشێکەوە دەچـووم بـۆ نمایـشێکی تـر، بـۆ سـروش وەرگرتن لەبەر خۆمەوە لەگەڵ مۆسیقای دەستپێکی بەرنامەی *The*



Scanned with CamScanner

*Tonight Show*ی جـۆنی کارسـن دەمـم دەجولاند. لـه کۆتـایی ساڵەکانی ١٩٨٠ دا کاتێك لـه سـەر جادە بـووم، پێیـان گـوتم لـه دوو هەزار قۆشمەچی یەك کەسیان هەلی ئەوەی هەیە له بەرنامەی *The Tonight Show* دا بەشـدار بێـت. ئەگـەر جـۆنی پەیوەنـدی پێوەکردیت بۆ بەشداربوون، ئەوا پیـشەی خـۆت دەسـتکەوتووە. لـەو کاتـەدا مـن زۆر لـە هۆلیـود و *The Tonight Show* دوور بـووم تەنانەت پێکەنیناویش نەبوو. بەڵام هیواداربـووم وەبەرهێنانەکـەم بـە شـوێنێکم بگەیـەنێت. بۆیـە ئەگـەر لـە شـاری (فلینـت)ی ویلایـەتی میشیگەن، یان شاری (فۆرت لۆدەردەیل)ی ویلایـەتی فلۆریـدا بووایـە ئۆتۆمبێلەکەم ڕۆشن دەکـرد و بـەڕێگادا دەڕۆیـشتم و لەبـەر خۆمـەوە لەگەڵ مۆسـیقای دەسـتپێکی بەرنامـەی *The Tonight Show* دەمم دەجولاند: "دەن، دەن، دەن دەن دە. دادا دادا دادا."

لەکاتی داڕشتنی خەونەکەتدا ڕێگە مەدە ئامار بێتە سەر ڕێگـات. ئامارەکان بۆ دۆڕاوەکانن، چونکە ئەوان هەمیـشە بیـانوو دەهێننـەوە بۆ بەشداری نەکردنیان لە گەمەی ژیاندا. بەلامەوە گرنگ نەبوو کە لـە دوو هەزار قۆشمەچـی دانەیـەکیان بتوانێـت بەشـداربێت لـە بەرنامـەی *The Tonight Show* دا. کاتێـك ئـەوەم بیست، بـۆم دەرکـەوت ئەوان قسە لەگەڵ من ناکەن. هەڵویستی من ئەوە بوو: "چاوەڕوان بـە تـا دەمبیـنن! نـاتوانم چـاوەڕوانبم تـا جـۆنی کارسـن شـریتەکەم دەمبینێـت!" (جـۆنی کارسـن هـەرگیز شـریتەکەمی نـەبینی. منـیش بەشداری بەرنامەکـەی نـەبووم. گومـان دەکـەم هـەرگیز زانیبـێتی مـن



Scanned with CamScanner

هەم. ڕەنگە ئەوە شتێکی باش بێت کە ئەو شریتەکەمی نەبینی - تەنانەت تەماشاکردنی بۆ خۆشم سەخت بوو!)

تەنها ئەو لێو جولانەوەیە لەگەڵ مۆسیقای *The Tonight Show* یارمەتیدام هیواکەم بگۆڕم بە متمانە. هەر ئێستا، ڕەنگە تۆ متمانەت نەبێت، زۆر ئاساییە. لەکۆتاییدا هیواکەت یارمەتیت دەدات ئەو متمانەیە بنیات بنێیت کە بۆ قۆناغی داهاتوو پێویستت دەبێت. لە سەرەتای کارەکەمدا متمانەم نەبوو کە دەبم بە کەسایەتییەکی تەلەڤزیۆنی. تەنها هیواخوازبووم ببم.

بۆئەوەی ببم بەوەی کە ئێستا هەم، لەسەر شەقام بەردەوام بووم لە گاڵتەوگەپ، چونکە زۆر گرنگە چێژ لە گەشتی ژیان - تاسە و چاڵ و چۆڵییەکان ببینت. پێویست بوو بەدرێژایی هەفتە بە خواردنی لەفەی بۆلۆنیا پێبکەنم. گاڵتەوگەپم لەوەدا دەبینی کە بەیانی هەڵدەستام لە خەو نەمدەزانی لەکوێم. زۆرجار پارەی کڕینی ڕۆژنامەیەکم پێنەبوو، بەڵام هەندێجار بەدوای دانەیەکدا دەگەڕانم تا بزانم لە چ شارێکدام. ئەوە بۆ من پێکەنیناوی بوو هەستم لە خەو و نەزانم لە چ شارێکم. قۆشمەچێتیم لەوەدا دەبینی کە لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دانیشتبووم و لە خۆم دەپرسی من لەکوێم و دەبێت چ شتێك یارمەتیم بدات بۆ زانینی ئەوە.

بەیانییەك لە فلۆریدا بەخەبەرهاتم دوای ئەوەی لە نیوە شەودا بۆ مەبەستی خەوتن لامدابە قەراغ جادەیەك. لەبەردەم پەرژینێك کە لە تەلی دڕکاوی دروستکرابوو، ئۆتۆمبێلەکەم ڕاگرت. کەش و هەوا

گەرم بوو، بۆیە جامەكانم نزم كردبوویەوە. كاتێك لـە خـەوە قوڵەكـەم بەخەبەرهاتم، بینیم شـتێكی گـەورەی پەمـەیی لـەنێو جامی سـەكندا پێچی دەخـوارد. پێموابـوو مـارێكی گەورەیـە. بـەخێرایی لـە جـامی شۆفێرەوە خۆم فڕێدایە خوارەوە. بۆئەوەی خۆم ڕزگار بكەم، هێنـدە بـەخێرایی خـۆم هەڵـدا كەوتمـە سـەر زەوی. ئـەو ئۆتۆمبێلـەی كـە لەوكاتەدا بە ڕێگاكەدا هات وەسـتا، هێشتا لەسـەر زەوی كـەوتبووم، شـۆفێرەكە پرسـی تـۆ باشـیت. كاتێـك ویـستم بڵـێم مارێـك لــە ئۆتۆمبێلەكەمدایە، مانگایەكم بینی. مانگایەك بەسەر پەرژینەكەدا ملی درێژ كردبوو و لـە جامەكـەوە زمـانی هێنـابووە ژوورەوە. ئێـستا پـێم بڵێ، ئایا ئەمە گاڵتەوگەپی تێدا نیە؟

جارێكی تر لـە ڕێگـادا بـووم بـۆ شـاری (ئێـل پاسـۆ)ی ویلایـەتی تێكساس. لـەلای دەریاچـەیەك ئۆتۆمبێلەكـەم ڕاگـرت تـاوەكو شـەو لەوێدا بنوم. نزیكەی پێنج بۆ شەش پێ لـە دەریاچـەكەوە دووربـووم. دەریاچەیەكی جـوان بـوو. بـەدەم خـواردنی لەفـەی بۆلۆنیـاوە خـەوم لێكەوت. كاتێك بەخەبەرهاتم، دەبینیم ئاو تـا دەعـامی ئۆتۆمبێلەكـەم هـاتووە و خەریكـە دێتـە نێـو ئۆتۆمبێلەكـە. بەخـەواڵوویی سـەیرمكرد قاچەكانم تەڕن. زۆر ترسـام. دەرگاكـەم كـردەوە و ئـاوی زیـاتر هاتـە ژوورەوە. خـــەریك بـــوو دڵـــم دەوەســـتا. بـــیرم كـــردەوە: "ئایـا ئۆتۆمبێلەكـەم گلۆربووەتـەوە بـۆ ناوەڕاسـتی دەریاچـەكە؟"ئـەو شۆفێرەی بەوێدا تێپەڕی بینیمی و پێی گوتم: "دەزانیت هەندێجار بە شەودا ئاستی ئاوی دەریاچە بەرزدەبێتەوە؟" من لەوێدا وەستابووم و ئۆتۆمبێلەكـەم خـەریك بـوو نـوقم دەبـوو. دام لـە قاقـای پێكـەنین.



Scanned with CamScanner

پێویست بوو ئۆتۆمبێلێکی ڕاکێشەر پەیدابکەم چونکە ئۆتۆمبێلەکەم کـاری نـەدەکرد و نەمـدەتوانی دەری بهێـنم. زۆر کـەس ئەمـە بـە پێکەنیناوی نەدەزانی، بەڵام بۆ من پێکەنیناوی بوو. هەمیشە هەوڵم دەدا تەنانەت لەو ساتە سەختانەشدا گاڵتەوگەپ بدۆزمەوە.

سەرەڕای ئەوەی دەربەدەریم نەدەبوو بەهۆی قەڵسی و بێزاریم، بەهـەمان شـێوە بانگەشـەی ئەوەشـم نـەدەکرد. بەمانایـەکی تـر، باوەڕناکەم زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە ڕێگـادا دەمبیـنین زانیبێتیان لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیم. نەمـدەتوانی بارودۆخەکـەم بگۆڕم. لەگەڵ ئەوەشـدا بـە گەشـبینی مامـەوە و ئامـادەبووم بـۆ ڕوبەڕوبوونـەوەی پێـشهاتی نـوێ. پێموایـە هەڵوێـستم خـەڵکی باشـی لـە ژیانمـدا پێناساندم.

لـە شـاری (ئۆگەسـتا)ی ویلایـەتی ڤێرجینیـا، کاتێـک لـە هـۆڵی شانۆی کۆمیدی هاوس نمایشم دەکرد، پیاوێکم دەناسی. ناوی چارلی ولیامز بوو، دوکانی جامی ئۆتۆمبێلی هەبوو. لە دوای ئۆتۆمبێلەکەمدا تەرمۆزێکم هەبوو، پڕم دەکرد لـە سـەهۆڵ. ئـەوە بـەفرگری مـن بـوو. لەفـەری بۆڵۆنیـا و پـەنیر و خـەردەلی هـاڕاوم تێـدا هەڵـدەگرت. سۆسەجێکی بۆڵۆنیام دەکڕی – لـەو جـۆرەی کـە نایلۆنـە سـورەکەی بەدەورەوەیە، چونکە ئەو جۆرە بـۆ ماوەیـەکی درێـژتر دەمێنێتـەوە. تەرمۆز گرنگترین شت بوو کە پیاوێکی بـێ مـاڵ و حـاڵ پێویـست بـوو هەیبێت!

ڕۆژێکیـان چـارلی لـە دوکانەکەیـدا چێـشتی سـازدەکرد. لـە مەنجەڵێکی گەورەدا ئەو خۆراکەی لێدەنا کـە پێـی دەگـوترا شـۆربای

جۆرجیا[2]. چارلی سەفەرسازێکی گەورەی بۆ پڕکردم. بەتامترین ژەمە خۆراك بوو. باشترین شت بوو کە تا ئێستا خواردبێتم. ئەو تێری کردم. هەرجارێك بەنێو شاری ئۆگەستادا دەڕۆیشتم، تەرمۆزەکەمی پڕدەکرد لە خۆراك. پێموایە ئەو دەیزانی کێشەیەك هەیە. بەڵام هەرگیز پرسیاری نەدەکرد. ئەو تەنها یارمەتی دەدام، و تا ئەمڕۆش ماوڕێمە! ئەوە خەڵکانی وەك چارلی بوون لە ماوەی ئەو ساڵانەی کە دەربەدەر بووم، وایانلێکردم بەردەوامبم. ئەوەی چارلی بۆیَ کردووم هەرگیز لەبیری ناکەم.

ئەو ماوەیەی کە لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیام، بەدڵنیاییەوە هەستم بە سەرکەوتن نەدەکرد. کاتێك بێ ماڵ و حاڵ بیت زۆر بەگەشبینیەوە لەو دۆخە ناڕوانیت، بەڵام من شتی بچوکم دەدۆزییەوە و ئومێدی خۆم پێدا هەڵدەواسی. سەرەڕای هەموو هەڵەکانم، هەمیشە ئومێدەوارببووم ڕۆژێك بچمە سەر تەلەڤزیۆن. کاتێك لە کۆلێژ دەرکرام، هیواداربوون ڕۆژێك لە تەلەڤزیۆن دەربکەوم. کاتێك لە هاوسەرم جیادەبوومەوە، هیواخوزبوون ڕۆژێك ببم بە کەسایەتییەکی تەلەڤزیۆنی. هەرگیز ساتێك نەبووە بڵێم: "ئەگەر نەبم بە کەسایەتییەکی تەلەڤزیۆنی، چی بکەم؟" بەڵکو بە بەردەوامی کارم کردووە. جێگرەوەی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی خەونەکەم، قوربانیدان، بازدان، ئەوە بوو بەردەوام نەبم. بەڵام ئەوە بژاردەی من نەبوو.

---

[2] شلەیەکە لە قیمە و پەتاتە و پیاز و بەهارات دروست دەکرێت.



Scanned with CamScanner

بـاوەڕ مـنی لـەپاڕەوی خـۆم بـەردەوامکرد. بـاوەڕ کرۆکـی ئـەو شتانەیە کە هیوایـان بـۆ دەخوازیـت. لەسـەرەتادا بـاوەڕ بـوونی نیە. بەڵکو لەو شتانەوە دروست دەبێـت کـە هیوایـان بـۆ دەخوازیـت. من تەنها هیواداربووم ببم بە کەسایەتییەکی تەلـەڤزیۆنی، باوەڕم نـەبوو کـە بەدەسـتی دەهێـنم – تـەنها هیواداربـووم. پاشـان دەرفەتـەکان نزیکبوونەوە و هیواکەم گۆڕا بە باوەڕ.

ئـەو پرۆسـەیەی کـە دەتکەیـەنێت بـە ڕێگـای هیـوا، ڕێنمونیـت دەکات بۆ سەر ڕێگای باوەڕ. بـاوەڕ بڕوابوونـە بـە خەونەکـەت. بـەڵام بـاوەڕ بـەبێ کـردار لەسێدارەدانی خـەون و هیواکانتـە. ئینجیـل، لـە پەرتوکی (یاقوب ٢:١٤)دا دەڵێت: "خوشکان و برایـانم، چ سـوودێکی هەیە ئەگەر یەکێك بڵێت باوەڕم هەیە، بەڵام کرداری نەبێت؟ ئایا ئـەم جۆرە باوەڕە دەتوانێت ڕزگاری بکات؟"

بەمانایەکی تر، خەونەکانت مفت نین. دەتوانیت بـە درێـژایی ڕۆژ خەون ببینیت، بەڵام ئەگەر نەیکەیت بـە کـردار، هـەرگیز خەونـەکانت نابن بەڕاستی. هەرچیت دەوێت دەتوانیت خەونی پێوەببینیت، بـەڵام ئەگـەر ئامـادە نـەبیت بیکـەیت بـە کـردار، ئـەوا بـێ سـوود خـەون دەبینیـت. تـەنها ڕێگەیـەك بـۆ ئـەوەی بزانیـت خەونەکـەت شـایەنی ئەوەیـە شـوێنی بکـەویت، ئەوەیـە هەسـتیت و بیکـەیت بـە کـردار. بەدیهێنانی خەونەکانت مەحاڵ نـین، خـودا تـەنها چاوەڕوانی ئەوەیە ئـەوەی لەسـەر تۆیـە ئـەنجامی بـدەیت. پێویـستە ئامادەبیـت ژیانت تـەرخان بکـەیت بـۆ شـتێکی گـەورەتر لـە خـۆت، ئـەو تاقیکردنەوانـە



Scanned with CamScanner

تێپەڕێنیت کە دێنە سەر ڕێگات، و تا کۆتایی لەسەر ڕاڕەوی خۆت بمێنیتەوە. ئەگەر کۆڵبدەیت، بەهیچ شێوەیەك نازانیت خۆدا چی بۆ ئامادەکردوویت.

...

**"خوشکان و برایانم، چ سوودێکی هەیە ئەگەر یەکێک بڵێت باوەڕم هەیە، بەڵام کرداری نەبێت؟ ئایا ئەم جۆرە باوەڕە دەتوانێت ڕزگاری بکات؟"**

**(یاقوب ٢:١٤)**

...

کاتێك وازم لە کاری بریکاری بیمە هێنا نەمدەزانی دەبم بە قۆشمەچی. بە باوەڕەوە لەگەڵ بەهرەکەم بەڕێکەوتم، ئەو شوێنەم لە خەیاڵمدا دەبینی کە ڕێگەی تێدەچوو پێی بگەم. وەك گوتم، پێشبینیم دەکرد و باوەڕم وابوو بەخشەکانی خودا دامدەپۆشن و نوقمم دەکەن. باوەڕم وابوو هەموو ئەو شتانە بەدەست دەهێنم کە داوام کردبوون. پێشبینی کاری باشم دەکرد. باوەڕم وابوو ئەوەی خەونی پێوەدەبینم ڕۆژێك لە ژیانمدا بەرجەستە دەبێت. تۆش دەتوانیت هەمان کار بکەیت.

هەمیشە بەردەوامبە لە ڕۆیشتن، تەنانەت ئەگەر ڕێگاکە نەزانیت. پێویست ناکات ڕێگاکە بزانیت، پێویستە باوەڕت هەبێت. نابێت هێندە بەسەرنج بیت هەوڵ بدەیت تەواوی وردەکارییەکانی پلانەکە بزانیت. هیچ برگەیەك لە ئینجیلدا نیە بڵێت پێویستە تەواوی وردەکارییەکانی ژیانت بزانرێت. ئەوەی تەنها لەسەر تۆیە ئەوەیە بپرسیت و باوەڕ بکەیت.



Scanned with CamScanner

ئەو ژيانەی کە خودا پلانی داناوە بۆت، ئـەو ژيانـەی کـە خودا نەخشەی کێشاوە بۆت، بەقوڵی لە خەياڵتدا ڕەگی داکوتـاوە. دەبێت خودا لـە بازدانـدا يارمـەتيت بـدات، چـونکە بەدەسـتهێنانی ئـەو شتە سەيرانەی کە لـە خـەياڵتـدان – ڕۆژێـك لـە ڕۆژان بـەناوبانگ بيـت يان ببيتە خاوەنی کۆمپانيای خۆت يان بتوانيـت بـژێوی نـەوەکانت دابين بکـەيت يـان کەلـەپورێك بـۆ خـۆت پێکـەوە بنێيـت– خەونگـەلی زۆر گەورەن. بەڵام مانـای ئـەوە نيـە ناتوانرێـت بهێنرێنـەدی. نـەك تـەنها هێنانەپێش چاوی ئەو ژيانەی کە دەتەوێت بژيت پێويستی بە باوەڕی تەواو و ئامادەباشييە، بەڵکو کارکردن بـە ئاڕاسـتەی ئـەو ژيانـەش – واتە: بازدان – پێويستی بە باوەڕی تەواو و ئامادەباشييە.

بۆ ئەوەی بگەيت بە قۆناغی داهاتووی ژيانت، دەبێت ئامادەبيت بـەردەکانی ژيـان برينـدارت بکـەن. ئـەو برينانـە پێويـستن. کاتێـك دەربـەدەر بـووم، دەمزانـی بـاجی خەونـەکانم دەدەم. پێويـستە هەموومان ئەو باجە بدەين. خودا ڕاهێنەرە. باج و برينەکانت دەبن بە پاڵنەر بۆت. ئەو برين و ڕوشاوييانەی کە بەهۆی بازدانـەوە دووچارت دەبـــن بەرەوپێـــشەوەت دەبـــەن، لەکاتێکـــدا چـــيدی ناتوانيـــت بەرەوپێشەوە بڕۆيت. بـە چـەندين شێوەی جيـاواز برينـدار دەبيت. ڕەنگە کەسێك لەسەر کارەکەت باست بکات. ڕەنگە کەسێك بە شتێك تۆمەتبارت بکات کە تۆ ئەنجامت نەدابێت. ڕەنگە کەسێك زانيارييەکی هەڵە دەربارەی تۆ بڵاوبکاتـەوە. بزانـە ئـەو برينانـە ياريـدەت دەدەن کەسـايەتيت بنيـات بنێيـت. پێويـستە متمانـەت هـەبێت کـە خـودا بەهێزترت دەکات بۆ بازدانی داهاتوو.

خودا ئەو کارەی بۆ من کرد لە ژیانمدا. ئـەو هەمیشە کارەکانـت بۆ ئەنجام دەدات. تەنانـەت لـە تـاریکترین ساتدا، پێویسته بـاوەڕت وابێت. دەزانم چـەند تاریـك دەبێـت. ڕۆژی پێـنج شـەمە بـوو، لەسـەر ڕێگای شاری (پێنسەکۆلا)ی ویلایەتی فلۆریدا بووم، خەریك بوو ئیـدی کۆڵبدەم. تەنها کەمێك پارەم پێمابوو و بڕیارمدا بڕۆمەوە بۆ ماڵەوە و لە باوکم بپرسـم ئایا دەتـوانم بـۆ ماوەیـەکی کـەم لـە هەورەبانەکـەدا بمێنمــەوە تــا لەســەر پێــی خــۆم دەوەســتم، و پاشــان بــڕۆم. تەلەفۆنەکـــەم هـــەڵگرت و پەیوەنـــدیم کـــرد بـــەو (ئـــامێری وەڵامدانەوە)[3] یـەی کـە لـە هەورەبانەکـەی مـاڵی دایکمـدا بـوو. ئـەوان مێڵێکی تەلەفۆنیان پێدابووم، دەمتوانی لەسەرەوە پەیوەندی بکـەم. پەیوەندیم کرد بەو ئامێرەی ماڵەوە. پـەیامێکی دەنگـی گـوتی: "مـن (چەك سـەتن)م لـە *Showtime at the Apollo* وە. گرتەیـەکی ڤیدیۆیی تۆم بینی و هەست بزوێن بوو. لە کۆتایی نمایشەکەی شـەوی یەکشەمەدا کـاتێکی بـەتاڵمان هەیـە. ئەگـەر دەتوانیـت ئامادەبیـت، پەیوەندیم پێوەبکەرەوە کاتەکە بۆ تۆ تەرخان دەکەم." بیییپ.

"واو! دەرکەوتنی تەلەڤزیۆنی!"

پێویست بوو دابنیشم و بـیری لـێ بکەمـەوە. تـەنها ٣٥ دۆلار لـە گیرفانمدابوو. بەشی کڕینی بلیتێکی فڕۆکەی نەدەکرد بۆ نیویۆرك. وە بەپێچەوانەی یانە کۆمیدییەکانەوە، تەلەڤزیۆن بـەخێرایی پارەنـادات. تەلەڤزیۆن دواتر پارەکەت بۆ پۆست دەکات. نەمـدەتوانی باوەڕبکـەم

---

[3]. ئـامێری وەڵامـدەرەوە: ئامێرێکـە دەبەسـترێت لـە تەلـەفۆن. بـەکاردێت بـۆ وەڵامدانـەوە و تۆمارکردنی پەیامی پەیوەندیکار، لەکاتیکدا ئەگەر پەیوەندی پێوەکراو وەڵامنەداتەوە.

که زۆر نزیکم له بەدیهێنانی خەونەکە و هیچ ڕێگایەکم نەبوو تا پێی بگەم. تەنها هەوڵم دەدا ڕێگەچارەیەك بدۆزمەوە. بیرم کردەوە پەیوەندی بە باوکمەوە بکەم بزانم دەتوانم بڕۆم بۆ ماڵی ئەوان. پارەی پێویستم هەبوو بۆ پڕکردنی تانکی ئۆتۆمبێلەکەم، چونکە ئەو کاتە گالۆنێك سوتەمەنی بە یەك دۆلار بوو. دەمزانی ئەگەر هیچ نەخۆم دەتوانم سوتەمەنی پێویست بکڕم. سواری ئۆتۆمبێلەکەم بووم و کەمێك ڕۆیشتم، پاشان بڕیارمدا جارێکی تر پەیوەندی بکەم بە بە ئامێری وەڵامدەرەوەکەوە. بیرم کردەوە ڕەنگە چەك سەتن نەیگوتبێت ئەم یەکشەمەیە. دەستم بە کۆدەکەمدانا. دووبارە گوێم لە پەیامەکە گرتەوە. نەفرەت، ئەم یەکشەمەیە بوو - دوو ڕۆژی دیکە. خەریکبوو تەلەفۆنەکە دابخەمەوە، لەپڕ گوێم لە دەنگێك بوو گوتی: "پەیامێکی دیکەت هەیە." دەستم بە ژمارە ١ دانا. بیپ. "ستیڤ هارڤی، من تۆم سۆبلم لە یانەی کۆمیدی کارەڤانەوە. نازانم لەکوێیت هاوڕێ، بەلام ئەگەر لەهەر شوێنێکی نزیك شاری (جاکسنڤیل)ی ویلایەتی فلۆریدایت، شەوی هەینی نمایشێکم هەیە دەمەوێت تێیدا بەشداربیت. ئەگەر دەتوانیت بگەیتە ئەوێت، هاوڕێ، ١٥٠ دۆلارت پێدەدەم. پەیوەندیم پێوەبکەرەوە."

"سلاو، تۆم، منم ستیڤ."

"سلاو، ستیڤ، دەتوانیت ئامادەبیت؟"

"نزیکەی سێ کاتژمێر لەوێوە دوورم. من لەوێ دەبم، برادەر."



Scanned with CamScanner

کاتێك گەیشتم، تۆم ژوورێکی پێدام. چوومە سەر شانۆ و بە باشترین شێوە نمایشم کرد. ئەو برادەرە ١٥٠ دۆلاری پێدام و گوتی: "پیاوی باش دەبێت بمێنێتەوە. من تۆم زۆر بەدڵە، بۆیە ئەگەر سبەی شەویش بمێنیتەوە ٢٥٠ دۆلارت پێدەدەم."

"لە خزمەتتدام!" پارەکەی پێدام و شەوی شەمە مامەوە. ڕۆژی یەکشەمە زوو هەستام لە خەو و هەموو شتەکانم کۆکردەوە و بەڕێکەوتم بۆ فڕۆکەخانە. ئەو کاتە کۆمپانیای ئیستێرن ئێرلاینس هەبوو. بلیتی چوون و هاتنیان هەبوو. لە جاکسنڤیڵەوە بۆ نیویۆرك بە ٩٩ دۆلار بوو. بلیتەکەم کڕی. کاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆ لە نیویۆرك نیشتمەوە. بەڵام تا کاتژمێر یازدەی شەو نەچوومە سەر شانۆی ئاپۆلۆ.

هیچ شوێنێکم نەبوو بۆی بچم، بۆیە ڕاستەوخۆ چووم بۆ هۆڵی شانۆکە. لەبەردەم دەرگای پێشەوە وەستام و زەنگم لێدا. کەسێك هاتەدەرەوە وابزانم (هارلم)ی کارگوزار یان کەسێکی تر بوو، لە تەنیشتەوە سەیری کردم و گوتی: "کابرا، ئەوە چی دەکەیت؟"

"ئەمشەو نمایشم هەیە."

وادیاربوو قسەکەم سەرنجی ڕانەکێشا، بۆیە گوتی: "ناتوانیت لە دەرگای پێشەوە بێیتە ژوورەوە. هەموو نمایشکاران لە دەرگای پشتەوە دەچنە ژوورەوە."

لەبیرت نەچێت، هەرچیم هەبوو لەم جیهانەدا بەدەستمەوە بوو. نەمدەتوانی شتومەکەکانم لە ئۆتۆمبێلەکەمدا بەجێ بهێڵم، کە لە



Scanned with CamScanner

فلۆریدا ڕامگرتبوو، چونکە ئەگەر کەسێك تالآنی بکردایە تەنانەت پۆشاکەکانیشم نەدەما. هەموو شتومەکەکانم لە دوو جانتای گەورە و قورسدابوو. بەدرێژایی شەقامی ژمارە ٢٥ و بەرەو سەر تا شەقامی فیدریك دۆگلاس ڕۆیشتم و بە پشتدا سوڕامەوە. لەو ساتەدا کارمەندێکی ئاسایشم پێگەیشت و پێی گوتم: "سڵاو، برادەر، چیت دەوێت؟"

"ئەمشەو نمایشم هەیە."

"برادەر زۆر زوو هاتوویت. ئێمە تا کاتژمێر پێنج دەرگاکان ناکەینەوە."

من گوتم :"واه. دەتوانم هەر لێرە چاوەڕێ بکەم؟"

"برادەر، بۆ ناڕۆیتەوە بۆ ماڵی خۆت؟"

"من لێرە ناژیم، برادەر. بەفڕۆکە هاتووم بۆ ئێرە."

"گوتت خەڵکی ئێرە نیت؟"

"نەخێر، برادەر."

"بۆچی ناڕۆیت بۆ ماڵی یەکێك لە هاوڕێکانت؟"

"هیچ کەس ناناسم لێرە. سەیرکە برادەر، ئەگەر ڕێگەم بدەیت بێمە ژوورە و پێم بڵێیت لەکوێدا دابنیشم، هەر لەوێدا دادەنیشم. بەهیچ شێوەیەك ناجوڵێم."

ئەو وەڵامی دایەوە: "قۆشمەچییەکان لە نهۆمی شەشەم دەبن."

یانەی ئاپۆلۆ هیچ باڵابەرێکی لێ نیە. جانتاکانم بەدوای خۆمدا ڕاکێشا تا نهۆمی شەشەم. چوومە ژوورەوە و دانیشتم. کات نزیکی کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ یان شتێك لەو بابەتە بوو. لەوشوێنەدا



Scanned with CamScanner

بەبرسێتی و تینویەتی دانیشتم. هەندێك ئاوم لە بەلۆعەی نێو پارەوەکە خواردەوە. نەچووم خواردن بکڕم چونکە نەمدەویست سەرکێشی بکەم و شتومەکەکانم لەوێدا بەجێ بهێڵم. نزیکی کاتژمێر پێنج هەندێك لە قۆشمەچییەکان هاتن. چاوم کەوت بە دوەین جۆنسن، سێدریکی کەیفۆش و جەیمی فۆکس. هەموومان تەوقەمان کرد و خۆمان بەیەکتر ناساند. لە ڕێگادا ناوی (جەیمی)م بیستبوو، بەڵام هەرگیز پێشتر یەکترمان نەبینی بوو. لەکۆتاییدا، دەستیان کرد بە تۆمارکردنی نمایشەکە. دووەم نمایش هی جەیمی بوو. چوارەم هی من بوو. جەیمی هووهای لێکرا. بینەرەکان خراپ هووهایان لێکرد. بەڕاستی کارێکی ناپەسەند بوو. جەیمی وازی لە نوکتەکانی هێنا و دەستی کرد بە گۆرانی گوتن، و کەمێك بینەرەکانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا. پاشان ئامادەبووان بە هووها کردیانە دەرەوە. جەیمی لەسەر پلیکانەکان دانیشتبوو. بەتەنیشتیدا پێدەپەڕیم بچم بۆ نمایشەکەم، پێم گوت: "برادەر، چی بووە؟ تۆ باشیت؟"

"هووهایان لێکردم. هەرگیز وام بەسەرنەهاتووە، وەستان لەسەر ئەو شانۆیە زۆر سەختە."

وتەکانی زیاتر ترساندمیان. ئەوە یانەی ئاپۆلۆ بوو. پێشتر دەنگوباسیم بیستبوو، بەڵام خۆم ئامادەکردبوو. چوومە سەر شانۆکە و نوکتە بەناوبانگەکەی (مایك تایسن)م کرد و ئەو شەوەم بە پێشوازییەکی پڕ شکۆ کۆتایی هات. کاری تەلەفزیۆنیم لەدایکبوو.

تی. دی. جەیکس دەڵێت: "حەزدەکەم لە ژیانمدا ئەو شتە بکەم کە بۆی لەدایکبووم." بزانە ئەو ژیانەی خەونی پێوە دەبینیت، بۆت



Scanned with CamScanner

بەدیدێت. ئەو شتەی کە لەناختدا دەجۆشێت، چیە؟ ئەو شتە چیە کە ناتوانیت بەهیچ شێوەیەك بەگۆڕینی پیشەکەت بیگۆڕیت، کاتێك بۆت دەردەکەوێت پیشەکەت گونجاو نیە؟

ئەو تۆوەیە کە لە کاتی لەدایکبووندا خودا لە ناختدا دەیچێنێت. بەڵام پێویستی بە ئاودان و خۆراك پێدانە.

بۆ من سەرکەوتن ئەوە بوو ئەو کارە بکەم کە بۆی لەدایکبووم. من بەهرەکەمم دۆزییەوە. نابێت سەرکەوتن تەنها بەدەستهێنانی پارەبێت. من گەلێك خەڵکی زەنگین دەناسم غەمناك و هەناسەساردن و لەکۆتاییدا لەڕووی جەستەیی و ڕۆحییەوە نەخۆش دەکەون و تەواوی سامانەکانیان دەبەخشن تا تەندروست بن. کلیلی سەرکەوتن ئەوەیە، بەو شتەی کە هەتە لە ژیانتدا، لەو بوارەی کە خۆت دەتەوێت، زۆرترین و باشترین دەستکەوت بەدەست بهێنیت. بزانە چی خۆشیت پێدەبەخشێت. مانای سەرکەوتن بۆ خۆت دیاری بکە و پلانێك دابنێ بۆ بەدەستهێنانی. کاتێك من باسی سەرکەوتن دەکەم بەهیچ شێوەیەك مەبەستم پارە نیە. ڕەنگە سەرکەوتن لەلای تۆ لە فراوانکردنی خێزانەکەتدا بێت. ڕەنگە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیکتردا بێت لەگەڵ خودا. ڕەنگە لە دۆزینەوەی هاوسەرێکی ناوازەدابێت. بەڵام نابێت لەپڕ وازهێنان لە کارەکەت بە سەرکەوتن بزانیت، وەك ئەوەی من ئەنجاممدا.

هەموو کەسە سەرکەوتووەکانی ئەم جیهانە بازیانداوە. ئەگەر دەتەوێت خۆراك بدەیت بەو تۆوەی کە لە ناختدایە، ئەگەر دەتەوێت

بەهرەکەت بەکاربهێنیت، ئەگەر دەتـەوێت ئـەو سـەرکەوتنە بەدەست بهێنیت کە تایبەتـە بـە تـۆ، دەبێـت بازبـدەیت. ئەگـەر هـەموو ڕۆژێـك پێتوایە دەبێت ژیانت باشتر بێت لەو ژیانەی ئێستات، کەواتە بـاوەڕت وابێت کە وایە، بەڵام بۆ بەدەستهێنانی ئەو ژیانە دەبێت بازبدەیت.

تاکـە جیـاوازی نێـوان کەسـە سـەرکەوتووەکان و خـەڵکی دیکـە ئەوەیە تا چەند بەڕاستی و بەدلگەرمی باوەڕیان بە خەونەکانیانە. ئەو خـەون و بیرۆکـە سـەیرانە – کـە ڕۆژێـك بـەناوبانگ دەبیـت، زەنگـین دەبیت، لە هاوینەهەوارێکدا دەبیت بە خاوەنی خانوویـەك، دەتوانیـت بـڕێوی بـۆ نـەوەکانت دابـین بکـەیت، کەلـەپورێك بـۆ خـۆت پێکـەوە بنێیت، دەبیت بە باشترین قوتابی پۆلەکـەت، دەبیـت بـە بـەڕیوەبری کۆمپانیایەك – بهێنە پێش چاوت و دەستیان لێ هەڵمـەگرە. بـاوەڕت بەوە هەبێت کە لە خەیاڵتـدا دەیبینیـت. بـوون بـە نوسـەر، بـوون بـە خاوەنی کۆمپانیای بارهەڵگر، کردنەوەی سالۆنی خۆت – هـەر شـتێك بێـت – ئـەو شـتەی بـەردەوام لـە خەونتـدا بێـت بەدیـدێت. بـەڵام بـۆ بەدەستهێنانی ئـەوەی لـە خەیاڵتدایـە و بـۆ بـەدیهێنانی خەونـەکانت، پێویستە بازبدەیت. لە ژیاندا شتە مەزنـەکان نزیـك نـین و بـە ئاسـانی نادۆزرێنەوە، کاتێك دەیاندۆزیتەوە، بەئاسانی بەدەسـتیان ناهێنیـت. ئەڵماسـەکان لەسـەر زەوی نەکـەوتوون، مرواریـیـەکان لەسـەر گـژوگیا دانـەنراون و چـاوەڕێ تـۆبن. ئەڵماسـەکان لـەنێو جەرگـەی زەویـدا دەدۆزرێنەوە. مرواریيەکان لە قوڵایی دەریادان. ئەگـەر شـتی زیـاترت لە ژیان دەوێت، ژیانیش زیاتری لە تۆ دەوێت. ناتوانیت بەبێ کۆشش و ڕەنجکێـشان بەدەسـتی بهێنیـت. ئەگـەر چـەندین میـل زەوی

هەڵنەکۆڵێیت و کاری سەخت و ماندوکەر ئەنجام نەدەیت، هەرگیز ئەوت نادۆزیتەوە. هیچ گەرەنتییەك نیە ئەوەی دەتەوێت بەدەستی بێنیت، بێگومان کتوپڕ بەدەستی ناهێنیت. بەلاّم من دڵنیات دەکەمەوە ئەگەر هەوڵ نەدەیت، ئەگەر بازنەدەیت، بەدەستی ناهێنیت. هەرگیز سەرکەوتنی ڕاستەقینە مفت نیە، دەبێت هەندێك کار ئەنجام بدەیت. بەلاّم بیهێنە پێش چاوت ئەگەر هەوڵ بدەیت سەرکەوتوو دەبیت. متمانەم پێبکە، شایەنی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدەیت.



Scanned with CamScanner

# 3

# ئەگەر بەناو دۆزەخدا دەڕۆیت، بەردەوامبە

Scanned with CamScanner

له ئامێزگرتنی تەنگانه زۆر گرنگه بۆ ئەوەی بزانیت تواناى بەرگەگرتنت چەندە. هەروەها باوەڕبەخۆبوونت پێدەبەخشێت،
کە دەبێتە خۆی نزیکبوونەوەت لە ژیانێکی پڕ بەخشش.

ساتی تەنگەژە بەتەواوی پێت دەڵێت کە
تۆ کێیت، ئەوە ئەو ساتەیە کە دەبێت
بەتەواوی بەسەریدا زاڵبیت.

ژیان زنجیرەیەکە لەو وانانەی کە فێریان بوویت
و لەو کۆسپانەی کە بەسەریاندا زاڵبوویت.

کەسە سەرکەوتووەکان دەزانن زۆرجار
بڕیاردان واتە هەڵبژاردنی بژاردەی سەختەکە.



Scanned with CamScanner

**بەدڵنیاییەوە هیچ گرفتێک نیە لە ژیاندا**
**کە خودا زاڵینەکردبیت بەسەریدا یان**
**هەنووکە زاڵت نەکات بەسەریدا.**

**کاتێک توشی کێشەیەک دەبیت، کاتێک خۆت لە بنی چاڵێکدا دەبینیتەوە. پێویست ناکات لەدەرەوە بەدوای هاوڕێ ڕاستەقینەکانتدا بگەڕێیت. بەڵکو هاوڕێ ڕاستەقینەکانت خۆیان دێنە نێو چاڵەکە بۆلات.**

چەند ساڵێك لەمەوپێش پەیوەندیم کرد بە کۆمپانیایەکی نوێی بەڕێوەبردنی سەرچاوە مرۆییەکان. ئەم کۆمپانیایە دەیویست هەستێت بە گێڕانی مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون. بەمەبەستی کۆکردنەوەی داهاتی زیاتر بۆ کۆمپانیاکە، بریکارەکەم لێی پرسیم ئایا دەتوانم من ببم بە پێشکەشکاری مەراسیمەکە. من زۆر دڵخۆش بووم. وا لێکمدەدایەوە بەڕێوەبردنی مەراسیمی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوون و ڕووبەڕووبوونەوەی ملیارەها بینەر لە سەر شانۆ و هەروەها بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەسەر شاشەی تەلەڤزیۆن، لە سەرانسەری جیهاندا، گەیشتنە لوتکەی ئەو ئامانجەیە کە چەندین ساڵە هەوڵی بۆ دەدەم.

سـێ ڕۆژ کاتمـان هـەبوو بـۆ پۆڤـەکردن تـا دڵنیـابین هـەموومان ئامادەین. من لە هەموو ئامادەکارییە تەکنیکییەکاندا بەشداریم کرد، لەوانــەش ئامادەکــاری و پــشکنینی دەنــگ و ڕونــاکی. هــەروەها بەشداربووم لە هەموو ئەو دانیشتنانەی کە پرۆڤەی دەقی تێدا دەکرا – هـەمووومان لـە چـواردەوری مێزێـك کۆدەبوینـەوە و تـەواوی دەقـی مەراسمەکـەمان دەخوێنـدەوە. ڕۆژی مەراسـیمەکە کاتـژمێر شـەش و سی خولەکی بەیانی لە شوێنی مەراسیمەکە، لە هۆڵی ئاکسس، من و هەشتا ڕکابەری نازناوەکە ئامادەبووین بۆ پرۆڤەی کۆتایی.

هەتا شەو و کاتی مەراسـیمەکە، بـوارم بـۆ ڕەخسا لـە نزیکـەوە لەگەڵ زۆربەی زۆری ئەو خانمانەدا بدوێم. ئاریادنا گـوتێرێز شـاجوانی کۆلۆمبیا عاشـقی ئـاژەڵ و بەڕێوەبـەری دامەزراوەیـەك بـوو هاوکـاری مندالانی کەمدەرامەتی دەکرد. لە تـەمەنی حەڤـدە سـاڵییەوە دەسـتی بە کاری مۆدێل کردبوو تا بتوانێت خەرجی کۆلێژ دابین بکات، کـە لە بەشی بانگەشەی بازرگانی دەیخوێند. پیا ورتزباك شـاجوانی فلیـپین، لەگەڵ دایکـی و خوشـکەکانیدا دەژیـا و لـە تـەمـەنی یـازدە سـاڵییەوە دەستی بە کاری مۆدێل کردبوو تا بتوانێـت بـژێوی خێزانەکـەی دابـین بکات. سێ جار بەشـداری مەراسـیمی هەڵبـژاردنی شـاجوانی فلیپینی کردبوو. لە سێیەم هەوڵیدا سەرکەوتوو بوو و شەرەفی بەشداری کردنی هەڵبژاردنی شاجوانی گەردوونی بەدەستهێنا. بـۆ بەدەسـتهێنانی ئـەم نازناوە، ماوەی چەندین ساڵ لە ژوورەکەیدا چەندین کاتـژمێر و ڕۆژ و هەفتەی بە مەشق کردن بەسەربردبوو. چەند دەیەیەك پێشتر فلیـپین



Scanned with CamScanner

تاجی شاجوانی گەردونی بەدەستهێنابوو، پیا سوربوو لەسەر ئەوەی جارێکی تر ئەو شانازییە بگێڕێتەوە بۆ نیشتمانەکەی.

بە قسەکردن و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو خانمانەدا، تێگەیشتم کە چەندە ئەو مەراسیمەیان لەلا گرنگە. بۆ ئەم خانمە بەهرەمەندانە، بەدەستهێنانی نازناوەکە یان تاجەکە گرنگ نەبوو، بەڵکو بەدەستهێنانی شانازی بۆ خێزان و وڵاتەکانیان گرنگ بوو. ئەوان پێشبڕکێیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی نازناوی باڵاوێزی جیهانی بۆ نەتەوەکانیان. پیا گوتی: "کاتێک مەراسیمەکە دەستپێدەکات، جیهان چاوی لەسەر فلیپین دەبێت. ئەم مەراسیمە وەك یاری بۆکسێنی (نانی مەك ویاو) وایە. هەموو کەسێك لە ناخی خۆیدا چاوەڕوان و تامەزرۆی ئەو ساتە تایبەتەیە." تاجەکە ئەو شتە بوو کە ئەم خانمە گەنجانە هەر لە منداڵییەوە مەشقیان بۆ دەکرد و بە ئاواتیەوە بوون. وەك چۆن نازناوی شاجوانی گەردوون خەونێك بوو بۆ ئەوان، بەهەمان شێوە پێشکەش کردنی مەراسیمەکەش خەونێك بوو بۆ من.

لە ماوەی پرۆڤە کردندا، لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە کارمەندانی پشت شانۆ ئاشنابووم. هەرگیز لوو لە بیرناکەم، کە خوشکێکی لە من بەتەمەنتر بوو، تەواوی پرۆڤەکەی بەڕێوەدەبرد. لوو مامۆستایەکی زیرەك و توندوتیژی سەمابوو، کە ڕێنمونی بەشداربووەکانی دەکرد چۆن بڕۆن و لەکوێدا بوەستن. ئەو کەسێکی شارەزا و خوازەڵۆك بوو. ماندوونەناسانە ئەو شتانەی پێ دەگوتن کە پێویست بوو بۆ



Scanned with CamScanner

مەراسیمەکە. تێبینیم کرد ئەو ژنە زۆر بەجدی کاری دەکرد و ماوەی چەندین کاتژمێر فێری ڕۆیشتنی دەکردن و شوێنەکانی خۆیانی نیشان دەدان. دەیگوت: "تۆ ڕێك نەوەستاویت. بە هاوسەنگی بڕۆ. سەرت ڕاست بگرە. بە ناز و مەکرەوە بوەستە! با خەڵکەکە هەستی پێبکەن. ئاگات لە شێوەی وەستانت بێت!"

من لەگەڵ هەموان گاڵتەم دەکرد تا کەش و هەواکە خۆش بکەم. بەڵام لەبەرئەوە وامدەکرد تا ڕکابەرەکان ئاسوودەبن و چێژ لە ئەزموونەکە وەربگرن. ئەوانیش گاڵتەوگەپەکانی منیان بەرز نرخان. دواتر پێیان گوتم کە لە شڵەژاوی کەمکردونەتەوە.

ئێمە هەموو ڕۆژێك پرۆڤەی کۆتا ساتی بانگکردنی براوەی نازناوەکە و هاوەڵی یەکەممان دەکرد. من دەمگوت: "هاوەڵی یەکەم بریتیە لە . . ." و "شاجوانی گەردوون بۆ ساڵی ٢٠١٥ بریتیە لە . . . لوو!" من بەدرێژایی ماوەی پرۆڤەکە ناوی (لوو)م بەکاردەهێنا، چونکە نەمادەویست هیچ یەکێك لە بەشداربووەکان بێ هیوابن.

لەکۆتاییدا گەیشتینە شەوە مەزنەکە، شەوی مەراسیمەکە. من بە چاکەتی سپی و بۆینباخە گوڵبەستەکەمەوە چوومە سەر شانۆ. ئامادەبووان لە تامەزرۆیی چاوەڕوانی شەوی پێشبڕکێکەدا دەستیانکرد لە چەپڵەڕێزان. کەش و هەواکە وروژێنەربوو. هەوومان ببووین بە بەشێك لەو جۆش و خرۆشە. ئامادەبووان هەریەکە و ئاڵای وڵاتی خۆی ڕادەوەشاند. سەرەتا بە هاتنە سەر شانۆ و خۆنواندنی بەشداربووان دەستمان پێکرد. پاشان نمایشی جل و بەرگی مەلەکردن



Scanned with CamScanner

و پۆشاکی ئاهەنگ و خستنەرووی بەهرەی بەشداربووەکان پێشکەش کرا، دواتر بە پرسیار و وەڵام کۆتاییمان پێ هێنا.

پاشان گەیشتینە ئەو ساتەی کە هەمووان چاوەڕێی بوون. سێ خانم لە بەشی پێشەوەی شانۆکە وەستێنران، ئەوانیش شاجوانی ئەمریکا، شاجوانی کۆلۆمبیا، شاجوانی فلیپین، بوون – ئەم سیانە گەیشتبوونە قۆناغی کۆتایی. کارتێکم بەدەست گەیشت ناوی هاوەڵی یەکەم و براوەی نازناوەکە و هاوەڵی دووەمی لەسەر بوو. لە هەموو پرۆڤەکاندا تەنها دوو ناوم پێدەدرا. کارتەکەم بەرزکردەوە بۆ لای سنگم و بە پەنجە گەورەیَ دەستم ناوی (هاوەڵی دووەم)م داپۆشی، کە لەسەر کارتەکە چاپکرابوو. ناوی شاجوانی ئەمریکام وەك هاوەڵی یەکەم خوێندەوە.

ئامادەبووان دەستیان کرد بە چەپڵەڕێزان. ئێستا ئیتر شاجوانی کۆلۆمبیا و شاجوانی فلیپین یەکێکیان براوەی نازناوەکە بوون. حەفتا و هەشت بەشداربووەکەی دیکە چەند پێیەك دوورتر لە پشتیانەوە بەڕیز وەستابوون. شاجوانی کۆلۆمبیا و شاجوانی فلیپین دەستی یەکتریان گرتبوو، بەدڵنیاییەوە نزایان دەکرد. شاجوانی فلیپین عەزییەکی شینی شاهانەی لەبەردابوو و شاجوانی کۆلۆمبیا عەزییەکی برۆنزی درەوشاوەی لەبەردابوو، زۆر دڵخۆش بەکەیف دیاربوون.ڕوناکی هۆڵەکە لەسەر ئەو دوو خانمە بوو. ناوی شاجوانی کۆلۆمبیا دووەم ناوبوو لەسەر کارتەکە.

هەمان ئەو دەستەواژەیەم خوێندەوە کە لەسەر شاشەکەی بەردەمم نوسرابوو و سێ ڕۆژ پرۆڤەم لەسەر کردبوو: "شاجوانی

گەردوون بۆ ساڵی ٢٠١٥ بریتیە لە . . ." دەنگێک بەگوێمدا چرپاندی – بوەستە . . . بوەستە . . . بوەستە . . . ئێستا بیخوێنەوە! – "شاجوانی کۆڵۆمبیا!" بارودۆخەکەم ورووژاند. ئامادەبووان شێتانە هاواریان دەکرد. شاجوانی کۆڵۆمبیا پیش ئەوەی لە شاجوانی فلیپین نزیك ببێتەوە و لە ئامێزی بگرێت، دەستەکانی خستە سەر چاوەکانی و باوەڕی نەدەکرد. ڕوناکییەکان هەڵکران. ڕوناکییە زەردەکەی پشتی خانمەکان وەك تاڤگەیەکی زێڕین دەهاتە خوارەوە. پشتێنی شاجوانی گەردوون لە باڵای شاجوانی کۆڵۆمبیا ئاڵێنرا. ڕۆندك بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە. ناو ئامادەبووان وەك شێتخانە وابوو. شاجوانی کۆڵۆمبیا گوڵ و ئاڵای کۆڵۆمبیای پێبەخشرا. ئامادەبووان بە دەنگی بەرز خۆشەویستی خۆیان بۆ دەربڕی. لە هەمان کاتدا، ئامۆزاکەی، شاجوانی پێشوی کۆڵۆمبیا، بە خۆی و تاجەکەوە هاتە سەر شانۆ. یەکتریان ماچکرد و یەکتریان لە ئامێزگرت. پاولینا ڤێگا تاجی شاجوانی گەردوونی کردە سەر ئاریادنا گوتێرێز. پاشان ڕوناکییەکەی پشتی بەشداربووەکان گۆڕا بۆ ڕوناکییەکی زیوی شێوە تونێلی. ئامادەبووان هەڵبەز و دابەزیان دەکرد و ئاڵایان ڕادەوەشاند. ئاریادنا ماچی بۆ ئامادەبووان هەڵدەدا، ئاڵای ڕادەوەشاند، دەستی دەخستە سەر دڵی، مستی دەگوشی ئەشکەکانی دەسڕی. کۆمەڵێك لە هەوادارەکان لە کۆڵۆمبیاوە هاتبوون دروشمیان بەرزدەکردەوە، لەڕیزی پێشەوە وەستابوون و چەمووش ببوون.



Scanned with CamScanner

پاشـان مـن لـه پـشتى شـانۆوه وەسـتام، لـه بيـستۆكەكەمدا پێمگـوترا: "ئـەو نـاوه هەڵەيـە!" سـەيرى ئـەو كارتـەم كـرد كـە بەدەستمەوه بوو، ناوى هەردوو هاوەڵ و براوەى نازناوەكـەى لەسـەر بوو. سـەيرمكرد نـاوى بـراوەى نازناوەكـە لـە بەشـى خـوارەوەى لاى ڕاستى كارتەكە نوسراوه نەك ناوەڕاست. ئەمە ئەو شێوازه نـەبوو كـە من پێشبينيم دەكرد يان پرۆڤەم لەسەر كردبوو.

پـشتى شـانۆ پـشێوى تێكـەوت. لـە بيـستۆكەكەمدا پێمگـوترا: "دەبێـت ئەمـە چارەسـەر بكـەين." لەسـەر شـانۆ هـەراوهورياكان بەردەوام بوون. هێشتا شاجوانى كۆلۆمبيـا دەگريـا و ئامـادەبووانيش چەپڵەيان لێدەدا.

لـه پڕجۆشـترين سـاتى شـەوى مەراسـيمەكەدا، يـەكێك لـە بەڕێوەبـەرانى پـشتى شـانۆ كـە پێشتر لـە مەراسيمەكانى ڕابـردوودا بەشداربيبوو، گـوتى: "لەڕاسـتيدا پێويـستبوو سـەرەتا نـاوى هـاوەڵى دووەم، پاشا هاوەڵى يەكەم، دواتر براوەى نازناوەكـە بخوێنيتـەوه."
هيچ كـەس ئـەم زانيارييـەى بـە مـن يـان بـە ئـەو كەسـە نـەدابوو كـە زانيارييەكانى دەخسته سەر شاشەكەى بەردەمم. بـە حەپەسـاوى لـە پشتى شانۆ وەسـتابووم. پەشـۆكاو و بـێ ئومێـدبووم چـونكە بەهەڵـە ناوەكەم خوێندەوه. چۆن دەبوو ئەوه ڕووبدات؟

لەنێو ئەو دۆخەدا، گوێم لە باوكم بوو دەيگوت: "پياوبە. هەسته سەر پـێ. دەسـتەكانت بخـە پـشتت. خـۆت گـورج بكـەرەوه. ئازابـە. سنگت دەربپەڕێنە و چارەسەرى بكە." گوێم لە دايكم بـوو دەيگوت:

"هەمیشە دەبێت کارە ڕاستەکە ئەنجام بدەیت. تەنانەت ئەگەر ئازاربەخشیش بێت." دایك و باوکم فێریانکردم چۆن ڕووبەڕوی تەنگانە ببمەوە. لەو سێ خولەکەدا، من پێشکەشکاری تەلەڤزیۆن نەبووم، بەڵکو کوڕی دایك و باوکم بووم. دەمزانی کارە ڕاستەکە ئەوەیە بەخێرایی هەڵەکە ڕاست بکەمەوە، تاوەکو هەر لەوێدا شاجوانی فلیپین بە ساتی شایستەی خۆی بگات و وەك شاجوانی گەردوون تاجداربکرێت.

لەو ساتەدا پێویست بوو بڕیارێك بدەم، بەڵام بڕیارێکی ئاسان نەبوو. بەڵێ، دەمتوانی لە پشتی شانۆ بمێنمەوە و مەراسیمەکە بەردەوام بێت و هیچ شتێك نەکەم. دەمتوانی لەبەرچاوی جیهان بەرپرسیارێتی ئەو هەڵەیە نەگرمەئەستۆ. بەڵام دایك و باوکم بەو شێوەیە پەروەردەیان نەکردووم. تاکە بژاردەی من ئەوە بوو هەڵەکە ڕاست بکەمەوە. لەسەر مێزەکەم تابلۆیەك هەیە لێی نوسراوە ئەگەر بەنێو دۆزەخدا *دەڕۆیت، بەردەوامبە*. نەدەوەستام. پێویست بوو بەردەوام بۆ پێشەوە بڕۆم. ئەو ساتە پڕ تەنگەژەیە وایلێکردم کەسایەتیم بەرەوپێش ببەم. پێویست بوو بازبدەم.

مەراسیمەکە بۆ بەشداربووان گرنگ بوو. ئەوان بەشێکی زۆری ژیانیان بە کارکردن بەسەر بردبوو تا بتوان لەسەر ئەو شانۆیە بوەستن و نوێنەرایەتی خێزان و وڵاتەکانیان بکەن. بردنەوەی نازناوی شاجوانی گەردوون دەیتوانی ژیانی یەکێك لەم خانمە گەنجانە بۆ هەمیشە بگۆڕێت. نەمدەتوانی ڕێگری بکەم لەوەی براوە ڕاستەقینەکە دەرفەتی خۆی وەربگرێت و وەك شاژنی گەردوون بێتە سەر شانۆ.



Scanned with CamScanner

بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ چەند کەس بەهۆی ئەو هەڵەیەوە نائیراو دەبن. کاتی ئەوە نەبوو پەنجە بۆ کەسێکی تر ڕابکێشم یان لۆمەی کەسێکی تر بکەم. لۆمەکردن کاری من نیە، بەڵکو هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی کاری منە.

مـن پێشتر بـاجی زۆرم دابـوو تـا بـبم بـە کەسـایەتییەکی تەلەفزیۆنی. بیست سـاڵی ڕابـردوو بەسـەرکەوتووی پێشکەشکاری بەرنامە شۆئامێزەکان بووم. بـەڵام چـەندین کـەس لـە پشتی شانۆوە بوون ڕەنگـە نـەیانتوانیبا کـارێکی دیکـەیان دەست بکـەوێت ئەگـەر بەرپرسـیارێتی ئـەو هەڵەیـەیان لـە ئەسـتۆگرتبا. ئـەو تاقمـە چـەندین کەسی لاوی تێدابوو پیشەکەی لەکەدار دەبوو. نەمدەتوانی بێ پـەروا خۆم لە بابەتەکە بدزمەوە. بۆ من وا شیاو بوو تەنها کوڕی (جێسی) و (ئێلۆین) بم.

بڕیاردانم بـۆ گەڕانـەوە بـۆ سـەر شـانۆ دەرئـەنجامی هـەموو ئـەو شتانە بوو کە دایك و باوکم فێریان کردبووم. کرۆکی ئـەو بابەتـەی کـە من تا ئێستا چ کەسێك بووم - ئەو کەسەی کە دایـك و بـاوکم فێریـان کردبووم وابم و بـاوەڕبوونم بـە خـودا - بـوو بـە پاڵپشت بـۆم کاتێـك ویستم بازبدەم.

ئەوە بەدەست خۆم نەبوو. خودا توشـی ئـەو ساتەی کـردم، وە پێویستبوو متمانەم هەبێت هـەر خۆشی دەربـازم دەکـات. لـە پشتی شانۆوە چـەندین کـەس هـەبوون دەیانویـست دۆخەکـە چـۆنە هـەروا بڕوات پاشـان لـە ڕۆژنامـەی سـبەینێدا لێـدوان بـدەن. مـنش ئـەوەم نەدەویست.



Scanned with CamScanner

... ——————————— ...

**خودا توشی ئەو ساتەی کردم، وە پێویستبوو متمانەم هەبێت هەر خۆشی دەربازم دەکات.**

... ——————————— ...

هەستم کرد دەبێت شاژنی گەردوون مافی خۆی پێبدرێت. ئەو شایەنی ئەوە بوو لەبەردەمی هەمواندا تاجی لەسەر بنرێت. پێویست بوو بەخێرایی هەڵەکەم ڕاست بکەمەوە.

زۆرم لە قاچەکانم کرد تا بمگەڕێننەوە بۆ سەر شانۆ. باوەڕم پێبکە ئەوە سەخت بوو. هێشتا هەوادارانی شاجوانی کۆلۆمبیا هاواریان دەکرد و ئالآیان ڕادەوەشاند، ئەویش دەستی بۆ ڕادەوەشاندن. بەهێواشی گەڕامەوە بۆ ئەو شوێنەی کە لێی وەستابووم. دوو خولەکی خایاند تا هات و هاوار و مۆسیقاکە نیشتەوە. پاشان گوتم: "من دەبێت داوای لێبوردن بکەم." شاجوانی کۆلۆمبیا ڕووی لای بەشداربووەکانی دیکە بوو کە لە پشتەوە بەڕیز وەستابوون، لەم ساتەدا ئاوڕی دایەوە و ڕووی کردە من. فرمێسکەکانی دەسڕی و پێدەکەنی. چاوم بڕییە ئەو کارتەی کە بەدەستمەوە بوو. زۆر لەوە سەختتر بوو کە بیرم لێدەکردەوە. بۆ چەند ساتێك نەمتوانی زارم ببزوێنم. هاواری خۆشی و چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان گوێی کەڕدەکرد. بەئاستەم دەنگم دەبیسترا. بیرم کردەوە: "دەبێت ئەمە چاك بکەومەوە، دەبێت ئەمە چاك بکەمەوە." پێویست بوو بە شاجوانی کۆلۆمبیا و ئامادەبووان و هەموو بینەرانی سەرانسەری جیهان بڵێم کە من هەڵەم کردووە، و ئەو شاجوانی

گەردوون نیە. بەشداربووەکان پێدەکەنین، وایاندەزانی بەجۆرێك لە جۆرەکان گاڵتە دەکەم، وەك چۆن لەکاتی پرۆڤەدا گاڵتەم دەکرد. لەکۆتاییدا، کاتێك کەمێك ژاوەژاوەکە نزمبووەوە، بەڕوونی و بەهێواشی گوتم: "هاوەڵی یەکەمی شاجوانی گەردوون بریتیە لە شاجوانی کۆڵۆمبیا."

چەند ساتێك بێدەنگی باڵی بەسەر هەمواندا کێشا. پاشان ئامادەبووان دەستیان کردەوە بە خۆشی دەربڕین. سیمای شاجوانی فلیپین سەرسوڕمانی پێوەدیاربوو. شتێکی بەگوێی شاجوانی ئەمریکادا چرپاند. پیا کە زانی شاجوانی کۆڵۆمبیا هاوەڵی یەکەمە، کەواتە خۆی دەبێت بە شاجوانی گەردوون. بۆیە دەستی خستە سەر دڵی. من ڕامگەیاند: "شاجوانی گەردوون بۆ ساڵی ٢٠١٥ بریتیە لە شاجوانی فلیپین."

شاجوانی فلیپین بە دوودڵیێ هاتە پێشەوە و دەستی لەسەر دەمی بوو. کاتێك لە شاجوانی کۆڵۆمبیا نزیك بووەوە زیاتر هەنگاوەکانی هێواش کردەوە. بەڕوونی دیاربوو هەردووکیان نائاسوودەبوون. ڕوناکی شانۆکە گەڕایەوە بۆ ڕەنگە ئاڵتونییە ناڤگەئاساکە. پاولینا ڤێگا گەڕایەوە بۆ سەر شانۆ و لەنێو هەردوو خانمەکەدا وەستا. دەستی خستە سەر پشتی شاجوانی کۆڵۆمبیا و بەنەرمی دەیدا لە پشتی تا دڵنەوایی بکات.

"خەڵکینە گوێبگرن، با ئەمە ڕوون بکەمەوە. بەتەواوی ئەمە نوسراوە لەسەر کارتەکە. من بەرپرسیارێتییەکەی لەئەستۆ دەگرم.



Scanned with CamScanner

ئەوە هەڵەی مـن بـوو. ئـەوەتا لەسـەر کارتەکـە نوسـراوە. هەڵەیـەکی ناخۆشە، بـەڵام ڕاسـتەکەی ئەمەیـە. دەتـوانم هــەر ئێستا پیشانتانی بـدەم." کارتەکـەم بـەرزکردەوە و گـوتم:"هـاوەڵی یەکـەم بریتیـە لـە شـاجوانی کۆلۆمبیـا. ئەمــە هەڵــەی منــە . . . . تکایـە بـە هەڵـەی خانمەکانی مەزانن."

پاولینا ڤێگا تاجەکـەی لـە سـەری شـاجوانی کۆلۆمبیـا داگـرت و کردیە سەری شاجوانی فلیپین.

کۆمەڵێك لە هەوادارى کۆلۆمبى لە ڕیزی پێشەوە بوون لە خۆشی دەربڕینـەوە دەسـتیان کـرد بـە هووهـاکردن. دەسـتیان کـرد بـە هاوارکردن: "درۆزن، درۆزن! ئەوە ساختەیە!"

هەموو ئەوەی پێویست بوو لەو ساتەدا ئەنجامی بدەم ئەوە بوو بـەو شـێوەیە ڕەفتاربکـەم کـە لەسـەر پـەروەردەکرابووم: هـەموو بەرپرسیارێتییەکەم گرتە ئەستۆ. ئامادەبووم باجەکـەی هەرچی بێت بیدەم.

بۆ جاری دووەم کاتێك گەڕامـەوە بـۆ پـشتی شـانۆ، جەهەنـەمێك بەرپابوو، بەڵام کاتێك گەڕامەوە بۆ ژووری خۆگۆڕینەکـەم ئارامییـەك تەواوی دەروونمی گرتـەوە. بەرپرسـیارێتییەکەم هـەڵگرت و وەك ئـەو پیاوە ڕەفتـارم کـرد کـە دایـك و بـاوکم دەیانویـست. بازمـدابووە نێو جەرگەی کارەساتێکەوە و هەوڵم دەدا چاکی بکەمەوە.

چـــەند خولـــەکێك دواتـــر، دەرهێنەرەکـــە هاتـــە ژووری خۆگۆڕینەکەمـــەوە. گـــوتی: "ببـــورە، ســـتیڤ، هـــەموو کەسـێك هەڵدەکات."



Scanned with CamScanner

من نەمگوت هیچ کەس بە من یان بە ئەو کەسەی کە شاشـەکەی بەردەممی ئامادە دەکرد نەگوتبوو کە دەبێت لەبری دوو ناو، سێ ناو رابگەیەنرێت، بەو شێوەیەی کە کە پرۆڤـەمان لەسەر کردبـوو. بـەڵکو تەنها گوێم گرت.

پاشــان دەرهێنەرەکــە گــوتی: "کۆنگرەیــەکی ڕۆژنامــەوانی دەبەستین، بەڵام نامەوێت تۆ هیچ بڵێیت."

ســەرم ڕاوەشــاند و گــوتم: "نــەخێر، مــن دێـم بـۆ کـۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکە و دەمەوێت بڵێم من هەڵەم کرد."

"ستیڤ، پێویست ناکات ئەوە بکەیت."

"بێگومان وادەکـەم. مـن بـەو شـێوەیە پـەروەردەکراوم کـە ئـەو پیاوەبم بەرپرسیارێتی کارەکانم هەڵبگرم، تەنانەت ئەگەر پێویستیش نـەکات. کەسـێکی هـیچ و پـوچ و ترسـنۆك نـابم تـەنها لەبەرئـەوی بارودۆخێکی سەختە یان ناخۆشە."

ساتی تەنگەژەکـە بەتـەواوی پیـشانیدام کـە چ کەسـێك بـووم، هەروەها بۆ تۆش بەهەمان شێوە دەبێت. ئەو خولەکەی ژیانت پـەرت دەبێت، ناتوانیت وا خۆت نیشان بدەیت کـە کەسـێکی دیکـەیت جگـە لەو کەسەی کە خودا دروستی کردوویت وابیت. لە ئامێزگرتنی تەنگانە زۆر گرنگە بۆ ئـەوەی بزانیـت توانـای بەرگـەگرتنت چـەندە. هـەروەها باوەڕبەخۆبوونت پێدەبەخشێت، کە دەبێتە خـۆی نزیکبوونـەوەت لـە ژیانێکی پڕ بەخـشش. تەنگانـەکان لـە دژی تـۆ ڕوونـادەن، بـەڵکو بـۆ بەرژەوەندی تۆ ڕوودەدەن. نابێت بەسەرشۆڕی لە گۆشـەیەکدا خـۆت



Scanned with CamScanner

قـەتيس بكـەيت و وەك قوربـانى لـە خـۆت بڕوانيـت. بـەڵكو پێويستە بزانيت چ كەسێكيت و خۆت بناسيت كاتێك دۆخەكە سـەخت دەبێت. ئەمە هەلە بۆ ئەوەی بزانيـت چـی فێربوويـت لـەو ژيانـەی كـە پێشتر تێيدا بوويت و گوزەشتوتە. ژيان زنجيرەيەكە لەو وانانەی كـە فێريان بوويت و لەو كۆسپانەی كە بەسەرياندا زاڵبوويت.

...

**تەنگانەكان لە دژی تۆ ڕوونادەن،**

**بەڵكو بۆ بەرژەوەندی تۆ ڕوودەدەن.**

...

كاتێك تۆ لۆمە دەكرێيت، لەكاتێكدا كە پێويـستە كەسانی ديكـە لۆمە بكرێن. دەبێـت بزانيـت بۆچـی تـۆ جيادەكرێيتـەوە. دەگونجێت لەبەرئەوە بێت هاوڕێكانی ديكەت نـەتوانن بەرپرسـيارێتی هـەڵبگرن و نەيانەوێت ماوەی سێ ڕۆژ لە كارەكەيان دەربكـرێن. ڕەنگـە بپرسـيت بۆچی منداڵەكەت هەميشە لە ژووری بەڕێوەبەری قوتابخانەيە. ڕەنگە جارێكی ديكە دووچاری تەنگەژەی تەندروستی ببيت. دەبێـت بزانيـت ئەو ساتەی كە توشی تەنگانەيەك دەبيت، پێويستە خۆتی لێ دەرباز بكەيت. لەگەڵيدا مەجەنگە. بەڵكو وانەی لێ فێرببە.

ڕاســـتەوخۆ دوايـــی مەراســـيمەكە چـــووم بـــۆ كـــۆنگرە ڕۆژنامەوانييەكـە. ژوورەكـە سـيخناخ بـوو. بەلايـەنی كەمـەوە سـێ ڕۆژنامەنوس ئامادەبوون بۆ پرسـياركردن. ژوورەكـە هێنـدە قـەرەباڵغ بوو بەئاستەم زۆربەيانم دەبينی. هێنامە پێش چاوی خۆم كە من بۆيە



Scanned with CamScanner

لەوێم تا ئەوەندەی دەتوانم بەرپرسیارێتی هەڵبگرم. پۆزشم هێنایەوە بۆ ئەوەی کە ڕوویدا. کاتێک ڕۆژنامەنوسەکان بە پرسیارەکانیان هێرشیانکردە سەرم، من هەتا توانیم بە ڕوونی و بەووردی وەڵامم دەدانەوە. لەکۆتایی کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەدا زۆربەی ڕۆژنامەنوسەکان کاردانەوەیان ئەرێنی بوو بەرامبەر وەڵامەکانم. بینییان من هیچ کەس لۆمەناکەم و تەواوی بەرپرسیارێتی ئەو هەڵەیە هەڵدەگرم.

بەڵام ڕۆژنامەنوسێکی کۆڵۆمبی لە ژوورەکەدا بوو، سەرزەنشتی دەکردم. هاواریکرد: "چۆن توانیت شتێکی وابکەیت؟ چۆن توانیت هەڵەیەکی وابکەیت؟ لە مێژووی ئەم مەراسیمەدا هەڵەی وا ڕووینەداوە! کێشەت چییە؟ ئایا خوێندەواریت نیە؟"

هەندێك لە ڕۆژنامەنوسەکان هەوڵیاندا ئارامی بکەنەوە. پێیان گوت: "ئەو دەڵێت داوای لێبوردنم دەکەم." بەڵام ئەو گوێی نەگرت. لەکۆتایی کۆنگرەکەدا، زۆربەی ڕۆژنامەنوسەکان مۆبایل و تۆمارکەرەکانیان دانا و چەپڵەیان بۆ لێدام.

لە ناوەڕاستی ئەو بگرەوبەردەیەدا، هێشتا هەستم دەکرد کارە ڕاستەکەم ئەنجام داوە. چۆنیەتی چارەسەرکردنی هەڵەکانمان گرنگترین شتن بۆ سەرکەوتنەکانمان. هەڵەکەی من شکستخواردن نەبوو. بەڵکو وانەیەکی بەنرخ بوو وەرمگرت و فێری بووم. هەر هەڵەیەك ئێمە ئەنجامی دەدەین - ئەو منداڵەی کە بە ناشەرعی بووت، ئەو پەیوەندییەی کە بەردەوامیی نەبوو، ئەو کارەی کە



Scanned with CamScanner

لەدەستتدا، ئەو خەڵکانەی کە دەیانگوت تۆ سەرکەوتوو نابیت - هەموو ئەم شتانە وانەگەلی بە بەهان بۆ گەشتی ژیانت. تۆماس ئەدیسۆن گوتی: "من شکستم نەهێناوە، بەڵکو دە هەزار ڕێگا فێربووم کە نامگەیەننە ئامانج."

ئەوەی لە دڵمدابوو هەڵمڕشت و کۆنگرەکەم بەجێهێشت، بەڵام لە ڕووی هەست و سۆزەوە شەکەت بووم. کاتی ڕۆیشتن ئاسوودەبووم. گوێم لێ بوو (وینتن)ی کوڕم بە پاسەوانەکەمی دەگوت: "دەمەوێت لەگەڵ باوکمدا بمێنمەوە." ئەو دەیتوانی بچێتە نێو ئۆتۆمبێلێکی دیکە و لەگەڵ پاشماوەی تیمەکەمدا بێت، بەڵام لەگەڵ مندا مایەوە. لاوترین کوڕم بەدرێژایی ئەو ماوەیە لەگەڵمدابوو. ئەوە بۆ من هەموو شتێك بوو کە لە یەکێك لە تاریکترین ساتەکانی ژیانمدا ئەوم لەگەڵدابێت. گەیشتینە سەر ئەو خوانەی کە وادانرابوو ئێوارە خوانێکی پڕ ئاهەنگ و کەیفخۆشی بێت، بەڵام کەش و هەوای دەوری مێزەکە غەمبارکەر بوو، ڕەنگدانەوەی کاتژمێرەکانی کۆتایی مەراسیمەکە بوو. لەگەڵ ئەوەشدا هەستم بە پشتگیری و خۆشەویستی هەمووان دەکرد. هاوسەرەکەم، مارجۆری، لە تەنیشتم دانیشتبوو دەستمی گرتبوو و دەستی دەهێنا بە پشت و ملمدا. دەیزانی من لە جیهانێکی پڕ ئازاردام. منداڵەکانم لە بەرامبەرم دانیشتبوون. هەستم دەکرد شانازیم پێوەدەکەن کە گەڕاومەتەوە سەر شانۆکە و بەرپرسیارێتییەکەم هەڵگرتووە. ئەمە لەو ئازارانەی کەمدەکردەوە کە هەستم پێدەکردن. بەبێ پاڵپشتی ئەوان نەمدەتوانی ئەو تەنگانەیە تێبپەڕێنم.



Scanned with CamScanner

دوای نانی ئێواره گەڕاینـەوه بـۆ هۆتێل. لەکۆتاییدا، نیوەشەو چوومه نێو جێگای نوستن، بەڵام هـەر تـەپاوتلم دەکـرد. نەمدەتوانی بنوم بۆیه چووم بـۆ شـوێنی دانیـشتنەکە. کاتـژمێر دووی شـەو بـوو. مارجۆری هەستیکرد له تەنیشتی نەماوم، بۆیه ئەویش بەخەبەرهات و هات بۆلام. من پرسیم: "خودایه، ئەوه چۆن ڕوویدا؟"

مارجۆری دەستی گرتم و گوتی: "ستیف، لۆمـەی خـۆت مەکـه. دەزانم ئـەوه سـەختە، بـەڵام ئێـستا دایـك و باوكـت شـانازیت پێوەدەکەن."

وتەکانی ئەوەیان بیرخستمەوه که بەڕاستی گرنگ بوو. من کـاره ڕاستەکەم ئەنجامدابوو. دڵنیابووم که شاجوانی ڕاستەقینەی گەردوون لەبەردەم ئامادەبوواندا تاجی لەسەرنراوه. من به لەئەستۆگرتنی ئـەو بەرپرسـیارێتییه، بازمـدابوو. بازمـدابوو و کەچـی لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاواتـەخوازبووم لـەو جێگەیـەدا نـەبم. بازمـدابوو چونکه پێویـستبوو. دەمتـوانی بـه ئاسـانی لۆمـەی مەراسـیمەکە، شاشـەکەی بـەردەمم، هەرکەسێك و هەرشتێك بکـەم. لـەبری ئـەوه، بازمدایه نێـو دۆخێکـی نالـەبار، بـەو بڕوایـەی کـه خـودا دەمبینێـت و دەربـازم دەکـات. خێزانەکەم شانازییان پێوەدەکردم، دەمزانی دایك و باوکیشم شانازیم پێوەدەکەن.

ڕۆژی دواتـر هەواڵەکـەی مـن لـه هـەموو کـەناڵ و ڕۆژنامـه و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانـدا بڵاوکرایـەوه. هـەر کـه کۆمپیوتەرەکـەم دەکردەوه، ڤیدیۆیەك یان پۆستێکی تۆڕه کۆمەڵایەتییەکانم نەدەبینی

دەربارەی من نەبێت. وێنەی من لەسەر لاپەڕەی یەکەمی هەموو ڕۆژنامەکانی وڵات و جیهانیش بوو. چەند پەیوەندییەکی کەسییم پێوەکرا لەلایەن نوێنەرانی مات لاوەری پێشکەشکاری بەرنامەی *Today Show* و ڕۆبن ڕۆبەرتس پێشکەشکاری بەرنامەی *Good Morning America*. داوایان لێکردم چاوپێکەوتنی تایبەتم لەگەڵدا سازبکەن تابتوانم بێتاوانی خۆم بسەلمێنم. هەروەها چەند بەرهەمهێنەرێکی دیکە داوایان لێکردم و پارەیان پێشکەش کردم تا چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵدا سازبکەن. هەموویانم ڕەتکردەوە. هەستم کرد کاتی پەرچەکردار و بیانوو هێنانەوە نیە بۆ ئەو هەڵەیەی کە ڕوویداوە. بە دروستکردنی ژاوەژاوی زیاتر لە ڕاگەیاندندا هیچ شتێکم بەدەست نەدەهێنا. پێمگوتن: "با ئەم سەری ساڵە لەگەڵ خێزانەکەم بەسەرببەم. با چاوەڕێ بکەم بزانم خودا چیم پێدەڵێت." کاری من ئەوە بوو بەئارامی دابنیشم و چاوەڕێی ئەو وانە و بەخششە بکەم کە خودا بۆی ئامادەکردبووم – هەرچەندە لەو کاتەدا هیچیانم نەبینی.

ئەزموونی ڕابردوو فێری کردووم کە پێویستە لە کاتی پشێویدا ئارامبم. کاتێك هەست بە پشێوی دەکەیت، کاتێك نازانیت چی بکەیت، کاتێك دڵنیانیت و ڕێگای ئامانجەکەت بەڕوونی نابینیت، کاتێك هەست بە نوقم بوون دەکەیت – ئەوە ئەو کاتەیە کە دەبێت چاوەڕوان بیت لەلایەن خوداوە ئارامییت بۆبێت. لەو ئارامییەدا دەتوانیت بە ڕوونی بیربکەیتەوە. ناتوانیت بڕیاری دروست بدەیت

کاتێك هەموو شتەکانی دەوروبەرت لەبەرچاوت بسوڕێن. تـەنها کاتێك دەتوانیت زیرەکانە و شارەزایانە بڕیاربدەیت کە مێشکت ئارام بێت.

ئاسـاییە دوای بـازدانێکی گـەورە هەنـدێك دڵـەڕاوکێت هـەبێت. چونکە تۆ لەو شوێنەدایت کە پێشتر لێی نەبوویت. پێویستت بە کاتـە بۆ تـاوتوێکردن و بیرکردنـەوە لـە بـژاردەکان و گـوێگرتن لـە دەنگی خودا. مـن پێویـست بـوو ئـارامبم تـا بـزانم خـودا بـۆ کـوێم دەبـات. پێویست بوو چاوەڕوێبم تا ئەو هەنگاوی دواترم پیشان بدات.

بێگومان کاتێك تۆ ئارام دەبیت، کەسێك بـۆی دەردەکـەوێت کـە تـۆ چ کـارێکی شـەرەفمەندانەت ئەنجامـداوە. هەرکەسێك لـە پێگـەی بەرپرسیارێتیدا بێت دەزانێت، چونکە ئەویش بەو دۆخەدا تێپەڕیووە. هەموو کەسێکی سەرکەوتوو دەزانێـت کـە بڕیـاردان واتـە هەڵبـژاردنی بژاردە سەختەکە. تەنها کـەمێك کاتـت پێویـستە تـا کەسێك دەڵێـت: "ئـەو بەرپرسـیارێتی هـەڵگرت و سـەری خـۆی بـەرزکردەوە. ئێـستا هەندێك کەسی دیکەش دەتوانن لە کارەکانیان بـەردەوامبن. بەڕاسـتی ئەو کارە ڕاستەکەی ئەنجامدا." ڕەنگە ئێستا کوڕەکەت یان کچەکەت سوپاسـگوزارت نـەبێت، بـەڵام لـە داهـاتوودا بیردەکەنـەوە بۆیـان دەردەکـەوێت کـە توندوتیژییەکـەت لەبەرئەوەیـە ئـەوان بڕیـارێکی گەمژانەیان داوە و لە داهاتوودا باجێکی سەختت دەدەن. ئیدی دێن و سوپاست دەکەن لەبەر ئەو وانەیە.

ئێمە هەموومان ساتێکمان هەیـە کـە وادەزانـین تـەواوی ژیانمـان وردوخاش دەبێت، ئایا لە بەشـەکەماندابێت یـان لـە کۆمپانیاکـەمان،

یان تەنانەت پەیوەندیمان لەگـەڵ منداڵـەکانمان، ناچاردەکرێین شان بدەینەبەر شـەرمەزاری و لۆمـە و بەرپرسـیارێتی ئـەو بارودۆخـەی کە ئێمە هۆکاری نین. پێویست ناکات کات بەفیڕۆبدەین و بپرسین بۆچی ئـەوە ڕوودەدات. ئەگـەر بەدەسـت تـۆ بووایە دەتتـوانی چارەسـەری بکـەیت. بەدڵنیاییـەوە هـیچ گرفتێـك نیـە لـە ژیانـدا کـە خـودا زاڵینەکردبیت بەسەریدا یان هەنووکە زاڵت نەکات بەسەریدا.

هەرچـەندە خێزانەکـەم لـە دەورم بـوون، و هێـز و وزەیـان پێدەبەخشیم، چووبوومە نێـو خۆمـەوە. ئەمـە ببـوو بـە نـەریت بۆم لەکاتێکدا ئەگەر هەستم بە ڕاڕایی و نادڵنیـایی بکردایـە. هـێمن بووم. گوێم دەگرت و بیرم دەکردەوە. چاوەڕوانی پەیام و ڕێنمونیـەك بووم لەلایـەن خـوداوە. نەمدەپرسـی بۆچـی ئەمـە ڕوویـداوە. هەسـتم بـە ئاسـوودەیی دەکـرد لەبـەر ئـەو بازەیـدام بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەو هەڵەیـەی کـە لەسـەر شـانۆ ئەنجاممـدابوو. چـەندین جـار دیمەنەکـەم لـەنێو مێـشکمدا لێدایـەوە و بـۆم دەرکـەوت کـە نەمـدەتوانی بەشێوەیەکی جیـاوازتر چارەسـەری بکـەم. پێویـست بـوو بـاوەڕم بـە خودا هەبێت.

تـەنها شـتێك کـە مـن نیگـەرانی بـووم شـاجوانی کۆلۆمبیـا و شاجوانی فلیپین بوو. ئەوان دوو خانم بوون کەوتبوونە نێو هەڵەکەی منەوە. زۆر هەستم بە ناخۆشی دەکـرد، بـەردەوام بـیرم لای ئـەوەبوو دەبێت ئێستا ئەوان چۆن بن. لە بێ دەنگیمدا، خودا پێـی گـوتم هـیچ



Scanned with CamScanner

چاوپێکەوتنێك ئەنجام نەدەم تا داوای لێبوردن لە شاجوانی کۆلۆمبیا نەکەم. بارودۆخەکە بۆ ئەو زۆر خراپ بوو چونکە چەند خولەکێك پاش تاجدارکردنی تاجەکەی لێوەرگیرایەوە.

ڕۆژی دواتر، بە فڕۆکە گەڕامەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەتڵەنتا. کاتێك لە فڕۆکەکە دابەزیم بۆم دەرکەوت گەردەلولی ڕاگەیاندن خراپتر بووە. تیمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانم لە تویتەر نوسییان: "داوای لێبوردن دەکەم شاجوانی کۆلۆومبیا." و ڕێنوسەکەیان بە هەڵە نوسیبوو. ئێستا ئیتر خەڵکی دەیانگوت: "تۆ تەنانەت نازانیت وشەی «کۆلۆمبیا» بنوسیت!"

تیمی تۆڕەکۆمەڵایەتییەکانم زۆر دەترسان. ویستیان بەخێرایی وەڵام بدەنەوە. من پێمگوتن: "هیچ کەس هیچ شتێك بە هیچ کەس نەڵێت!"

خەڵکی زۆر سەرقاڵی ئینتەرنێت بوون و چێژیان لە بابەتەکە وەردەگرت. کەسایەتییە قۆشمەچییەکانی دیکە و بەناو هاوڕێکانم بێ شەرمانە سەرقاڵی پۆست کردن بوون لە تۆڕی کۆمەڵایەتی. نوسیبوویان: "هێی، برادەر، خۆڕاگربە." پاشان وێنەیەکیان پۆستکردبوو کە گاڵتەی بە هەڵەکەی من دەکرد. دانەیەکی دیکە وێنەیەکی ئۆپرا بوو هەردوو دەستی لە هەوادا بڵاوکردبووەوە و لەسەری نوسرابوو: "تۆ شاجوانی گەردوونیت، تۆش شاجوانی گەردوونیت. هەموو کەسێك شاجوانی گەردوونە!" یەکێکی دیکە

وێنەی (کێرمیت)ی بۆق بوو، لەسەری نوسرابوو: "ئێوە هەمووتان بە ستیڤ هارڤی پێدەکەنن، بەڵام ئەو ڕایدەگەیەنێت هەمووتان باوکی ناشەرعی منداڵەکانتانن."

دەیانویست بەهۆی ئەو هەڵەیەوە نوکتەم لەسەر بکەن. من بۆ بژێوی ژیانم نوکتە دەنوسم. من پێویستم بە هیچ نوکتەیەك نەبوو. پێویستم بە نزابوو. من بەجۆرێك ئازارم دەچەشت کە "هاوڕێکانم" بە بیریشیاندا نەدەهات، هەرگیز لەو جۆرە بارودۆخەدا نەببوون کە منی تێدابووم.

لەکاتێکدا من ئارام دانیشتبووم، جیهان لە پێشبڕکێدابوو. ئەوان بەزیندوویی منیان دەخوارد لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکاندا. منداڵەکانم هەمیشە لەسەر کۆمپیوتەرەکانیان بوون. بەردەوام لەبەر من و کۆمپانیاکانم وەڵامی خەڵکیان دەدایەوە لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. ئەوان لەناخەوە وێران دەبوون کە دەیانبینی لە ئینتەرنێتدا سوکایەتی بە باوکیان دەکرێت. لە ماوەی تەنها چل و هەشت کاتژمێردا، نزیکەی چوار ملیار پۆستم لەسەر کرا لە تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان.

شەوی سەری ساڵ هەوڵمدا ڤیدیۆیەکی ئێلمۆ[4] بۆ ڕۆژی کوڕەزام دابەزێنم. دەستبەجێ وێنەیەکی خۆم بینی لە تۆڕەکۆمەڵایەتی. کوڕەکەم بۆ ئەوەی بارودۆخەکەم لەسەر سوك بکات پێی دەگوتم

---

[4] بوکەڵەیەکی سووری توکنە و کەسایەتی نێو زنجیرەی *Sesame Stree*ی منداڵانە.

پاشـای تۆڕەکۆمەڵایەتییـەکان. بـەڵام لـەو کاتـەدا بـۆم دەرکـەوت پێویستە سەیری هیچ پۆستێك نەکەم و هیچ پۆستێك نەخوێنمەوە.

من باوەڕناکەم خەڵکی لە وانەکانی ژیانیان تێبگـەن، ئەگـەر بـبن بە بەشێك لە ترس و بیروڕای کەسانی دیکە. یەکێك لە گەورەترین ئەو شتانەی کە لە پاستـەر جـەوەڵ ئۆسـتین فێربـووم ئەوەیـە بـیروڕای کەسانی تر دەربارەی من، پەیوەندی بە منەوە نیە.

چەندین کەس هەبوون خۆیان هەڵدەقورتاند لە بابەتەکەم کە لـە دڵەوە چارەم نەدەویستن. هەندێك نامەم بەدەست گەیشت کە تیایـدا نوسـرابوو: "سـتیف، ئەمـــە زۆر ڕوخێنـــەرە. چـۆن دەتوانیـت هەستیتەوە؟"

بەڕێوەبەری پەیوەندییەکانم هەوڵیدەدات بزانێت چۆن زیانـەکان قەرەبوو بکەینەوە. چـەند سـاڵێك پێشتر، پـاش نمایشکردنی فیلمـی *Kings of Comedy* خـەڵکی پێیـان گـوتم بـرەوت نـەماوە و پەکتکـەوتووە. پـێش ئـەوەش، دوایـی ئـەوەی یەکـەمین بەرنامـەی ڕایـدیۆییم ڕەتکرایـەوە، پێیـان گـوتم تـۆ لـە نـزمترین ئاسـتدایت. پـسپۆڕانی بـــواری پەیوەندییەگـــشتییەکان پێیــان گـــوتم دوای جیابوونەوەت لە دووەم هاوسەرت وێنەکەت دەشێوێت. دڵخۆشم کە خودا قسەی کۆتـایی دەکـات، نـەك خـەڵك. بـەڵام پـاش ئـەوە هێنـدە نیعمەتم بەسـەردا ڕژا کـە لـە مـاوەی سـی و دوو سـاڵی کـارکردنم لـەو بوارەی کە خۆشم دەویست بەدەستم نەهێنابوو.

بۆ کەمکردنەوەی هەندێك لەو ئازارەی کە تێیدابووم، چەندین جار لەسەریەك هۆنراوەی "نەبەرد" م گوتەوە. ئەو هۆنراوەیە منی ڕزگارکرد چونکە ئەوەی دەخستەڕوو کە من هەستم پێدەکرد - سڵم نەکردووە و ورتەم نەهاتووە . . . سەرم خوێنینە، بەڵام شۆڕنیە.

ئەوەی پێمکرا قبوڵم کرد. ورتەم لێوەنەهات یان نەسڵەمیمەوە.

لەنێو ئەو تاریکیدا تروسکاییەکم بۆ هات. لەلایەن تیلەر پێری، پاستەر جەوەڵ ئۆستین، ماجیك جۆنسن، سێدریکی کەیفۆش، یۆلاندا ئادەمز، کێرك فرانکلین، قەشە تی. دی. جەیکس، پاستەر پاولا وایت، پەیوەندیم پێوەکرا. دکتۆر فیلڵ دەستی یارمەتی درێژکرد و پێشنیاری کرد ڕێنمایم بکات بۆ چارەسەرکردنی بارودۆخەکە، چونکە ئەو هەزاران بەرنامەی ڕاستەوخۆی پێشکەش کردبوو و بۆی دەرکەوتبوو ئەوەی ڕوویداوە هەڵەی تاکە کەسێك نەبووە. تەنانەت پەیوەندییەکی چاوەڕوان نەکراوم لەلایەن (هاڵ بێری)ەوە پێوەکرا. ئێمە پەیوەندییەکی نزیکمان نیە، بەڵام ئەو تەنها ویستی دڵخۆشیم بداتەوە. هەموو ئەوانەی کە دەستی یارمەتییان بۆ درێژکردم، پێم گوتن: "سوپاس. سەرم بەرزە. سەرم خوێنینە، بەڵام شۆڕنیە."

تەنگانەی شاجوانی گەردوون هاوڕێ ڕاستەقینەکانی بۆ دەرخستم. پیشانیدام کێ لەگەڵمە و بێ ئەوەی داوای لێبکەم بەهانامەوە دێت. هاوڕێ ڕاستەقینەکانم بەبێ دوودڵی بەهانامەوە هاتن.

کاتێك توشی کێشەیەك دەبیت، پێوست ناکات لەدەرەوە بەدوای هاوڕێ ڕاستەقینەکانتدا بگەڕێیت، بەڵکو هاوڕێ ڕاستەقینەکانت خۆیان دێنە ناو چاڵەکە بۆلات. پێویستی نەدەکرد پەیوەندی بە



Scanned with CamScanner

خەڵکەوە بکەم و بڵێم: "برادەر، ئەم کێشەیە تێکی شکاندووم. ئەم کێشەیە ئازارم دەدات." هەر ڕۆژێك دوای ڕووداوەکە، لەلایەن دکتۆر فیلــەوە درێــژترین پــەیامم پێگەیــشت دەربــارەی چــۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکە. ئــەو هــەموو شتێکی بۆ ڕوون کردمــەوە. پێویستی نەدەکرد بەدوای قەشە جەیکسدا بگەڕێم. جەوەڵ ئۆستین کاتی بــەفیڕۆ نــەدا. هــەموو "کەســە ســەنگینەکانم" ئەوانــەی کــە بەڕاستگۆیی خۆشیاندەویستم پەیوەندییان پێوەکردم.

بۆ ماوەی پێنج ڕۆژ، لە ٢٠ی کانونی یەکەمەوە تــا ســەری ســاڵ، ژیانم زۆر نــاخۆش بــوو. هەڕەشــەی کوشــتن پەیــدابوو. خــەڵکی بــە ئۆتۆمبێلی بەرزەوە دەیاندا بــەلای ماڵەکەمــدا و هەڕەشــەی ئــازاردانی خێزانەکەمیان دەکرد. نەمدەهێشت منداڵەکانم بچن بۆ هیچ شــوێنێت. پێویستم بە پاسەوانی چەکداربوو لەبەر دەرگــای ماڵەکــەم. بــە زمــانی ئیسپانی و بە چــەندین شــێوە جــوێنم پێــدەدرا، وابــزانم فێــری زمــانی ئیسپانی ببــووم. دڵنیــام نــاتوانم بــەم نزیکانــە بــۆ پــشوو بــچم بــۆ کۆڵۆمبیا! تەنانەت لەوانەیە نەتوانم قاوەی کۆڵۆمبیش بخۆمەوە.

تــەنها لــە دەوروبــەری ماڵەکــەی مــن پــشێوی نــەبوو، بــەڵکو لــە شــەقامەکانی کۆڵۆمبیــا خۆپیــشاندان دەســتی پێکردبــوو. تەنانــەت وێنــەی شــێوێنراوی منیــان دەســوتاند. کۆڵۆمبییــەکان وا هەســتیان دەکرد تاجەکە لە وڵاتەکەیان دزراوە. تــەواوی وڵاتانی لاتین هەســتیان بە سوکایەتی دەکرد لەبەر ئەو بابەتە.

نائاسایی نیــە ئەگــەر پــاش ئــەوەی تەنگانەیــەکمان تــوش ببێــت نەختێك تــەپاوتلی تێــدا بکــەین، بــەڵام پێویــست ناکــات. مــن دڵنیــات

دەکەم پشتی هەموو تەنگانەیەك وانەیەك و بەخششێکی تێدایە. تا زووتر تەنگانەکەم پێپەڕاندبا، زووتر وانەکەم لە خودا وەردەگرت. من فێربووم بە سەرنج خستنەسەر هەڵەکانی ڕابردووم گەورەتریان نەکەم. پێویستە سەنجم لەسەر قۆناغی داهاتووی گەشتی ژیانم بێت. بۆم دەرکەوت خودا پێشتر لەو هەڵەیە دەربازی کردووم. هیچ هۆکارێك نیە بۆئەوەی جارێکی تر بیهێنمەوە بەردەمی خۆم.

کاتێك بەیانی سەری ساڵ بەخەبەرهاتم، چوومە دەرەوە بۆلای مەلەوانگەکەم. ڕۆژێکی خۆرەتاو بوو، پلەی گەرما شەست بوو لە جۆرجیا. دانیشتم و جگەرەیەکم داگیرساند. جگەرەکەم بەرزکردەوە و یەکێك لە کوڕەکانم وێنەیەکی گرتم. وێنەکەم پۆست کرد و لەسەرم نوسی: "جەژنی هەستانەوەی مەسیح لە هەمووان پیرۆز بێت."[5] پاش کۆتایی هەفتەی سەری ساڵ، ئەو پۆستە لە هەموو ئەو وێنانەی کە لە دژی من بڵاو کرانەوە زیاتر بەنێو خەڵکدا بڵاوبوویەوە.

لەلایەن هاوڕێیان و پشکدارانی بازرگانییەوە لە فەرەنسا و پرتوگال و دوبەی پەیوەندیم پێوەکرا. بە هەموو شێوەیەك پشتگیری خۆیان بۆ دەربڕیم. ئیدی خەریك بوو دەرگای ئەو بەخششانەم بەسەردا دەگریەوە کە لە دوای تەنگانەکە دەستیان بە هاتن کردبوو. هاوڕێیەك لە ئیتالیا پەیوەندی پێوەکردم و گوتی: "برادەر، نازانم چی

---

[5] Easter : بەگوێرەی ئاینی مەسیحی، جەژنی زیندوبوونەوەی عیسایە سێ ڕۆژ پاش هەڵواسینی. ئەم جەژنە بەرواری بەگوێرەی مانگی ئاسمان دیاری دەکرێت، وەك جەژنی سەری ساڵ نیە بەروارەکەی جێگیر بێت.



Scanned with CamScanner

ڕوویداوه، بەڵام تۆ لەسەر لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکانی ئێرەیت. پیرۆزباییت لێ دەکەم، کارە ڕاستەکەت ئەنجامداوە. ناسینی تۆ چ شانازییەکە!"

ئەو چەند ڕۆژە تا سەری ساڵ، من یەکێك بووم لەو کەسانەی کە زۆرترین قسەم لەسەر کرابوو. وێنەکەم لەسەر لاپەڕەی یەکەمی زۆرێك لە ڕۆژنامەکان بوو. لە هەموو لایەکەوە ستایش دەکرام. تەنها ڕۆژنامە کە نەرێنی دەدوا دەربارەم، ڕۆژنامەیەکی کۆلۆمبی بوو - بەڕاستی بێزاری کردبووم. گەدەم نەخۆش بوو، نەك لەبەر ئەو هەڵەیەی کە ئەنجامدابوو، بەڵکو لەبەر بیرکردنەوە لە هەستی شاجوانی کۆلۆمبیا. بەڕاستی سەخت بوو بۆ من، لەهەمان کاتدا ئەوەی من پێیدا تێپەڕ دەبووم بەراورد نەدەکرا لەگەڵ ئەوەی کە پیا و ئاریادنا پیایدا تێپەڕدەبوون. من هەمیشە پاڵەوانی ژنان بووم، وە هەستم بە ناخۆشی دەکرد کە ئەوانم خستبووە ئەو بارودۆخەوە.

ویستم قەرەبووی شاجوانی کۆلۆمبیا و شاجوانی فلیپین بکەمەوە. نەمدەزانی چی بکەم جگە لە پۆزش هێنانەوەی کەسیی و هیوادار بووم ئاریادنا گوتێرێز و پیا ورتزباك لێم ببورن. نەمویست هیچ لێدوانێك بدەم دەربارەی ڕووداوەکە تا دەرفەتێك دەدەم بە خانمەکان قسەی خۆیان بکەن. بەلای منەوە ئەوان گرنگترین کەس بوون کە دەبوو گوێیان لێ بگیرێت.

دەمزانی شاجوانی کۆلۆمبیا تێکشکاوە. لەکاتی مەراسیمەکەدا، لە ڕوخساریدا بینیم. هەستم کرد ئەو سوکایەتی پێکراوە و

شەرمەزارکراوە. بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك، نەمدەتوانی پەیوەندی پێــوە بکــەم. خوشــکەکەی و بــاوکی بــەرگرییان لێــدەکرد و پەیوەندییــەکانی منیــان ڕەت دەکــردەوە. خــۆم وەك باوکێـك لێـی تێدەگەیـشتم. دەمزانــی ئــەو تــەواوی ژیــانی کــچەکەی لــە ئــازار پاراستووە. ئەو بەتەواوی حەزی نەدەکرد ڕێگە بەو پیـاوە بـدات، کـە بووەتە هۆی پەژارەی کچەکەی، بە تەلەفۆن پەیوەندی پێوە بکات.

لەکۆتاییــدا، یــەکێك لــە بەرهەمهێنــەرەکانم گــوتی: "ئاریادنـا دەیەوێت لە بەرنامەکەتدا بەشداربێت." بـاوەڕم بـەوە نـەدەکرد. زۆر خۆشـحاڵ بـووم کـە دەتـوانم ڕوبـەڕو قـسەی لەگەڵـدا بکـەم و داوای لێبــوردنی لێبکــەم. دوای ئــەوەی دڵنیــابووین هــەردوو خانمەکــە بەشـداردەبن، بڕیامانـدا بەرنامەیـەکی دوو بەشـی دروسـت بکـەین و کاتیان پێبدەین بەتـەواوی قـسەی خۆیـان بکـەن. بەنامـەکان نـاونران "شاجوانی گەردوون: ڕاستییەکە."

شاجوانی فلیپین یەکەمجار میوان بوو. زۆر خۆشحاڵ بـوو کـە لـە بەرنامەکەدا بەشدار بوو. بەم دواییانە و پاش مەراسیمەکە هـاتبوو بۆ نیویـۆرك. زۆر بەپــەرۆش بــوو دەربــارەی ئەزموونــە نوێیــەکانی لــە ئەمریکا. من دڵشادبووم بە بینینی، بەڵام هێشتا گـەدەم پێـچی پیـادا دەهات. زۆر شڵەژابووم دەربارەی لێبوردنەکەی.

سوپاسگوزاربووم کە بە گەرمی لەئامێزی گرتم. پیا گوتی کاتێك وەك هــاوەڵی یەکــەم ڕاگەیــەنراوە، جــۆش و خرۆشــی ئامــادەبووان ئاسـوودەی کـردووە. وە بـۆی دەرکـەوتووە کـە هێـشتا وڵاتەکـەی

شانازی پێوەدەكات بۆ گەیشتنی بەو قۆناغە. لەكۆتاییدا، ئەو بەسەر حەفتا و نۆ خانمی جوان و بەهرەمەندی دیكەدا سەركەوتووە. هەروەها ڕوونی كردەوە كاتێك بۆی دەركەوتووە كە بووە بە شاجوانی گەردوون، بەتەواوی باوەڕی نەكردووە. ئەو هەستەكانی تێكەڵ ببوون و زۆر بەداخ بوو بۆ ئاریادنا، لەبەر ئەمەش پاش ڕاستكردنەوەكە وەك ڕێزێك كەمێك لە دووری ئەو وەستاوە. لەماوەی شەوی مەراسیمەكەدا، باوەڕی نەدەكردووە و وڕ و كاس بووە. لە پشتی شانۆكەوە لە دایكی پرسیوە ئایا بەڕاستی ئەو براوەیە. كاتێك دایكی وەڵامی ئەرێنی داوەتەوە، پیا پرسیویەتی ئایا دڵنیایە. دایكی گوتویەتی بەڵێ. ئەوە ساتی بوون بە شاجوانی گەردوون بوو بۆ ئەو.

لەكۆتاییدا، دەرفەتم بۆ ڕەخسا لە بەرچاوی جیهان داوای لێبوردنی لێ بكەم. بۆم ڕوونكردەوە كە هیواداربووم هەر ئەو شەوە كێشەكە چارەسەر بكەین. من ئاسوودەبووم كاتێك گوتی: "با بۆ پێشەوە بڕۆین. با دڵخۆش بین. ئەوە هەڵەیەك بوو. با هیچ كەسمان لەبەرئەوە لۆمەی خۆمان نەكەین." هەستم كرد لەكۆتاییدا دەتوانم هەناسە بدەم. دەمویست بزانێت كە چەندە لە دڵەوە بەداخ بووم و چەندە لێبوردنەكەی بۆ من گرنگ بوو.

"شاجوانی گەردوون: بەشی دوو." نازناوی سەنگینترین و كارامەترین خانم لە كۆلۆمبیا، لەڕووی شكۆمەندییەوە لە پلەی دووەمدابوو لە دوای سەرۆكایەتی وڵات لە وڵاتەكەی ئاریادنا. ئەوە ئەو ساتەبوو كە من چاوەڕێم دەكرد. ئەوە دەرفەتی من بوو تا هەموو شتێك چاكبكەمەوە. نزیكەی مانگێك هەستم بە ناخۆشی دەكرد.



Scanned with CamScanner

کاتێك شاجوانی کۆلۆمبیا لەکۆتاییدا هاتە سەر شانۆ، بۆ ماوەیەکی درێژ یەکترمان لەئامێزگرت. بە زۆر خۆم ڕاگرتبوو نەگریم. ئەو زۆر لەوە سەرنجڕاکێشتر بوو کە بۆ دوایین جار بینیم. دەستبەجێ پێم گوت من زۆر داوای لێبوردن دەکەم کە هەڵەکەی من بارودۆخێکی ناخۆش و نائاسوودەی بۆ دروست کردیت. پاش ئەوەی ئاریادنا لەسەر قەنەفەکە دانیشت، گوتی: "لێت دەبورم، لێت دەبورم بۆ ئەو شەوە. دەزانم مەبەستت نەبوو وابکەیت. ئێمە بەو شێوەیە پرۆڤەمان نەکردبوو." تەنانەت دواتر کەمێك گاڵتەی کرد. "من بۆ ماوەی چوار خولەك و نیو شاجوانی گەردوون بووم!" لە کاتی گاڵپەوگەپەکەیدا ڕوخساری دەدرەوشایەوە و جوانییەکەی ئاشکراتر دەردەکەوت.

کاتێ: ئاریادنا گوتی: "لێت دەبورم." ئەوە بەقەدەر جیهان بۆ من گرنگ بوو. ئەوە ئەو شتەبوو کە زۆر پێویست بوو گوێم لێی بێت. پێم گوت کە چەندە سوپاسگوزاری ئەو لێبوردنەیم و لە ڕادەبەدەر سوپاسیم کرد. دوایین شتێك کە بۆ ئەوم دەویست ئەوە بوو بریندار نەبێت و ئازار نەچێژێت لە دوایی مەراسیمەکە. سەرسام بووم کەبینیم پێدەکەنێت و بارودۆخی باشە.

ئەو پێی گوتم ڕاستەوخۆ دوای مەراسیمەکە ڕۆیشتووە تا لەگەڵ خێزانەکەیدا بێت. سوپاسی کردوون بۆ ئەوەی کە لەوێ لەگەڵیدا بوون، ئەو زیاتر لە خۆی نیگەرانی هەستی نائومێدی خێزانەکەی بووە. هەروەها پێویستی بە پشوویەك بووە دوای ئەو دۆخەی کە تێیدابووە. سەرەتا گلەیی لە خودا کردووە، لێی پرسیووە بۆچی ئەو کاری وا دەکات. ماوەیەکی ویستووە تاوەکو بڕوا بەوە بکات کە

ڕوویــداوە. کاتێــک گەڕاوەتـــەوە بــۆ ماڵـــەوە، ســـەیری ڤیــدیۆی مەراسیمەکەی کـردووە تـا دڵنیـا بێـت کـە بەڕاسـتی ئـەوە ڕوویـداوە. بەدرێژایی چەند ڕۆژی دوایی مەراسیمەکە لەگەڵ خێزانەکەی بـووە تـا ئارامی خۆی بپارێزێت. پێویستبووە بزانێت چی بکات و چی بڵێـت لـە وەڵامی ئەوەی کە ڕوویداوە. واهەستی کردووە کە توشی دێوەزمەیەک بووە و بەخەبەرنایەت.

ئەوە زۆر سەرنجڕاکێش بوو کە بیستم ئاریادنا و پیا چەندین وانە فێربوون لە ئەنجامی ڕووداوەکانی مەراسیمەکە. دوای ئەوەی ئاریادنـا تاڕادەیەک دۆخی باش ببوو، بۆی دەرکەوتبوو کـە دەبێـت هـەموومان کۆڵنەدەین. ئەو بەدبەختییـە چارەنوسـی هاوبەشـی هـەمووومان بـوو. بۆی دەرکەوتبوو هەموو شتێك لەبەر هۆکارێك ڕوودەدات، هۆکاری ئەو ڕووداوە ئـەوەی پیـشاندا کـە ژیـانی ئـەو زۆر گـەورەترە لـە بـوون بـە شاجوانی گەردوون. بەڵگـەش بـۆ ئەمـە ئـەو شـێوازی هەڵسوکەوتەی خۆی بوو لە کـاتی بارودۆخەکـەدا، کـە ئـەوی کـرد بـە سەرمەشـق بـۆ ئەوانـەی تـازە دێنـە نـاو بوارەکـەوە. ئەگـەر سـەیری لایـە ڕوناکەکـە بکـەین، ئـەو دەیگـوت بەلایـەنی کەمـەوە مەراسـیمەکە سـێ هەفتـەی نایابی لە لاس ڤێگاس پێ بەخشیووە. هەرچەندە شەوی مەراسیمەکە باشترین و خراپترین شەوی ژیانی بوو، بەڵام دڵخۆش بوو کە بواری بۆ ڕەخسا وێنەیەك لەگـەڵ تاجەکـەدا بگرێت. لـە داهاتوویـەکی نزیکدا، پلانی دەبێت لە ئامادەکرنی ئەو مەراسیمەدا کاربکات.

من دڵنیام شـتی مـەزن لـە ژیـانی ئاریادنـادا ڕوودەدات لەبەرئـەو هەڵوێستە ئەرێنییەی. من پێم گوت هیوادارم خـودا ئـەم سـاتە بکاتـە

مایـەی نزیکبوونـەوە لـە سـەرکەوتنەکانی داهـاتووت، بـەجۆرێك کـ باوەڕنەکەیت.

ئێمـــە هـــەردووکمان پـــاش ڕووداوەکـــە لەلایـــەن تۆڕەکۆمەلآیەتییەکانەوە کراین بە قوربـانی. لـەکۆتایی بەرنامەکەمدا، دەستمان کرد بـە گاڵتەوگـەپ و بـە و وێنانـە پێدەکـەنین کـە لـەلامان پەسەندبوون. ئاریادنا بەم گوتەیە کۆتایی پێهێنا: "ڕۆژی دایك پـیرۆز بێت. ببورە . . . چەژنی سەری ساڵ پیرۆز بێت."

ئەزموونی شاجوانی گەردوون بیری خستمەوە کە دەبێت لەسەر باوەڕە بنچینەییەکانم بەردەوامبم. ڕەنگە لەلایەن چەندین کەسەوە بە کەسێکی سـەرکەوتوو زانـرابم. بـەلآم ئـەو ڕووداوە ئاگادارکەرەوەیەك بوو لەلایەن خوداوە کە ئەو دەتوانێت لە چاوتروکانێکدا هەموو شتێکم لێ بسێنێتەوە. لەبەرئەوەی من باوەڕم بە خودا و دەسـەلآتی هەیە، بەو جۆرە ڕەفتارم کـرد کـە ئینجیـل بـە باشـترین ڕێگـای شـکۆمەندی ناوی دەبات. من ڕاستییەکەم گـوت. بەرپرسـیارێتیم هـەلگرت، ئارام بووم و چاوەڕێی ڕێنمـونی ئـەو بـووم. مـن بازمـدا تـا هەڵەکە ڕاست بکەمەوە، بێ گوێدانە ئەوەی چی لەدەست دەدەم.

هەموو کەسێك تەنگانەی وەك ئـەو سـاتەی شـاجوانی گـەردوونی توش دەبێت، وە دەبێت بـە ئـەنجامـدانی کـارە ڕاسـتەکە چارەسـەری بکات. ئەوە بەڵێنی خودایە، کاتێك کـارە ڕاسـتەکە ئـەنجام دەدەیت، شتێکی باشتر ڕوودەدات. ئەوە ڕاستە: من بۆم دەرکەوتووە کە ڕاستە ئەگـەر تـۆ هـەنگاوێك بنێیـت، خـودا دوو هـەنگاو دەنێـت. کاتێك تـۆ

چاونەترس بیت و بە باوەڕەوە هەنگاو بنێیت، و بازبدەیت، ئەوە ئەو کاتەیە کە دەفڕیت.

پێویستە ئارام بین تـا دەنگی خـودا ببیـستین. ئەگـەر نەتـەوێت ئارام بیت ئەوا دەبیت بە کەسێکی بێباك و لەخۆڕازی. مـن بێجگـە لـە کـاتی تەنگانـە، هەنـدێجار کاتێـك سـەرقاڵی کـارێکبم ئـارام دەبم و دەپرسم: "یەك خولەك بوەستە، مـن بەڕاستی سـەرقاڵم، بـەڵام ئایا بەرهەمم دەبێت؟ من هـیچ جیاوازییـەك نـابینم. مـن زۆر خـۆم مانـدوو دەکـەم، بـەڵام ئایـا هەڵـە دەکـەم؟" مـن لـە بـارودۆخی وادا ئـارام دەوەستم و چاوەڕێی ڕێنمونی خودا دەکەم. بێجگـە لـەوە، بـەردەوام دەبم لە جوڵە و بە ئاڕاستەی ئەو پلانـە دەڕۆم کـە خـودا بـۆ قۆنـاغی داهاتووم دایڕشتووە.

... ________________________ ...

**ئەوە بەڵێنی خودایە، کاتێک کارە ڕاستەکە ئەنجام دەدەیت، شتێکی باشتر ڕوودەدات. . . . ئەگەر تۆ هەنگاوێک بنێیت، خودا دوو هەنگاو دەنێت. کاتێک تۆ چاونەترس بیت و بە باوەڕەوە هەنگاو بنێیت، و بازبدەیت، ئەوە ئەو کاتەیە کە دەفڕیت.**

... ________________________ ...

من ژیانێك دەژیم کە پێشبینی چاکە لە هەموو شتێك دەکەم. من هەمیشە بـەدوای بەخششدا دەگـەڕێم. هەمیـشە گەشـبینم و بـەدوای شتێکی گەورەی دیکەدا دەگەڕێم کە خودا بۆی دانـاوم. دروشمـی مـن

ئەمەیە: "هەمیشە نزیکدەبمەوە." من بە بیسەرانی ڕادیۆکەم دەڵێم: هەمیشە نزیـک دەبمـەوە. لەبەرئـەوەی مـن هەمیـشە لـە جوڵـەدام، بازدەدەم بۆ نزیك بوونەوە لە شتێکی نوێ. باوەڕم وایە هەمیشە وانە گـەورەکان بەخشـشیان بـەدوادا دێـت. ئەمـە بارودۆخەکـەی پـاش ڕووداوەکی مەراسیمی شاجوانی گەردوون بوو. پاش چەند هەفتەیەك، لەلایەن کۆمپانیای (تی-مۆبایل)ەوە پەیوەندیم پێوەکرا. دەیانویست لە بانگەشەیەکی بازرگانی گاڵتەئامێزدا ڕۆڵ ببینـم دەربـارەی ئـەوەی کە ڕوویدا لە مەراسیمەکەدا. بانگەشـەکە لـە کـاتی یارییـەکانی خولی تۆپی پێی نیشتمانیدا پەخش دەکرا، کە یەکشەمەی داهاتوو دەستی پێـدەکرد. پانگەشـــەکە یـــەکێك بـــوو لـــە دوو باشـــترین بانگەشـــە بازرگانییـــەکانی شـــەوەکە. بـــەخێرای دوایـــی تەنگانەکـــە دەرگـــای بەخششەکان کرانەوە. هەرگیز بە خەیاڵمدا نـەدەهات ئـەوە ڕوویبـدات. ئـەو شـتەی خـەڵکی بـە خراپیـان دادەنـا، خـۆدا گـۆڕی بـە شـتێکی سەرنجڕاکێش.

بۆ ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو، یەکێك لە داواکارییەکانم لە خودا لە کاتی نزاکانی بەیانیانمدا ئەوە بـوو لـە جیهانـدا ناسـراوترم بکـات و بـوون و پێگـەم بـەهێز بکـات. بـۆ ئـەم مەبەسـتە، دەسـتم کـرد بـە پەیوەندی کردن بەو کەسانەی کە پەرە بە کاری بازرگـانی دەدەن تـا بواری بازرگانی و ڕێگا و بان و ژێرخـانی ئـەفریقا ببوژێننـەوە. وابـیرم دەکـردەوە کـە بـە پەیوەسـت بـوون بـەم کەسـانەوە دەتـوانم

بەشێوەیەکی باش باربووی ئەو کیشوەرە بکەم. نەمدەزانی خودا ئەو ساتە ڕوخێنـــەرەی مەراســـیمی هەڵبـــژاردنی شـــاجوانی گـــەردوون بەکاردەهێنێت بۆ یارمەتیدانم تاوەکو پێگـــەی جیهـانیم فـراوان ببێـت. خــودا ئـــەو ســـاتە ڕوخێنـــەرەی کـــرد بـــەهۆکاری بەدەســـتهێنانی ئامانجەکەم.

کاتێك داوام لـە خـودا دەکـرد ببم بـە کەسایەتییەکی جیهـانی، ئاسـایی بـیرم لـەو کارانـە دەکـردەوە کـە دەمتـوانی خـۆم لەگـەڵ تیمەکەمـدا کاریـان لەسـەر بکـەم و پـەرەیان پێبـدەم. چـەندین جار ئـەوەم پیـشاندراوە کـە ئـەوەی مـن بـیری لێدەکەمـەوە و خـەونی پێوەدەبینیم، تـەنها کەرتێکـە لـەوەی کـە خـودا بـۆی دانـاوم. ئـەو ئامانجانەی کە من وێنام دەکردن زۆر جار دەستپێکی خەونەکە بوون.

لـە مـاوەی ئـەو پێـنج ڕۆژەی پـاش مەراسـیمەکەدا، بەڕاسـتی دەیڵـێم، دڵنیانـەبووم هـەموو شـتێك بـەو شـێوەیە کۆتـایی دێـت. هەندێجار نەمدەزانی ئایا ئەم تەنگانەیە کاریگەری دەکاتە سەر توانام بۆ ئەنجامدانی ئەو کـارەی کـە خۆشمدەویست. خـودا کـە لـە هـەموو تەنگانـەکانی ژیانمـدا دەربـازی کردبـووم، جـارێکی تـریش دەربـازی دەکـردم. ئـەو هـەرگیز ناهێڵێـت شکست بخۆیـت کاتێـك کـە بـازە گەورەکەت دەدەیت.

Scanned with CamScanner

# 4

# ژیان

# وشەیەکی چوار پیتییە

Scanned with CamScanner

تێبگە کە کاتێک شکست دەهێنیت،

لە ناوەڕاستی وانەیەکی گەورەدایت.

دەبێت هیواکانت بخەیتە جوڵە، ئەگەر چەند هەنگاوێک

بنێیت خودا بەرەکەت دەخاتە نێو هەنگاوەکات.

ژیان زنجیرەیەکە لەو وانانەی کە فێریان بوویت

و لەو شکستانەی کە بەسەریاندا زاڵبوویت.

هەرچەندە نازانیت ئەو گەشتە چۆن دەبێت

کە دەتگەیەنێت بە خەونەکەت، ئامادەبە

بۆ هەنگاونان و ئەو دەرفەتانە بقۆزەرەوە

کە خودا پێشکەشتیان دەکات.

تازە هاوسەرگیریم لەگەڵ مارجۆری کردبوو کاتێک بۆم دەرکەوت ژمێریارە دێرینەکەم کۆچی دوایی کردووە. هەستم بە ناخۆشی کرد و خەمباربووم بە کۆچی ناوادەی. کاتێک بۆم دەرکەوت بۆ ماوەی حەوت ساڵە باجەکانمی نەداوە، توشی خورپە بووم. بەدرێژایی حەوت ساڵ یەک فلسم نەدابوو بە دەزگای باج، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ساڵێک چەکی باجەکانم بۆ دەنارد. ئەو هەرگیز پارەی ئەو چەک و ڕاپۆرتانەی نەدابوو کە لەلایەن دامەزراوەی باجەوە بۆم هاتبوون. کە بینیم هەموو



Scanned with CamScanner

چەك و ڕاپۆرتەكان لەسەر مێزەكەی دانراون، دڵم كەوتە خوارەوە. لەو كاتەدا من و بەڕێوەبەرەكەم دەستمان كرد بە كاركردن لەسەر ڕاپۆرتەكان و بۆمان دەركەوت بە قەرزە نەدراوەكان و سزا داراییەكانەوە پارەیەكی زۆر قەرزارم كە نەمدەتوانی بیری لێ بكەمەوە - زیاتر لە دە ملیۆن دۆلار!

لەگەڵ مارجۆری هاوسەرگیریم كردبوو. حەوت منداڵ و هاوسەرێكی نوێم هەبوو كە پشتیان بە من بەستبوو. لەو كاتەدا چوار هەرزەكارمان هەبوو كە دەیانویست بگەن بە كۆلێژ.

پسوڵەی باجەكە ترساندمی، بەڵام زیاتر لەوە دەترسام كە هەواڵەكە بە مارجۆری بدەم. ئێمە بەڵێنی پێكەوەبوونمان بە یەكتردابوو ئەگەر ژیانمان باشتربێت، خراپتربێت، زەنگینتربین، گەداتربین. كەچی یەكەمین شت كە دەبوو وەك دوو هاوسەر ڕووبەڕووی ببینەوە قەرزێكی زۆری دەزگای باج بوو، كە لە تواناماندا نەبوو. هاوسەرگیرییەكەمان بە قەیرانی دارایی دەستی پێكرد. من نیگەرانی ئەوە بووم ئەو وابیربكاتەوە كە من ناتوانم چاودێری خێزانەكە بكەم یان من ئەو پیاوە نیم كە ئەو بیری لێدەكاتەوە یان من ئەو پیاوە نیم كە ئەو دەیەوێت. ئەوە قورسترین گفتوگۆی ژیانم بوو كە دەبوو تێیدا ڕاستییەكە بۆ هاوسەرم باس بكەم. تازە هاوسەری خەونەكانم دۆزیبووەوە و خێزانەكانمان تێكەڵ كردبوو و چوو بووین بۆ ویلایەتێكی نوێ و لە سەرەتای ژیانی هاوسەریماندا ڕووبەڕووی دۆخێكی دارایی ڕوخێنەر دەبوینەوە.

•



Scanned with CamScanner

لە تیمەکەمدا چەند هاوڕێیەکم هەبوو دەیانگوت: "ستیڤ، پێی مەڵێ. واباشترە ئەو نەزانێت." بەڵام دەمزانی ناتوانم وابکەم. وەك کوڕی سلیك هارڤی، دەمزانی ناتوانم خۆم بە پیاو بزانم ئەگەر لەگەڵ ئەودا ڕاستگۆنەبم.

باوکم، وەك باوك و هاوسەرێکی باش، وێنەیەکی جوانی لە ناخی من و براکانمدا چەسپاندبوو. ئەو هەرگیز نەیدەهێشت خێزانەکەمان غەمگین بێت. باوکم دەیویست هەمیشە دڵنیا بێت کە خێزانەکەمان پارێزراوە. من بەجوانی لەبیرمە کاتێك منداڵێکی بچوك بووم، ڕەنگە تەمەنم نزیکەی هەشت ساڵ بووبێت، وەستابووم چاوەڕێی دایکم بووم چاکەتەکەی لەبەربکات و پێکەوە بە پاس بچین بۆ ناو شار. باوکم هاتە ژوورەوە و زۆر بە سادەیی گوتی: "تۆ و دایکت دەچن بۆ نێو شار – ئاگات لە دایکت بێت." ئەوە یاسای ژمارە یەك بوو لە ژیانی باوکمدا. "ئاگات لە دایکت بێت." بۆیە کاتێك گەورەبووم زانیم یەکێك لە گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانم ئەوەیە ژنەکانی ناو خێزانەکەم بپارێزم – دایکم، خوشکەکانم و هاوسەرەکەم.

هەرچەندە نەمدەتوانی بیر لە کاردانەوەی مارجۆری بکەمەوە، دەمزانی هیچ ڕێگەیەکی دیکە نیە جگە لەوەی کە بەتەواوی ڕاستگۆبم لەگەڵی و دانبنێم بە کێشەکەدا. بیرم دەکردەوە: "ئەگەر ئەم ژنە لەسەر ئەم کێشەیە بەجێم بهێڵێت، ئەوا سەرسوڕماوترین پیاوی جیهان دەبم." من باوەڕم بە خودا هەبوو. بۆیە بابەتی باجەکە و دەرئەنجامە داراییەکانیم بۆ باس کرد.



Scanned with CamScanner

پێویسته زۆرێك له وانـه سـهخت و ماناداره‌كانی ژیانـت بكڕیـت. چونكه وانه‌گه‌لی زۆر به‌نرخن. ئه‌و وانه‌یـه‌ی كـه مـن خـه‌ریكبوو فێـری ده‌بووم نرخـی ده‌یـان ملیـۆن دۆلاربـوو. ئه‌مـه ئـه‌وه ناگه‌یـه‌نێت كـه هه‌میشه پێویسته بـه‌های وانه‌كـه‌ت بـه كـاش بـده‌یت، بـه‌لاَم متمانـه‌م پێبكـه، ده‌بێـت بـه شـتێكی بـه‌نرخ به‌هاكـه‌ی بـده‌یت – وه‌ك كـات، له‌ده‌سـتدانی ده‌رفـه‌ت، جۆره‌هـا ناڕه‌حـه‌تی و سه‌رئێـشه. پێویـسته تێبگـــه‌یت كاتێـــك به‌ســـــه‌ختی تێكده‌شـــكێیت و له‌ناوه‌ڕاســـتی كاره‌ساتێكدایت، ئه‌وه له‌ناوه‌ڕاستی گه‌وره‌ترین وانه‌دایت.

كاتێك له‌گه‌ڵ مارجۆری دانیشتم و بۆم ڕوونكرده‌وه كـه ئێمـه لـه كێشه‌یه‌كی گه‌وره‌داین، ده‌ستی كرد به گریان. ئه‌وه شێوازی ئه‌و بـوو بۆ خۆئاماده‌كردن و ده‌ستبه‌كاربوون. مـارجۆری ئـه‌و جـۆره كه‌سـه‌یه كه ده‌گـری تـا لـه پـشێوی ڕزگـاری ببێـت و ده‌سـت بـه‌كاربێت بـۆ چاره‌سه‌ركردنی كێشه‌كه. ئه‌و وه‌ك كێـو لـه پـشتم وه‌سـتابوو. كاتێـك ڕاوێژكارێكی باج پێی گوتم به‌لایه‌نی كه‌مه‌وه دوازده سـاڵی ده‌وێـت تـا لـه‌م چاڵه دێیتـه ده‌ره‌وه، مـارجۆری وه‌سـتابوو. كاتێـك پـێم گـوت پێویسته به سه‌ختی كار بكه‌م و زۆربـه‌ری جـار لـه ماڵـه‌وه بـه‌دووریم، ئه‌و به‌ڵێنیدا هه‌میشه پاڵپشتم بێت.

زۆر ناخۆشـه لـه خـه‌و ڕابیـت و هه‌سـت بكـه‌یت ناتوانیـت بـه‌و شێوه‌یه‌ی كـه ده‌تـه‌وێت چـاودێری خێزانه‌كـه‌ت بكـه‌ت. مـن وره‌م نه‌ڕوخا. له ژیانمدا هه‌موو جۆره قه‌یارانێكی داراییم ئه‌زموون كردووه.

وەك هـــەموو مرۆڤێكـــی ئاســـایی هـــەموو جـــۆرە دۆخێكـــی دارایـیم گوزەراندووە. زۆر هەژاربووم، دەربەدەر بووم، بژی و مەمر ژیاوم. لە هەموو یەكێك لەو ساتە سەختانەی ژیانمدا باوەڕەكەم پاراستووە و لە ناخمدا هەستم پێكردووە. ئەم كێشە تازەیەش جیاواز نەبوو.

پلانم دانا بۆ دانەوەی قەرزەكە. هەمیشە سووربووم لەسەر كاری شەرەفمەندانە. بەوپـەڕی تونامـەوە كـارم دەكـرد. مـن لـە خێزانێكـی زەحمەتكێش گـەورەبووم. ئاكـاری كـاركردن لـە باوكمـەوە فێربـووم. دەمبینی هەموو ڕۆژێك بە سەختی كاری دەكرد. ئەو سەرەتا لە كـانی خەڵوز كاری دەكرد چونكە لە دەشتەكانی خۆرئاوای ڤێرجینیـا تـەنها ئەو جۆرە كـارەی دەسـت دەكـەوت. پاشـان دەسـتی كـرد بـە كـاری بیناسازی و لەكۆتاییدا بوو بە سەركار.

منیش هەمان سروشـتی بـاوكم هەیـە. تـەنها كاتێـك كـار ناكـەم ئەگـەر لـە پـشوودابم و پێویـستم بـە بارگـاوی كردنـەوەی باترییـەكانم بێت. ئەوە تەنها كاتە كـە مـن بەرهـەمی نێودەوڵـەتیم نابێـت. كاتێـك شـەو دەنـووم باترییـەكانم بارگـاوی دەكەمـەوە، بـەلاّم ڕۆژی دواتـر پێوسیتم بە وزە دەبێتەوە. بـاوەڕم وایـە كـە ئەگـەر هـەنگاوێك بنـێم، خودا دوو هەنگاو دەنێت. كەواتە بۆچی بەردەوام نەبم لە هـەنگاونان؟ ئەگـەر مـن هـەنگاوێك بنـێم و خـودا دووان، ئـەوا بەهـەرجۆرێك بێـت بـەردەوام دەبم و ناوەسـتم. بـەلاّم زۆرجـار خـەڵكی گلـەیی لـە خـودا دەكەن و دەڵێن: "نازانم بۆچی خودا بەخششم پێنابەخشێت." كەچی هیچ شتێكیان نەبەخشیووە بەخودا تا شـایەنی بەخـشش بـن. ئەگـەر



Scanned with CamScanner

چەند هەنگاوێك بنێبت خودا بەرەكەت دەخاتە نێو هەنگاوەكانت. ئەو بەرەكەت ناخاتە نێو هەنگاوەكانت ئەگەر هەنگاو نەنێیت. "ئای خودایە، ناتوانم كارێك بدۆزمەوە!" نزادەكەیت و دەكڕووزێیتەوە، كەچی لە ماڵ دەرنەچوویت! من باوەڕم بەوەیە هیواكانم بخەمە جوڵە. پێویستە شتێك بدەیت بە خودا كاری پێبكات.

...ـــــــــــــــــــــ...

**ئەگەر چەند هەنگاوێك بنێبت خودا بەرەكەت دەخاتە نێو هەنگاوەكات.**

...ـــــــــــــــــــــ...

بێجگە لە بیركردنەوە لە دووری خێزانەكەم، بەلامەوە گرنگ نەبوو كاری زیادەش بكەم. ئامادەبووم هەر كارێك هەبێت، زیاد لە كارێكیش بێت، بیكەم. هەموو شەمە و هەینییەك كارم دەكرد. ئەوەندەی بەرێگاوە بووم ئەوەندە لە ماڵەوە نەبووم. مارجۆری سەرپەرشتی خێزانەكەی دەكرد كاتێك من لە دەرەوە كارم دەكرد. بە لەماڵ نەبوونی ناوبەناوی من و جێهێشتنی مارجۆری بەتەنها لەلای خێزانەكە، ئەو وەك ژنێكی بێ هاوسەری لێهاتبوو. ئەو خۆتەرخانكردنەی ئەو وای لێدەكردم هەست بە بڕوابەخۆبوون بكەم، وە هەرگیز هەستم بە تەنهایی نەدەكرد كاتێك لە دەرەوە بووم. دەمزانی ئەگەر ئەو لەم قەرزارییە گەورەیەدا لەگەڵمدا بێت لە هەموو بارودۆخێكی دیكەدا لەگەڵمدا دەبێت.

بۆ بژاردنی باجەكە، چەند ساڵێكی سەرەتای ژیانی هاوسەریم لە فڕۆكەخانەدا بەسەر برد، چونكە بەردەوام لە شارێكەوە گەشتم

دەکرد بۆ شارێکی دیکە و لە ئاهـەنگ و نمایشەکاندا بەشداردەبووم. ئامانجم ئەوە بوو لە کەمتر لە دوازدە ساڵدا قەرزەکە بدەمـەوە. بۆیە خێرا وەخۆکەوتم. نەمدەتوانی چاوەڕێ بکـەم تـا قەرزەکـەم لەسـەر گەورەتر ببێت.

ئەوەی ڕاستی بێت، من لە قەرزەکە دەترسام. دەمزانی چەندین کەس لەبەر نەدانی باج بەندکراوون. جارێکیتر گەڕامـەوە بـۆ بیرۆکـەی تەقەلا و کۆشش: کاریی کـەم کـەم و بـەردەوام هـەموو شـتێك ئاسان دەکات. دەمزانی هیچ سەرچاوەیەکی دارایـی دیکـەم نیـە لـەم قـەرزە زۆرە ڕزگارم بکات. هیچ کارێك، هیچ نمایشێك منی لەم قـەرزە دەرباز نەدەکرد. ڕێبازی گشتگیرم[6] بـەکارهێنا. دەسـتم کـرد بـە واژۆ کردنـی هـەموو ئـەو گرێبەسـتانەی کـە دەخرانـە بەردەسـتم – گرێبەسـتی پەرتوك، بەرنامەی پێشبڕکێ، هەر شـتێك هەبووایـە. بـەڵام گـرنگترین سەرچاوەی دارایم ئەوە بوو کە من قۆشمەچییەکی سەر شانۆ بووم لە هەموو شوێنێکی وڵاتدا کارم دەست دەکەوت. بەشداری دانە بە دانەی نمایشەکانم دەکرد و بێ پسانەوە کارم دەکرد. ئەگـەر نمایشەکە ئـەو پارەیەیان نەدابا کە من داوام دەکـرد، سـەیرم دەکـرد بـزانم چەندیان پـێ هەڵدەسـوڕێت، پاشـان ڕازی دەبـووم. مـن کەسـێکی خـۆش مامەڵـەبووم. "لەبەرئـەوەی نـاتوانین ١٥٠ هـەزار دۆلارت پـێ بـدەین، دەتوانیـت ١٢٠ هـەزار دۆلارمـان لـێ وەربگریـت؟" "بـەڵێ دەتـوانم." "ئایـا ئـەم هەفتەیـە ٩٠ هـەزار دۆلارمـان لێوەردەگریـت؟" "بـەڵێ،

---

[6] Shotgun approach: ڕێبازی گشتگیر زاراوەیەکی بازاڕگەرییە، واتـە ئەنجامدانی چەند کارێك و لە کات و شوێنی جیاوازدا.



Scanned with CamScanner

بێگومان." "ئایا دەتوانیت ڕۆژی هەینی بە ٨٠ هەزار دۆلار و ڕۆژی شەمە بە ٧٥ هەزار دۆلار نمایشمان بۆ بکەیت." "بەڵێ دەتوانم." بەردەوام کەلوپەلەکانم کۆدەکردەوە و دەچووم بۆ نمایش و وتاردان و ڕۆڵ بینین. بەلامەوە گرنگ نەبوو. هەرچی هەبوایە بەشداریم تێدادەکرد بەجۆرێك مارجۆری پێی دەگوتم پێویستە پشوویەك بە خۆت بدەیت.

نەمدەتوانی پشوو بدەم چونکە نەمدەتوانی هیچ ببینم بێجگە لە لیستی قەرزەکان. لە دۆخێکی دژواردابووم. بەڕاستی ماوەیەکی ناخۆش بوو. لە ئۆفیسەکەی ماڵەوەمدا پەنجەرەیەکی گەورەم هەبوو ڕووبەڕووی دەرگای پێشەوەی ماڵەکەم بوو. هەر کەسێك لە دەرگاکەوە بهاتایەتە ژوورەوە بە ڕوونی دەمبینی. هەر کاتێك کەسێك هاتبا یان زەنگەکە لێدرابا، دڵنیابووم کە کەسێك لەلایەن بەشی پۆلیسی ناوچەکەوە هاتووە بۆ دەستگیرکردنم. لە دێوەزمەی مەراق و نیگەرانیدا دەژیام. ئایا قەرزەکەم لەبیرکردووە؟ ئایا ئەوان بڕیاریان گۆڕیووە دەربارەی ڕێکەوتنەکە؟ ئایا کەسێك لە دەزگای باج کاروباری قەرزدانەوەکەمانی شێواندووە؟ ئایا دێن و تابلۆی دەستبەسەردا گرتن دەدەن لە ماڵەکەم؟ زۆرێك لە هاوڕێکانم ئۆتۆمبێلەکانیان یان بەلەمەکانیان لەلایەن حکومەتەوە دەستی بەسەرداگیرابوو. من هەمیشە نیگەران بووم. وەك ئەوە وابوو بەسەر گوریسێکی توندەوەبم و بەبێ قەڵغان و ڕاگر بەسەر تافگەکانی نیاگارادا بڕۆم. ئەگەر تەوژمێك هەوا هاتبا دەیتوانی بمبات.



Scanned with CamScanner

شێوازی ژیانم ئیفلیج ببوو. هەر شتێکم دەکرد، پێویست بوو بیر لە دانەوەی قەرزەکە بکەمەوە. تەنانەت ئەگەر جووتێك پێڵاوم کڕیبا، ئەگەر مارجۆری بازاڕی کردبا. ئەگەر هەوڵماندابا بۆ خۆڵەکێك بچینە دەرەوە. هەمووی لەسەر ئەوە وەستابوو ئایا دەتوانم قیستی ئەو مانگە بدەمەوە. زۆر بەڕاشکاوی پێیان گوتم ناتوانم یەك قیستیش لەبیربکەم.

هیچ کەس نەیدەزانی لە ناخەوە هەست بەچی دەکەم بەهۆی ئەو قەرزەی کە بەرۆکی گرتبووم. هەستم دەکرد لە چاڵێکی بێ بندام. وەك ئەوە وابوو لەنێو گەردەلولێکدابم، بەجۆرێك کە تۆ ناتوانیت وێنای بکەیت.

بەڵام سەرم بەرزکردەوە و ڕووبەڕووی بوومەوە. سەرم خوێنینە، بەڵام شۆڕنیە. هەروەها ئینجیل وای لێکردم بەردەوامبم. تۆ بەنێو *ڕووبارەکاندا بڕۆیت*، نقومت ناکەن. بەنێو *ئاگردا بڕۆیت داغ نابیت. بڵێسەش ناتسووتێنێت*. هەموو ئەو شتانەی تا ئەو ساتە فێریان ببووم پێویست بوو بکرێن بە کردار – کۆڵنەدان، پاراستنی باوەڕ، ڕێگەنەدان بە هیچ کەسێك بەکارم بهێنێت. باوەڕم وابوو بەهەر جۆرێك بێت لەم کێشە دەرباز دەبم، هەرچەندە قیستەکان ئێجگار تۆقێنەربوون. پێویست بوو هەموو شتێك بکەم تا لەم دۆخە دەرمان بهێنێت.

پاشان پەرجوویەك ڕوویدا، ٤٩٪ی کۆمپانیای ڕادیۆکەم فرۆشت بە دەزگای ڕاگەیاندنی *Clear Channel*. پاش ئەوەی چوارساڵ



Scanned with CamScanner

ململانێم کرد لەگەڵ قیستەکان، لەکۆتاییدا تـوانیم بـە نوکـە قەڵـەمێك قەرزی هەشت ساڵ بدەمەوە. بەرواری ٢٨ی کانوونی یەکـەمی ساڵی ٢٠١٢ ڕزگارم بوو. لەکۆتاییدا ڕزگارم بوو.

من وابیرناکەمەوە کـە هەرشـتێکم بەسـەر بێـت دەربـازبوون لێـی مەحاڵ بێت. نەخێر، تەنها کاتێك مەحاڵە ئەگەر بێت و شتێکم بەسـەر بێت و بەخەبەر نەیەم. بێجگە لەوە هیچ شتێك مەحاڵ نیە. من باوەڕم بە خودا هەیە. نەمـدەزانی چـۆن ئـەوە دەکـات، بـەڵام متمانـەم پێـی هـەبوو کـە لـەو زریانـە ڕزگـارم دەکـات. ئـەو هـەرگیز نەیهێـشتووە تێکبشکێم.

...  ...

**خودا بۆ هەمیشە لە تاریکیدا ناتهێڵێتەوە. وەك چۆن تا ئێستا لە تاریکیدا نەیهێشتوویتەوە.**

...  ...

ژیـان زنجیرەیەکـە لـەو وانانـەی کـە فێریـان بوویـت و لـەو شکستانەی کە بەسەریاندا زاڵبوویـت. مـن دەمزانـی بـە لـەئامێزگرتنی ئەو کێشەی باجـە وانەیـەکی بـەنرخ فێـردەبم. خـودا بـۆ هەمیشە لـە تاریکیـــدا ناتهێڵێتـــەوە. وەك چـــۆن تـــا ئێـــستا لـــە تاریکیـــدا نەیهێشتوویتەوە.



Scanned with CamScanner

## گەشتێک و بازدانێک

ســاڵی ١٩٩٥ کاتێــك خــۆم لــەنێو پیــشەسازی کەیفخۆشــیدا بینییەوە، بووم بە بازرگان. لە شاری دالاسی ویلایەتی تێکساس، کە خۆم لـەو کاتـەدا لـەوێ دەژیـام، یانەیـەکی قۆشمەچێتیم کـردەوە و ناومـنـا (قۆشمەچیخانەی ستیڤ هارڤی). یانەکەم بۆ قۆشمەچییەکان کردبـووەوە، بـەڵام ژمارەیـەکی زۆریـش هۆزانڤـان و کەیفخۆشـکەر و ئەکتـەری سـەرکەوتوو و گۆرانیبێـژ نمایـشیان تێـدادەکرد، لەنێویانـدا ئەریکـە بـادو هـەبوو. ئـەو لەتەمـەنی بیـست وسـێ ساڵییەوە لـە قۆشمەچی خانەکە کاریدەکرد و ئێستا لە کۆلێژە لە زانکۆی گامبلین ستەیت.

ئەریکـە دەسـتی کـرد بـە گەشـتکردن بـە ئاراسـتەی بـوون بـەو ئەستێرە گەشەی کە ئەمڕۆ هەیە کاتێك لە قۆشمەچیخانەکە دەستی بـەکارکرد. کاتێـك یەکـەمجار یـەکترمان بـینی لەگـەڵ فـری مـاری ئاهــەنگیان دەگێــڕا و ڕاپیــان دەگــوت، فــری مــاری بــوو بــە پێشکەشکارێکی بەناوبانگی بەرنامـەی *BET's 106 and Park*.

ئەریکـە یەکـەمجار وەك خزمـەتکاری چێـشتخانە دەسـت بـەکاربوو و پاشــان بــەهۆی زیرەکــی و سەرنجڕاکێـشی و شــۆخ و شــەنگییەوە، بەخێرایی بوو بە کارمەندی ناو فرۆکە. پاشان بوو بە کارمەندی بلیت فرۆشتن. بـێ ئەنـدازە متمانـەم پێـی هـەبوو بـۆ بـەڕێوەبردنی پـارە و پارمەتیدان و ڕێکخستنی گواستنەوە و گەیاندن و هۆتێل گرتن بۆ ئـەو



Scanned with CamScanner

قۆشمەچییانەی کە دەهاتن. ئەو زۆر لە کارەکەیدا سەرکەوتوو بوو، هات بۆ لام پۆستی بەڕێوەبەری شانۆی وەرگرت و ئەرکەکەی ئەوەبوو دڵنیابێت لەوەی ئایا هەموو کەسێك گرنگی پێدراوە و خزمەتکراوە. ڕۆژێکیان درەنگ کەوتم بۆ چوونە سەر شانۆ، بۆیە ئەریکە چوو بۆلای مایکەکە و هەندێك نوکتە و شتی لەو بابەتەی گوت تا کات بە من بدات و بە ئاسوودەیی بچمە سەر شانۆ. خەڵکەکە پێدەکەنین و هاواریان دەکرد و چێژیان وەردەگرت، کاتێك گەیشتمە سەر شانۆ، بە گاڵتەوە سەرزەنشتم کرد، لەبەرئەوەی هەوڵی دەدا ئەو کارەش وەربگرێت. هەموو خەڵکەکە دایان لە قاقای پێکەنین. چەند شەوێکی دیکەش ئەم کارەمان دووبارە کردەوە.

ئەریکە ئامادەبوو بۆ قۆستنەوەی هەموو هەلەکان و بەکارهێنانی بەهرەکەی. بەپێچەوانەی منەوە، ئەو وابیری نەدەکردەوە کە دەتوانێت خەندە بخاتە سەر لێوی خەڵکی. پێموانیە زانیبێتی دەتوانێت خەڵکی کەیفخۆش بکات. بەڵام کاتێك پێویست بوو هەنگاو بنێت، هەنگاوی نا. ئەو لەسەر شانۆکە بازیدا بۆ قۆستنەوەی دەرفەتەکە و بەکارهێنانی بەهرەکەی بۆ پەیوەستبوون بە خەڵکەکەوە. پاشان بەردەوام بوو لە سورد وەرگرتن لەو بەهرەیەی کە خودا پێی بەخشیبوو بەچەند شێوازێکی جیاواز – وەك شاعیر، گۆرانیبێژ و چالاکوان. ئەو بە قسە بێ پێچ و پەناکانی ئامۆژگاری لاوان دەکات. لەبەرئەوەی ئەو شەوە لەسەر شانۆ ئەو ساتەی

قۆستەوە، بەهرەکەی خۆی بۆ دەرکەوت. ئەو شەوە بازیدا، و لەو کاتەوە تا ئێستا بەردەوام بازدەدات.

پێویست ناکات بەتەواوی بزانیت گەشتەکەت چی دەبێت یان ئەو هەنگاوانەی کە دەتبەن بە ئاراستەی خەونەکەت چی دەبن. تەنها ئامادەبە بۆ هەنگاونان و ئامادەبە بۆ ئەو ڕێگایە. ئەو دەرفەتانە بقۆزەرەوە کە خودا پێشکەشتیان دەکات، تەنانەت ئەگەر وادەربکەوێت ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە خەونەکەتەوە نیە. ئەو ڕۆژەی ساڵی نەوەدەکان، ئەریکە نەیدەزانی هەنگاوێك دەنێت بە ئاراستەی بواری کەیفخۆشی. تەنانەت هۆکاری بازدانەکەی ئەو شەوە پەیوەندی بە خەونەکەشیەوە نەبوو. بەرپرسیارێتییەکانی کارەکەی پاڵیان پێوەنا تا بازبدات. ئەو تەنها ئەو کارەی ئەنجامدا کە پێویست بوو ئەنجام بدرێت، وە لە ئەنجامدانیدا، ئەو بەخششەی پێدرا کە وایکرد کەمێك قوڵتر لە بەهرەکەی تێبگات.

ڕێگایەکی دیکە بۆ پەسەندکردنی بازدان ئەوەیە وەك سەرکەوتن بە شوێنێکی بەرزدا لێی بڕوانیت. لە هەر پلەیەکدا شتێك فێردەبیت کە ئامادەت دەکات بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانت. وە لە هەر قۆناغێکدا بەهێزتر دەبیت و باشتر دەتوانیت ڕووبەڕووی دۆڕان و نوشوستی و کۆسپەکان ببیتەوە. هەر پلەیەك دەتخاتە شوێنێکی پڕ بەخششتر.

وەك پێشتر گوتم، یەکەمین و گەورەترین بازدانی ژیانم لە بەرواری ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٨٥ دا بوو - کاتێك لە کارمەندێکی بیمەوە بووم بە قۆشمەچییەکی سەر شانۆ.



Scanned with CamScanner

دووەم بازدانی گەورەم خودئاگایانە نەبوو. چەك سەتن، کە لە *Showtime at the Apollo* بەڕێوەبەرم بوو، پەیوەندی کردبوو بە فیستیڤاڵی قۆشمەچێتی مۆنتریاڵەوە و باسی منی بۆ کردبوون. "هەرگیز ناوی ئەومان نەبیستووە." "ئەگەر وەریبگرن ناوی دەبیستن." وەك دەزانن، دواتر بانگێشتنامەیەکم پێگەیشت بۆ ئەنجامدانی فیستیڤاڵەکە. بێگومان پارەی ڕۆیشتم پێ نەبوو. ئەوە یەکێك بوو لەو نمایشانەی کە درەنگ پارەیان دەدا. خۆشبەختانە، چەك سەتن پیشەکییەکی پێدام لەسەر حسابی موچەکەم.

بە فڕۆکە فڕیم بۆ مۆنتریاڵ بۆ پێکشکەشکردنی بەرنامەیەکی پێکەنین. ئەوان پێیان دەگوت "شەوی سامناك". دەبێت شتێکی پێکەنیناوی دەخولەکی ئامادە بکەیت و بابەتی نەبێت. دەبێت خۆت لەسەر شانۆ شتەکان دروست بکەیت. منیش هەر وامکرد. ئەو شەوە چوومە سەر شانۆ هیچ گاڵتەوگەپێکم لەگەڵ ئامادەبووان نەکرد، بەڵکو پیاسەم دەکرد و ڕاستەوخۆ نانم دەخوارد. مۆنتریاڵ شارێکی فەرەنسی زوبانە. منیش لەسەر شانۆ دەهاتم و دەچووم و باسی شاری مۆنتریاڵم دەکرد، نەشم دەتوانی بە فەرەنسی قسەبکەم. ئامادەبووان دەستیان کرد بەهات و هاوار و زانیان نمایشێکی نابابەتییە، چونکە من تەنها باسی شتەکانی دەورووبەرم دەکرد.

یەکەم شەو چەند کارمەندێکی کەناڵی ABC لەنێو ئامادەبوواندابوون. هاتنە پشتی شانۆ بۆ دیدارم. یەکێکیان گوتی: "تۆ زۆر قۆشمەچیت."

دوو ڕۆژ دواتر بانگێشتیان کردم بۆ هۆتێلەکەیان. لێیان پرسیم ئایا دەتـوانم ڕۆڵ بگێـڕم. پـێم گـوتن بـەڵێ، سـەرەڕای ئـەوەی من نەچووبوومە هیچ قوتابخانەیەکی نواندن و یەك ڕۆژ لە ژیانمدا نواندنم نەکردبوو. هاویشتیانمە نێو زنجیرەکی تەلەڤزیۆنی بەناوی *Me and the Boys* من ڕۆڵی باوکێکم دەگێـڕا کـە سـێ کـوڕی هـەبوو. ڕۆژی هەینی چەکێکیان بۆ نوسیم بەبڕی ٥٠ هەزار دۆلار. منـیش ڕازی بووم و بازمدا.

پێویـست بـوو ماڵەکـەم بگوێزمـەوە بـۆ لاس ڤێگـاس، چـونکە وێنـەگرتنی ئـەزموونیمان لـەوێ بـوو. ١٠ هـەزار دۆلاریـان پێـدام بـۆ گواستنەوەی ماڵەکەم. هەرچەندە هیچ کەلوپەلێکی ناومـاڵ یـان هیچ شتێکی گەورەم نەبوو بۆ گواستنەوە، بەڵام پارەکەم وەرگرت. تـەنها پۆشاکم هەبوو ئەویش زۆر نەبوو. پارەکەم دا بە پێشەکی بۆ گرتنی شوقەیەك.

لـە کـەناری خۆرئـاوا نیـشتەجێ بـووم و دەسـتمان کـرد بـە وێنەگرتنی ئـەزموونی[7]. مـاج سـینکلێر لـە فیلمەکـەدا خەسـووم بـوو. دەقێکیان پێدام بەڕاستی نەمدەزانی چۆن بەکاردەهێنرێت. وامدەزانی کارمەندەکان ئەو پیاوەی سەر شانۆکەی مۆنتریاڵیان ویستووە، بۆیە منیش بەجۆرێك نوانـدنم دەکـرد وەك ئـەوەی کـارێکی نابابـەتی بێت. سـتیڤ دەچـێت بـۆ لای بەفرگرەکـە. *لێـی نزیـك دەبێتـەوە و نـان*

[7] وێنـەگرتن و بەرهـەمهێنانی فیلمێکـە بـۆ زانـینی کاردانـەوەی بینـەر، و پاشـان دەسـتکردن بـە بەرهەمهێنانی تەواوی زنجیرەکە.

دەردەهێنێت.پاشان دەڵێت بەیانت باش دایکە ئەمڕۆ چۆنیت. هـەموو شتێکی سـەر لاپەڕەکـەم دەخوێنـدەوە تەنانـەت ڕێنماییـەکانی سـەر شانۆش.

دڵنیـام کارمەنـدانی تەلەڤزیۆنەکـە خۆیـان دەکوشـت ئەگـەر زانیبایان نازانم ڕۆڵ بگێرم.

بەڵام من تێبـینی ئـەوەم نـەدەکرد چـونکە زۆر بـەجوانی لەسـەر شانۆ نمایش دەکەم. یـەکێك لـە ئەکتـەرەکان (کاسـی داڤـیس)ی نێـو زنجیرەی *Tyler Perry's House of Payne* بـوو. ئـەو لـە چـەند فیلمێکـدا بەشـداری کردبـوو. خـەڵی شـاری هـۆڵی سـپرینگزی ویلایـەتی میسیـسیپی بـوو. ئەنـدامی کڵێـسابوو. لـێم نزیکبـووەوە و گوتی: "براکەم، دەتوانم ساتێك لەگەڵت بدوێم؟ دەتـوانم شـتێکت پـێ بڵێم چونکە هاوڵاتی ئەم نیشتمانەیت؟ گوێم لێ بگـرە. کاتێـك قـسەت لەگـەڵ دەکـەم سـەرنجم بـدە. ئەگـەر خـۆت کۆنەکەیتـەوە و خـۆت فێرنەکەیت چـۆن وەك کەسـێکی ئاسـایی قـسەبکەیت و ڕۆڵ بگێڕیـت، ئەوان ئەو پارەیەت لێ وەردەگرنەوە."

ئێـستا، بـیرت نەچـێت، لـەو کاتـەدا ئـەوە زۆرتـرین پـارەبوو کـە دەستم کـەوتبوو، بـێ لەبەرچـاوگرتنی ئـەوەی کـە کـەمترین موچـەم پێدەدرا، هەرچـەندە لـە هـەموو نمایـشێکی تەلـەڤزیۆنی و لەهـەموو شوێنێك ڕۆڵی سەرەکیم هەبوو. هەفتەی ٥٠ هەزار دۆلارم پێدەدرا. من کەمترین برم پێدەدرا چونکە نەمدەزانی داوای چـەند بکـەم. هەفتـەی پەنجا هەزار ئـەو بـڕە بـوو کـە لـە هـەموو ئـەو کەسـانەی دەوروبـەرم بیستبوو، بۆیە منیش ڕازی بووم.



Scanned with CamScanner

کاسی گوتی: "ئەوان ئەو پارەیەت لیّ وەردەگرنەوە ئەگەر خۆت فێری نواندن نەکەیت."

پێتوایە دەهێڵم ئەم ٥٠ هەزار دۆلارەم لیّ وەربگرنـەوە؟ هـەرگیز لە ژیانمدا موچەی ٥٠ هەزار دۆلاریم نـەبووە. هـەموو پێـنج شـەمەیەك ئەم برەم پێدەدەیت؟ ئێستا دەڵێی لێت وەردەگرمەوە. دڵنیام گاڵتـە دەکـەیت. لـەکوێی دیکـە دەتـوانم ٥٠ هـەزار دۆلار پەیدابکـەم؟ ساڵی ١٩٩٣ بـوو و نەمـدەتوانی لـە هـیچ شـوێنێك بـە شـەوێك نوکتـەبازی و قۆشمەچێتی ٥٠ هەزار دۆلار پەیدابکەم.

بـەهیچ شـێوەیەك نـەدەبوو بهـێڵم ئـەوە ڕووبـدات. "سـبەینێ ڕێگەیەك دەدۆزمەوە". کاسی گوتی: "نەخێر، ناتوانیت."

"بـەڵێ، دەتـوانم ئەگـەر ئـەوان ٥٠ هـەزار دۆلارەکـەم لـێ وەربگرنەوە. دەبێت چۆن قسە بکەم؟"

"ئاسایی، وەك ئەوەی ئەوان کوڕی خۆت بن. ئەگەر ئەوان کوڕی خۆت بوونایە چۆن قسەت لەگەڵ دەکردن؟"

"پێم دەگوتن بەخێرایی بڕۆن بۆ ئەویّ."

"باوکت چۆن پێی دەگوتیت؟"

"ئێمە نەماندەتوانی بەو شێوەیە لەسەر شاشە قسە بکەین!"

"گوێم لیّ بگرە. دایکی کیم فیلدز ڕاهێنـەری نواندنـە." مـن کیم فیلـدزم دەناسـی، لـە زنجـیرەی *The Facts of Life* دا ڕۆڵـی کەسـایەتی تـووتی دەگێـڕا. "داوای لـێ دەکـەم ئەمـشەو بێـت بـۆ هۆتێلەکـەت و پێکـەوە کـار لەسـەر دەقەکـە بکـەن. دەبێـت سبەینێ



Scanned with CamScanner

ئامادەبیت چونکە هـەموو کارمەنـدەکان چاویان لەسـەر تـۆ دەبێـت. ناتوانن باوەڕبکەن کە ئەم هەڵەیەیان کردووە."

چپ فیلـدز ئـەو شـەوە هـات بـۆ ژوورەکـەم. بـە درێـژایی شـەو بەخەبـەربووین. مـن ڕسـتەکانم لەبـەرکرد. ئـەو هـەموو شـتێکی پـێ دەگـوتم. ڕۆژی دواتـــر کاتێـــك چـــوومە شـــوێنی وێنەگرتنەکـــە، بەرهەمهێنەرەکان نەیانتوانی باوەڕ بکەن. بینیم حەپەسابوون.

بە کارگێڕانی فیلمەکەم گوت ئەو ڕاهێنەی نواندنی منە، ئەوانیش ئامادەبوون خەرجی وانەکانم بدەن. ئەوان ئامـادەبوون هـەموو شـتێك بکەن. ڕۆژی دواتر چپ بە فەرمی بوو بە ڕاهێنەری نوانـدنی مـن. ئـەو تەنانەت لە شوێنی وێنەگرتنیش ڕاهێنانی پێدەکردم.

لە کاتی وێنەگرتنی ئەزموونیدا، کـەمێك باشـتر نوانـدنم دەکـرد و ئاستم پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبوو. پاش دوو هەفتە، چپ گـوتی: "چیتر پێویستت بە من نیە. تا ئێـستا کەسـم نـەبینیووە وەك تـۆ زوو فێر ببێت. تەنها خۆتبە."

پاش ئەنجامدانی کـارێکی جـوان و سـەرکەوتوو، کـەناڵی ABC زنجیـرەی *Me and the Boys* ی ڕەتکـردەوە. ئـەوە ئاسـت بەرزترین زنجیرە بوو لە مێژووی کەناڵی ABC دا ڕەتبکرێتەوە. مات ولیامز بەرهەمهێنەری زنجیرەی *Home Improvement* بـوو کـە لە ڕیزبەندی یەکەمی ئەو وەرزەدا بـوو. لـە گرێبەسـتەکەیدا نوسـرابوو ئەگەر فیلمەکەی لـەو وەرزەدا یـەکێك بێـت لـە دە باشـترینەکە، ئـەوا کاتی پەخشی فیلمی دواتریشی پێـدەدرێت، کـە فیلمەکـەی مـن بـوو. *Me and the Boys* ئەو وەرزە لە ڕیزبەندی بیست و یەکەمدابوو.



Scanned with CamScanner

پاشــان ABC ٧٥ هــەزار دۆلاری وەك بەخــشش پێــدام بـۆ وازۆكردنی كـارێكی نـوێ. مـن وازۆم نـەكرد. پێویـستم بـە ٣٠٠ هـەزار دۆلار بوو. ویستم خانوویەك بكڕم و پێویستم بە یەك ملیۆن دۆلار بوو. لەبەرئەوەی هەژمارێكی بانكی بـەهێزم نەبووپێویـست بـوو ٣٠٠ هـەزار دۆلار پێـشەكی بـدەم. بارمتەكـەی بـڕی ٢,٥٠٠ دۆلار بـوو. دەمزانـی دەتوانم هەوڵی بۆ بدەم و بەدەستی بهێنم. بریكارەكەم، فرێد وایتهێد، پێیوابوو مەحاڵە من ئەو بڕە پارەیە پەیدابكەم. ئەو گوتی گەورەترین بەخشش ئەوە بوو كە درا بە دۆن جۆنـسن، بڕەكـەی ٤٠٠ هـەزار دۆلار بوو. بۆچی دەبێت ٣٠٠ هەزار دۆلار بـدەن بـە تـۆ؟ لـە وەڵامـدا گوتم: "لەبەرئەوەی داوای دەكەم."

چووم بۆ نوسینگەی سەرۆك، تێد هاربەرت. ئەو ئـەو كەسـە بـوو كـە مـنی بـەكرێ گـرت بـۆ زنجـیرەی *Me and the Boys*. یاریدەدەرەكەی گوتی ئەو لەوێ نیە و ناتوانێت بمبینێت. منیش گوتم چاوەڕێ دەكەم. لە كەناڵی ABC مامەوە و لە ڕاڕەوەكـەدا پیاسـەم دەكرد. لەكۆتاییدا تێدم لە ڕاڕەوەكەدا بینی.

"سلاو، ستیڤ، چی بووە؟ لێرە چی دەكەیت ؟"

" لێـرەم تـا لەگـەڵ تـۆ بـدوێم. دەزانم تـۆ دەتـەوێت ٧٥ هـەزار دۆلارم وەك بەخـشش پـێ بـدەیت، بـەڵام مـن نـاتوانم ئـەو پارەیـە وەربگرەم."

"باشە، بۆچی نا، ستیڤ؟"

"چونكە پێویستم بە ٣٠٠ هەزار دۆلارە."



Scanned with CamScanner

"واه!"

"سەيركە برادەر، تۆ بەكاری تەلـەڤزیۆنی ئاشنـات کـردم منـیش نواندنێکی سـەرکەوتووم ئەنجامـدا. هـیچ شـتێکی دیکـەم ناوێـت لـەم گرێبەستە، تەنها پێویستم بە خانوویەکە."

"گاڵتەم لەگەڵ دەکەیت؟ بریکارەکەت لەکوێیە؟"

"ئەو پێیوایە نابێت داوای ئەو بڕە بکەم."

"بریکارەکەت کێیە؟"

"فرێد وایتهێد."

"کەواتــە خــۆت لێرەیــت و کاروبــاری گرێبەســتەکەت ئــەنجام دەدەیت."

"بەڵێ، ئەو تێناگات. چیتر پێویستم بـە ئـەو نیـە. پێویسـتم بـە تۆیە."

"سبەینێ کاتژمێر چواری ئێوارە وەرەوە."

ڕۆژی دواتر چەکێکی بە بڕی ٣٠٠ هەزار دۆلار پێدام. خانوویـەکم لە تێکساس کڕی. لەو کاتەوە هەوڵی کڕینی چەند خانوویـەکی دیکـەم داوە.

مـن هەمیـشە ڕادیـۆم خۆشویـستووە. دەسـتپێکم لـە ڕادیـۆی WGCIی شـیکاگۆ بـوو. بەدرێـژایی ڕۆژ دادەنیـشتم و بـرەوم بـە قۆشمەچـیخانەکە دەدا. هـــەموو هەفتەیـــەك تـــەواوی بلیتـــەکانی دەفرۆشران. ڕۆژێك خوالێخۆشبوو (دەگ بانکس)ی مەزن (یەکێکە لە گەورەترین پیاوەکانی نێـو جیهـانی ڕادیـۆ) داوای لێکـردم چاکەیەکی

لەگەڵدا بکەم. داوای لێکردم دوای نیوەڕۆیەک میوانی ڕادیۆکەی بم. لە کاتژمێر دووەوە بۆ کاتژمێر شەش میوانی بووم. قسەم لەگەڵ خەڵکدا دەکرد، ڕاستەوخۆ وەڵامی تەلەفۆنم دەدایەوە، مۆسیقام لێدەدا، گاڵتەوگەپم دەکرد. خەڵکی زۆر بەدڵیان بوو. لە ڕادەبەدەر پەیوەندیم پێوەکرا. دوو ڕۆژ لەسەریەک بەو شێوەیە بەردەوام بووم. دەگ بانکس یەکەمین ڕێگە خۆشکەرم بوو. گوتی: "هەموو نوکتەکانت بەلایەک، برادەر تۆ قۆشمەچیت." دواتر ئێلڕۆی سمس لێی پرسیم: "تا ئێستا بیرت لە کاری ڕادیۆ کردووەتەوە؟"

گوتم: "نەخێر."

"تۆ سەرکەوتوو دەبیت تیایدا."

گرێبەستێکم واژۆکرد.

لە شیکاگۆ هەموو بەیانییەک زوو لە خەو هەڵدەستام. ماوەی ساڵێک ئەو کارەم کرد.

لەم ماوەیەدا بوو، کەناڵی ABC گرێبەستەکەمی فرۆشت بە کەناڵێکی دیکە، The WB. ئەوان بەدوای هەندێک ئەستێرەدا دەگەڕان. من ئەستێرە نەبووم، بەڵام ئەوان پێیان وابوو ئەگەر لە کەناڵێکی تر کارێکی سەرکەوتووم کردبێت، ئەوا کەسێکی بەسوود دەبم بۆیان. کەناڵی The WB دوو کەسیان نارد بۆ بینینم، ئەوانیش وینفری هێرفی و ستان لاتان بوون. ئەوان هاتن بۆ شیکاگۆ و گوتیان بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیمان هەیە و پێمانوایە تۆ دەتوانیت ببیت بە ئەستێرە.



Scanned with CamScanner

"بەڕاست، چ بەرنامەیەک؟"

"دەبێـت بـە مامۆسـتای قوتابخانەیـەکی ئامـادەیی ناوچـەیەکی هەژارنشین."

دەربارەی بوون بـە مامۆسـتای بیرکـاری قـسەیان لەگـەڵ کـردم. پرسییان چی دەزانیت دەربارەی بیرکاری. پێم گوتن دەتـوانم کـەمێك سایزەر بژەنم. بـەڵام پێـشتر کاتێـك بـەردەوام سـایزەرم دەژەنـد زۆر باشتر بووم لە ئێستا. دانیشتم و چەند کۆپلەیەکم بۆ ژەنـدن. گوتیـان دەبیت بە مامۆستای مۆسیقا.

پرسییان پێتخۆشە چ ناوێکت هەبێت لە فیلمەکـەدا. منـیش ئـەم هاوڕێیەی قوتابخانەم بیرکەوتەوە، لۆنی هایتاوەر. پێشتر ئـەم نـاوەم خۆشدەویـست: لـۆنی هایتـاوەر. پـێم گـوتن دەمـەوێت نـاوم سـتیف هایتاوەر بێت. لە یەکەمین نمایشمدا هەمان ناوم هەبوو. لە زنجیرەی *Me and the Boys*دا کۆگایەکی فرۆشـتنی فـیلمم هـەبوو و نـاوم ستیف تاوەر بوو.

بانگێشتیان کردم بـۆ وێنـەگرتنی ئـەزموونی. پێیـان گـوتم لـەنێو فیلمەکەدا هاوڕێیەکت دەبێت. ئەوان (جۆرج وێنت)یان پێـشنیار کـرد، کە لە زنجـیرەی *Cheers* دا ڕۆڵـی کەسـایەتی (نـۆرم)ی بەرجەسـتە کردبوو. من پێمگوتن کەسـێکم لـە مێـشکدایە. سـێدریکی کـەیفخۆش. ئەو قۆشمەچییە. ئەو لە هـاوڕێ زیـاتربوو بـۆم. ئـەوان گوتیـان وێنـت ئەستێرەیە. منیش لێم پرسین دەتانەوێت فیلمەکـە پێکـەنیناوی بێـت یان ئەستێرەی تێدابێت. هەندێك مشتومڕمان کرد. گوتیان: "ئێمە تـا



Scanned with CamScanner

ئێستا ناوی سێدریکی کەیفخۆشمان نەبیستووە." منیش گوتم هیچ کەسیش پێشتر ناوی منی نەبیستبوو. پاشان قایل بوون و بانگیان کرد بۆ هەڵسەنگاندن. ئەویان بەدڵ نەبوو، سووربوون لەسەر ئەوەی وێنت بەشداربێت لە فیلمەکەدا. پێمگوتن من وازدەهێنم. ئەگەر سێدریك بەشدارنەبێت منیش ئەو کارە ناکەم. دەمویست لەگەڵ پیاوێکدا کاربکەم کە دەمناسی و بەدڵم بوو. پاش دوو هەفتە پەیوەندییان کرد و گوتیان (سێدریك)یان وەرگرتووە.

بە فرۆکە گەڕامەوە بۆ ئەوێ و وێنەگرتنی ئەزموونیمان تەواوکرد. کارێکی زۆر مەزن بوو.

بەلامەوە گرنگ نەبوو چ کارێك دەکەم، لە دڵی خۆمدا، قۆشمەچییەکی سەر شانۆ بووم. هەرگیز نەمدەویست هیچی دیکەبم. هەرچەندە لە زنجیرەی تەلەڤزیۆنیدا بەشداردەبووم، بەڵام خۆم بە ئەکتەر نەدەزانی، هەموو کۆتایی هەفتەیەك دەچووم بۆ نمایشی شانۆیی. زنجیرەی تەلەڤزیۆنیم وەك کارێکی لاوەکی تەماشا دەرد. لە ڕاستیدا، هەر شتێك کە دەمکرد بێجگە لە نمایشی شانۆیی گەڕۆك بە لاوەکیم دەزانی. بەرامبەر هەموو بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانم هەمان هەست هەبوو. *The ¤ the talk show¤Family Fued*
*¤Steve Harvey's Big Time¤Steve Harvey Show*
BET *Me and the Boys*. تەنانەت بەرنامە تایبەتەکانی وەك
Awatds (من و سێدریك دوو بەرنامەی سەرەتای BET
Awatds مان پێشکەش کرد). هەمیشە وابیرم دەکردەوە تاوەکو

لەبەرواری ١٥ی ئابی ٢٠١٢ دا لە قۆشمەچێتی سەر شانۆ خانەنشین بووم. بەڵام هەرکاتێك هەرکەسێك کارێکی دیکەی پێسپاردبم بازم بۆ داوە. ئەنجامم داوە. بەرەو ڕووی چووم. هەرگیز نەترساوم لەوەی نوێگەری لە خۆمدا بکەم. هەمیشە بەدوای ڕێگەیەکی دیکەدا گەڕاوم بەئاڕاستەی ئەو ژیانەی خودا پلانی بۆ داناوم.

لە پاشان دەرفەتی کاری سینەماییم بەڕوودا کرایەوە. لە فیلمەکانی *Racing Stripes* ¤ *The Fighting Temptations* ¤ *You Got Served* ¤ *Johnson Family Vacation* دا بەشداریم کرد. هەرگیز هەڵنەسەنگێنراوم بۆ بەشداربوون لە هیچ یەکێك لەو فیلمانەدا. سێدریك داوای لێکردم لە فیلمی *Jonhnson Family Vacation* دا لەگەڵیدا بەشداربم. دەستەی ئەکتەرانی فیلمی *Racing Stripes* پەیوەندییان پێوەکردم تا بە دەنگ لە ئەنیمەیشنی Buzz the fly دا بەشداربم. کریس سترۆکس پەیوەندی پێوەکردم تا لە فیلمی *You Got Served* دا ڕۆڵی بەڕێز ڕاد بگێڕم. دەرهێنەرێکی ئینگلیزی بەبێ هیچ خوێندنەوەیەك هەڵبیژاردم بۆ بەشداریکردن لە فیلمی *The Fight Temptation*. هەرگیز نەمویستووە ببم بە ئەستێرەی فیلم. دڵم پێوەی نەبووە. هەوڵمداوە، بەڵام ویستوومە کەسایەتییەکی تەلەفزیۆنی بم، نەك ئەکتەر.

دەورووبەری ساڵی پێنجەمی *The Steve Harvey Show* بوو، واڵتەر لاتام بە پێشنیارێکەوە هات بۆ لای من و سێدریك. ویستی

من و سێدریك و بێرنی ماك له شانۆگەری گەڕۆكدا بەشداری پێبكات. ئێمه به هەمووماں، بەگوێرەی شارەكە، سێ هەزار تا پێنج هەزار بلیتمان دەفرۆشت. پیشەی قۆشمەچێتی سێدریك گەورەبوو. بێرنی لە زنجیرەی *Def Comedy Jam* دا ئەكتەرێكی مەزن بوو. بیرۆكەكەی واڵتەر ئەوە بوو قۆشمەچێتییەكەمان ببەینە نێو گۆڕەپانەكان.

ئێمە تەماشایمان كرد و گوتمان: "دەبێت ئێمە چی بكەین، سەگ؟"

"گۆڕەپانەكان."

"مەبەستت چیە گۆڕەپانەكان؟"

واڵتەر گوتی: "ئەو شوێنەی یاری تۆپی سەبەتەی تێدادەكەن."

"دەبێت لە شوێنێكدا گاڵتەوگەپ بكەین كە یاری تۆپی سەبەتەی تێدادەكرێت؟"

"چەند كورسی تێدایە؟"

"بەلایەنی كەمەوە شازدە هەزار."

من گوتم: "برادەر، دڵنیام گاڵتەدەكەیت. هیچ كەس ناتوانێت ئەوە بكات."

"بۆ هەر شەوێك ١٥٠ هەزار دۆلارت پێدەدەم، جگە لە بەخشش."

"مەبەستت چ جۆرە بەخششێكە؟"

"ئێمە تەواوی بلیتەكان دەفرۆشین و تۆش بۆ هەر شەوێك بە ٢٧٥ هەزار دۆلارەوە لەو شوێنە دەچیتە دەرەوە."

دواتر گەڕایەوە و گوتی: "هەژدە شارم گرتووە."

هەژدە شار!!!

دەستم کرد بە حساب کردن: ٢٠٠ هەزار دۆلار لێکدانی هەژدە شار. پێمگوت پێویستم بە پێشەکییە. وابیرم دەکردەوە ئەگەر پێشەکیم پێبدات ئەوا کارەکە سەردەگرێت. نزیکەی دە ڕۆژ دواتر، پێش یەکەمین نمایش، پێشەکی ٢٠٠ هەزار دۆلاری پێدام. لە بەرامبەر نوکتەکردندا چەکێکی قەبەی پێدام. *Kings of Comedy* ئەزموونێکی بەسوود و سەرنجڕاکێش بوو. شایەنی ئەوە بوو بازی بۆ بدەم!

... ——————————— ...

کاتێک خودا شتێک دەخاتە خەیاڵتەوە، پێویستە لەگەڵیدا بڕۆیت. نابێت ڕێگە بدەیت هیچ کەس ئەو خەونە بکوژێک کە خودا لە ناختدا چاندوویەتی.

... ——————————— ...

من بەدەگمەن وتەی ڕاپەرەکان بە نمونە دەهێنمەوە، بەڵام بیگی سمۆلز ڕاستی گوتووە: "پارەی زیاتر، کێشەی زیاتر." چەند ساڵێك لەمەوپێش، دوای چەند وەرزێك لە *Family Fued* و یەکەمین وەرزی *The Steve Harvey Talk Show*، هاوبەشێکی بازرگانیم هەبوو لە کەمپەکەی منەوە نزیك بوو، دەیگوت: "دەبێت وریابیت لە یەك کاتدا خۆت بە گەلێك کارەوە سەرقاڵ نەکەیت بە جۆرێك نەتوانیت هیچیان بەجوانی ڕاپەڕێنیت و خۆشت



Scanned with CamScanner

مانـدوو بکـەیت." مـن زۆر بـیروڕای ئـەم کەسـەم بـەرز نرخانـد. ئـەو گوتەیەی بیرکردنەوەی منی نـەگۆڕی بەرامبـەر بـەهرەکانی. پێویـست بوو دان بەوەدا بنێم کە ئـەو لـە خەونەکەشمـدا هاوبـەش نیـە. کاتێـك خودا شتێك دەخاتە نێو خەیاڵتەوە، پێویستە لەگەڵیدا بڕۆیت. نابێت ڕێگـە بـدەیت هـیچ کـەس ئـەو خەونـە بکوژێـك کـە خـودا لـە ناختـدا چاندوویەتی. خەونی من زۆر گـەورەتر بـوو لـە خـەونی هاوبەشـەکەم. ئەو شتانەی من بیرم لێ دەکردنەوە زۆر گەورەبوون.

کاتێك دانیشتم و پێم گوت دەمـەوێت لێـت جیاببمـەوە و لـە نێو جیهـانی کەیفخۆشـی و لـە دەرەوەی جیهـانی کەیفخۆشـی دەرفـەتی گـــەورەتر تاقیبکەمـــەوە و ســـەرمایەگوزاری بکـــەم، کاردانـــەوە نەرێنییەکانی بەجۆرێك خستەڕوو وەك ئەوەی ئامۆژگاری باشم بکات. هاوبەشەکەم لەوە دەترسا من بە گەلێك کارەوە سەرقاڵبم، بە جۆرێك نەتوانم هیچیان بەجوانی ڕاپـەڕێنم و خـۆم بخەمـە مەترسـییەوە. ئـەو زیـاتر نیگـەرانی ئـەوە بـوو جیابوونـەوەم کاریگـەری بکاتـە سـەر دەرامەتی ئەو، نەك ئەوەی نیگەرانی تواناکانی من بێت.

خەڵکی لـەخۆوە وابیردەکەنـەوە کاتێـك تـۆ کـاری زیـاتر و نوێتر دەگریتـە دەسـت، ناتوانیـت بەباشـی بـە هـەموویان ڕابگـەیت. ئـەوە هەمیشە ڕاست نیە. چەندە بوار بـە خـۆت بـدەیت دوورتـر بازیـدەیت، هێندە دەرفەت بە خۆت دەدەیت تا بەهرەکانت لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەش بکەیت و یارمەتییان بدەیت بۆ ئەنجامدانی هەمان کار.

نابێت بترسیت لە وەگەڕخستنی بەهرەکەت لـە چـەندین بـواردا و دەرچـوون لـە ئاسـوودەیییەی کـە نامێڵێـت هـیچ شـتێکی نـوێ تـاقی



Scanned with CamScanner

بکەیتەوە. بیستووتە خەڵکی دەڵێن: "هەرگیز بە خەیاڵمدا نەهاتووە ڕۆژێک لە ڕۆژان لێرەدا دەبم." ئەوان لەوێن، چونکە لە درێژایی ڕێگەکەیاندا سەرکەشییان کردووە و ڕێگەی نوێیان تاقیکردووەتەوە. لە شوێنێکدا لەو ئاسوودەییە بێ پەروایە دەرچوون کە تێیدابوون. بەکارهێنانی ئەو بەهرەیەی کە خودا پێی بەخشیوویت، لەبوارگەلی نوێ و جیاوازدا، هیچ لە بەهاکەی کەم ناکات. کاتێک خودا دەرفەتی زیاترت پێدەبەخشێت تا پیشانتی بدات کێیت و بەهای مەزنتر بدات بە جیهان، کاتی ئەوەیە بزانیت چۆن بەهرەکەت بەکاردەهێنیت بۆ بەهێزکردنی کەسانی دەوروبەرت و زیاتر فراوانکردنی خەونەکانتان.

نزیکەی پازدە ساڵ پێش ئێستا، هاوڕێیەکی قۆشمەچیم هەبوو لێی پرسیم ئایا دەتوانم یارمەتی بدەم و لە نمایشێکدا کارێکی بۆ بدۆزمەوە. ئێمە دوو هاوڕێی باش بووین. زۆرجار پێکەوە کاتمان بەسەردەبرد، چونکە ئەو قۆشمەچییەکی باش بوو و ستافێکی باشی هەبوو. لەو کاتەدا گەشتێکی هاوینەی شانۆیی گەڕۆکی پازدە شاریم بەدەستەوەبوو. شارە بچوکەکانی نزیکەی ۱٥٠٠ بۆ ۲٠٠٠ بلیتیان لێ دەفرۆشرا، جاڕدەرەکەم زۆر کارامەبوو و لە هەموو فرۆشگاکاندا بلیتی شانۆییەکانمی دەفرۆشت. من نیوەی نمایشەکانم تەواوکردبوو کاتێک هاوڕێکەم داوای کاری لێکردم، منیش گوتم: "باشە، برادەر. ڕۆڵێکی بچوکت پێدەدەم." ڕازیبووم لە شانۆییەکانمدا دەربکەوێت و موچەی سەرەتای بۆ هەر شەوێک ١,٥٠٠ دۆلار بێت.

شەوێك پـێش ئـەوەی ئـەم قۆشمەچـییە لـەو گەشـتە شانۆییەدا بەشداربێت کە پلانـی بـۆ دانرابـوو. پەیوەنـدی کـرد و گـوتی: "هێی، برادەر. من پارەی زیاترم دەوێت." پرسیم: "بۆچی؟" بـە چاوقایمی وەڵامی دایـەوە: "چـونکە مـن شـایەنی لـەوە زیـاترم." نـاوی لەسەر بلیتەکان و پۆستەرەکان و هۆڵەکان نەنوسرابوو. من تەنها چاکەیەکم لەگەڵدا دەکرد تا لە گەشتە شانۆییەکەمدا بڕێك پارەی دەستبکەوێت. ئەو پەیوەندییەکەی بەم گوتەیە کۆتایی پێهێنا: "برادەر، کاتێك بـۆت دەرکەوت چەندت بۆ هەڵدەسوڕێت، پەیوەندیم پێوەبکەرەوە. وە مـن پێویستە بۆ هەر شەوێك ۳,٥٠٠ دۆلارم پێبدرێت."

مـن نەمـدەتوانی بـاوەڕ بـەو کـارە بکـەم کـە ئـەو شـەوێك پـێش دەستپێکردنی گەشـتەکەمان ئەنجامیـدا. پـێش ئـەوەی تـەواو جـاڕس ببم، لەگەڵ جاڕدەرەکەم گفتوگۆم کـرد. ئـەو گـوتی هاوڕێیـەکی لاوم هەیە و تازەکارە و ئامادەیە شەوی بە ٥٠٠ دۆلار هەمان ڕۆڵ بنوێنێت. جاڕدەرەکەم گوتی: "ستیڤ، ئەو حەزدەکات لەگەڵ تـۆدا بێـت. ئـەو تـەنها دەیـەوێت لەگـەڵ تـۆدا بێـت و فێرببێـت." منـیش ئـەو پیـاوەم بەکرێ گرت و بەردەوام بووم لە گەشتەکانم. ئەو قۆشمەچییەی دیکە هەرگیز پەیوەندی پێوە نەکرایەوە دەربارەی ۳,٥٠٠ دۆلارەکە.

باوەڕدەکەیت، چەند ساڵێك دواتر و پـاش دەسـپێکردنی زنجیرە تەلەڤزیۆنییـەکانم، بـە ڕێکـەوت توشـی ئـەو پیـاوە بـووم. پـێ گـوتم: "برادەر، دەبێت بانگێشتم بکەیت بۆ بەرنامەکـەت." وەڵامـم دایـەوە:

"هيچ شوێنێكم نيه بۆ تۆ." پاشان دەستى كرد بە پەيوەندى كردن بــۆ پارێزەرەكــــەم و بەڕێوەبــــەرى كارەكـــانم و بەڕێوەبـــەرى پەيوەندييەكانم. لەكۆتاييدا خۆم بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ كرد و پێم گوت: "براكەم، گوێم لێ بگرە. هەرگيز هيچ كەسێكم نەبينيووە وەك تۆ بەدنمەك و دووڕوو بێت. من هيچ قەرزارى تۆ نيم." ئەو تەنها گوتى: "برادەر، گۆڕاويت."

ئەو ڕاستيكرد، من گۆڕابووم. من بەڕادەيەك گۆڕابووم كە چيتر ئامادەنەبووم دەستگيرۆيى ئەو يان هيچ كەسێكى ديكە بكەم كە باوەڕى وابێت هۆكارى سەركەوتنى منە. من بەجۆرێك گۆڕابووم كە دەمزانى نابێت بەگوێرەى بيروبۆچوون و پێشبينييەكانى هيچ كەسێك بژيم. كاتێك خەڵك دەڵێن: "گۆڕاويت." قەيناكە، چونكە گۆڕان شتێكى باشە.

ئەو وتەيەى ماجيك جۆنسن پێى گوتم و بووە بە ئەڵقەى گوێم ئەوەيە: "زۆرينەى خەڵك لە هەورەكاندا نين، نازانن هەناسەدان لەو بەرزييەدا چەندە سەختە." ئەوان نازانن هەواى ئەو بەرزييە چەندە تەنكە. ئەوە تۆيت بە چياى ئێڤەرێستدا سەردەكەويت. تۆ پێويستت بەو كەسانەيە كە ڕۆيشتوونەتە ئەو بەرزييە، تا پێت بڵێن چۆن هەناسەى خۆت ڕادەگريت. زۆرينەى خەڵك ناگەنە سەر چياى ئێڤەرێست. تەماشاى بەرنامەيەكى تەلەڤزيۆنيم كرد كە ئاماژەى بەوە دەدا هێشتا چەندان تەرم لەسەر چياكەن. بەڵام كەسانێك بە بێ تەلەوە لە خوارەوەن و يارمەتيت دەدەن بڕۆيتە سەرەوە و



Scanned with CamScanner

بگەڕێیتەوە. ئەوە تیمی پشتیوانی تۆیە. ماجیک هەمیشە لە تیمەکەی منداڵ بووە و بە بێ تەلەکەیەوە یارمەتیداوم بگەڕێمەوە سەر زەوی.

تا زیاتر بەرزببیتەوە لە ژیانتدا و زیاتر بەدەست بهێنیت، دەبێت بە خەڵکێکی کەمتردا بپەرموویتەوە. لە گەشتی ژیانتدا کاتێك دەتەوێت بگەیتە سەر هەر لوتکەیەك، کەمێك لە خەڵکی دەبینیت ئەو کارانە بکەن کە تۆ دەیانکەیت. ئایا ئەمە مانای ئەوەیە کە تۆ لە سەرکەوتن بترسیت؟ نەخێر. پێویستە بەردەوام بیت و بگەیتە لوتکە.



Scanned with CamScanner

# 5

# مرۆڤ خەونێکی نەبێت پێویستە بمرێت

Scanned with CamScanner

**بەختەوەری ئەوەیە ئامانجێکت هەبێت لە ژیانتدا.**

**دەبێت خەونەکە پەیوەست بێت بە**
**شتێکەوە کە تێیدا بەهرەمەندیت.**

**دەبێت هەموو سەرکەوتنێک باوەڕبەخۆبوونت زیادبکات**
**تا واتلێبکات بزانیت دەتوانیت زیاتر بەدەست بهێنیت.**

**کە چەند سەرکەوتنێکت بەدەست هێنا،**
**ئیدی دەتوانیت بەردەوام بیت لە**
**دروستکردنی خەونگەلی مەزنتر.**

**گرنگ نیە بە چ بارودۆخێکدا تێدەپەڕیت،**
**دەتوانیت ژیانت بگۆڕیت.**

وێنەی شێرێك لـە مۆبایلەکەمدایـە کـە بێـچوپەك لـە دوایەوەیـە و لەسەری نوسراوە: "بیرم لە وازهێنان کردەوە، بەڵام بۆم کە زانیم کێ تەماشـام دەکـات پەشـیمان بوومــەوە." کاتێـك بـیر لـە منداڵـەکانم دەکەمەوە، ئەو وشانە دێنـە پـێش چـاوم. بەچـەندین سـاتی لاوازیـدا تێپەڕیووم. نامەوێت هیچ کەس بزانێت ئەو سەربازە مـەزن و ئازایـەم. هەنـدێجار دوژمـن لـە مـن گـەورەتر دەردەکـەوێت. هەنـدێجار هەسـت دەکەم سەرکەوتن لە جەنگەکـەدا مەحاڵـە. بـەڵام کـە سـەیری دواوەم



Scanned with CamScanner

دەکەم و منداڵەکانم دەبینم لێم دەڕوانن، ناتوانم ڕێگە بدەم ببینن کۆڵدەدەم. دەکرێت ببینن شکست دەخۆم - وە چەندین جار بینیویانە- بەڵام هەرگیز ڕێگەنادەم ببینن کۆڵدەدەم. ئەوە بژاردەی ئەوان نیە ببینن باوکیان کۆڵدەدات. دەتوانن بە شکستخواردووی بمبینن، بەڵام هەرگیز ناتوانن ببینم کۆڵدەدەم. دەتوانن ببینن هێندە مەوڵدەدەم وەختە خۆم بکوژم، بەڵام هەرگیز ناتوانن ببینم کۆڵدەدەم.

کاتێك سەیرم دەکەن، ڕەنجدەرترین کەسی ئەم جیهانە دەبینن. وە من ئامادەم کاری سەخت بکەم ئەگەر پێویست بکات. کوڕەکانم لە نزیکەوە ئاکاری ڕاستەقینەی کارکردن و بەرهەمی کۆڵنەدانم دەبینن. نابێت بڵێن نازانین سەرکەوتن چی دەخوازێت. ئێستا، نامەوێت کوڕەکانم ئەو نمونەیە ببینن کە من دەیخەمە پێش چاویان و بڵێن: "پێموانیە بتوانم بەگوێرەی بیربۆچونی باوکم بژیم." یان "پێموانیە بتوانم جێگەی تۆ بگرمەوە." من هەرگیز داوام لە کوڕەکانم نەکردووە جێگەی من بگرنەوە. من هەمیشە پێیان دەڵێم بە ڕێگەی خۆیاندا بڕۆن.

من هەموو ڕۆژێك ئەو کارە دەکەم - کۆڵنادەم و بە سەختی کاردەکەم بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانم. ئەوەی هەموو ڕۆژێك بەخەبەرم دەهێنێت ئەوەیە کە گەیشتوومەتە ئەو ئەنجامەی گەلێك کار هەیە کە پێویستە ئەنجامیان بدەم و هێشتا ئەنجامم نەداون. تا بەتەنتر ببم، زیاتر ئەمەم بۆ ڕوون دەبێتەوە. بەختەوەری بۆ من ئەوەیە کە بە ئامانجەوە بژیم. تێناگەم کەسێك لە ژیانیدا ئامانجێك



Scanned with CamScanner

یان ئەرکێکی نەبێت چۆن بەختەوەر دەبێت. ئینجیل دەڵێت: "مرۆڤ ڕوئیایەك یان خەونێکی نەبێت، پێویستە بمرێت."

دوای بەرنامـەکانم، گـەلێك کـوڕی گـەنج دەهـاتن و گفتوگۆیـان لەگەڵــدا دەکـــردم. هـــەموویان داوای ئامۆژگارییـــان دەکـــرد بـــۆ شـــوێنکەوتنی خەونــەکانیان و بنیاتنـــانی پەیوەندییـــەکی بـــەهێز و شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ خەڵکیدا. هەروەها دەیانپرسی ئایا هـەلی کـارت هەیـە. ئـەوان ئامـادەبوون هـەموو شـتێك بکـەن. مـەراییان بۆ دەکـردم و هەسـتیان دەکـرد مـن ئـەو کەسـەم کـە دەتـوانن ڕەفتـارم لەگەڵدا بکەن و داوای ڕێنماییم لێ بکەن. دەمزانی ڕێگەیـەك هەیە تـا ئەم گەنجانە تێبگەیەنم چەندین کەسی دیکە هەیە لە دەوروبەریان کە گرنگی بە خۆیان و داهاتوویان دەدەن.

بەڵام ئینجیل دەڵێـت: "ئـەوەی زۆری دراوەتـێ، داوای زۆری لـێ دەکرێت." تۆ هەرگیز نازانیت چ شتێك پاڵت پێوەدەنێـت بـۆ ڕۆیـشتن بەرەو خەونە گەورەکەی داهاتووت. بینینی ئەم لاوە هەست ناسکانە سروشی پێدام بۆ بازدان و دەستکردن بە کاری چادرگە ئامۆژگاری.

... ——————————— ...

ئەوەی زۆری دراوەتێ، داوای زۆری لێ دەکرێت.

... ——————————— ...

چادرگەکە وە خەونێك دەستی پێکرد تا لاوان لـە ژینگـەی ژیـانی ڕۆژانەیان دەربهێنێت و بیانخاتە نێـو جێگەیـەکی ئـەرێنی، کە تیایدا فێـربن چـۆن باشـتربن و باشـتر کاربکـەن. هـەروەها شـوێنێك بـوو



Scanned with CamScanner

لەلایەن چەند پیاوێکەوە ئامۆژگاری دەکران، کە دەیانتوانی ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکەن و لە ژینگەی دەوروبەری ئەوانەوە هاتبوون و لەو جۆرە خانووانەدا گەورەببوون کە ئەوان تێیدا دەژیان و لە ژیانیاندا سەرکەوتنیان بەدەستهێنابوو. ئامانجم ئەوە بوو ڕێنمایی ئەو کوڕانە بکەم کە لەماڵەوە کەسایەتی باوکیان نەبوو، تا یارمەتی نەوەیەك بدەم لەڕووی هەست و سۆز و کۆمەڵایەتی و ئابورییەوە بەهێزبن بۆئەوەی هەموو کۆمەڵگە بەهێزبێت. من وەك باوکێك دەزانم هەبوونی کەسایەتییەکی نێرینەی بەهێز چەند گرنگە لە ژیاندا. ئەو وانانەی من لە ژیانمدا لە باوکمەوە فێریان بووم زۆر بەنرخ بوون و منیان کرد بەو پیاوەی کە دەتوانم ڕوبەڕوی تەنگانە ببمەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵنەدەم. ویستم ئەزموون و ڕێنوێنی ئەو پیاوانە بگوێزمەوە بۆ لاوانی ئەمڕۆ.

لە سەرەتادا، نەمدەزانی چۆن دەبێت. بەڵام کاتێك ئێمە پێشتر شتێکمان نەکردووە، بەکارامەیی دەیکەین. بەئومێدەوە دەستمان پێکرد، و دواتر لێکۆڵینەوەمان لەسەر کرد. پێویست بوو بزانم ئەم بازرگانییە چی دەخوازێت.

ئایا بەهرەت هەیە لەو شتەدا کە هیوای بۆ دەخوازیت؟ ئایا لێهاتوییت هەیە لەو ئەو شتەدا کە هیوای بۆ دەخوازیت؟ سەیرکە، دەتوانیت بێ هیوابیت بۆ بوون بە یاریزانی NBA ئەگەر تەمەنت چل ساڵە. هیچ یاریزانێکی تەمەن چل ساڵ لە NBA دا نیە.



Scanned with CamScanner

ناتوانیت لە تەمەنی چل سالیدا بەشداری پالەوانێتی بکەیت. با بزانین هیوا بۆچی دەخوازیت، لە چیدا بەهرەمەندیت، لـە چیدا لێهاتوویت، چونکە دەبێت هیواکەت پەیوەست بێت بە یەکێك لەو دووانە ئەگەر نا هیوایەکی بێسوودە. چی دەبێت ئەگەر کەسێك بلێت هیـوادارم ڕۆژێك بازبـدەم بـۆ سـەر مـانگ. باشـە، هیواداریـت چـی بکـەیت؟ ڕاهێنـان دەکەیت و پاش ئەو هەموو سالە ماسولکەی لاقەکانت بەهێزدەکـەیت، دواتر ڕەنگـە نـەتوانیت بـەهیچ شـێوەیەك بازبـدەیت بـۆ سـەر مـانگ. دەبێت هیواکەت پەیوەست بێت بە شـتێکەوە کـە تیایـدا لێهاتووبیـت یان بەهرەمەندبیت وە لە شانشینی ڕاستی دا بێت و خەیالی نەبێت.

من هیوا و باوەڕم لەئامێزگرت. لە کاری بچوکەوە دەستم پێکـرد و بازمدا بە ئاڕاستەی خەونەکەم. من وزەی پێشڤەچوونم بەکارهێنا - وزەی سـوڕاندنەوەی تەورەکـەم، وزەی هـەلگرتنی یەکـەمین هـەنگاو. ئـەو سەرچـاوانەم بـەکارهێنا کـە لەبەردەسـتمدابوون و هـەر لـەوێوە پەرەم بە خەونەکەمدا. لەسەرەتادا، چادرگەکەم خەرجیدەری نـەبوو. بۆئەوەی خەونەکەم بـەرەوپێش ببـەم، بڕیارمـدا پـارەی خـۆمی تێدا خـەرج بکـەم. وەك پێـشکەشکاری بەرنامەیـەکی بـەیانیانی ڕادیـۆی نیشتمانی، بانگـەوازێکم بلاوکـردەوە بـۆ گوێگرەکـانم و داوام لێکـردن دەستگیرۆیی بەرنامەکانی چادرگەکە بکەن. پەیوەندی کەسیی خۆمم بەکارهێنا بۆ پەیـداکردنی ئامۆژگارەکـان. مـولکێکم هـەبوو لـە شـاری دالاسی ویلایەتی تێکساس، بەدرێژایی سـال وەك پێویـست کـاتم تێدا نەدەبردەسەر بۆیە بڕیارمدا بیکەم بە شوێنی چـادرگەکە. ویـستم ئـەو گەنجانە سوود لەو مولکە وەربگرن چونکە شوێنێکی تایبـەتی هـەبوو



Scanned with CamScanner

لە دڵمدا. دیمەنێکی دڵگیری هەبوو و لەناوەڕاستی دارستانێکی سەوزدا بوو و کەوتبووە نزیک دەریاچەیەک و شوێنێکی نمونەیی بوو بۆ ڕاوەماسی و مەلەوانی – کە دوو چالاکین زۆرێک لەو لاوانەی کە لە ژینگەی شاردا گەورەبوون لێ بێ بەشن. هەرگیز پێشتر نەمدەزانی چەندەم لە توانادایە، خودا بناغەکەی دانابوو، تەنها ئەوەی پێویست بوو بیکەم ئەوە بوو لەوێدا ئامادەبم و ئەرکی خۆم ئەنجام بدەم.

کاری کەم کەم و بەردەوام هەموو شتێک ئاسان دەکات.

هیچ بازرگانییەک لەسەرەتادا داهاتی ١٠٠ ملیۆن دۆلاری نابێت. تۆ بە یەک بەرهەم یان بە یەک بیرۆکە دەست پێدەکەیت. کۆکاکۆلا بە یەک جۆر لە خواردنەوەی لە قوتونراو دەستی پێکرد. ئەپڵ لە یەک کۆمپیوتەری ناوماڵەوە دەستی پێکرد. برایانی ڕایت بەو هیوایە دەستیان پێکرد کە ڕۆژێک بە فرۆکە بفڕن بۆ ئاسمان.

ئەو بیرۆکەیە کامەیە کە تۆ دەتوانیت لە ئەمڕۆوە تێیدا دەست بەکاربیت؟ ئەو خزمەتگوزارییە چییە کە تۆ دەتوانیت لە هەموو کەسێک باشتر ئەنجامی بدەیت؟ ئەو بەرهەمە کامەیە کە دەزانیت هەموو کەسێک بەدڵێتی؟ تۆ تەنها پێویستت بە بیرۆکەیەکی بەهێزە تاوەکو ئەو بازەبدەیت.

من یەک ئامانجم هەبوو: ویستم ئەو لاوانە لە شوێنێکی سەلامەتدا کۆبکەمەوە و وانەگەلی بەسوودی ژیان ئەزموون بکەن. ویستم ئەم هەرزەکارانە بگەڕێنمەوە بۆ کۆمەڵگەکانیان، وە بەشێوەیەکی باشتر بیانگەڕێنمەوە بۆ ئەو جیهانەی کە لێیەوە هاتوون. چادرگەکە لە شاری دالاسی ویلایەتی تێکساس و لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٩

دا کرایـەوە. ئـەوەی مایـەی سەرسـوڕمان بـوو ٥ هـەزار کـوڕی گـەنج داواکارییان پێشکەش کرد بۆ بەشـداربوون لـەو سـاڵەدا. کاتێـك سـەد کەسی سەرەتا هاتن بۆ چادرگەکە، بەڕاستی سەرسامی کردم. باوەڕم نەدەکرد ئێمـە ئـەو کـارە ئـەنجام دەدەیـن. تەنانـەت خەرجیـدەریش پەیدابوو و ئامادەبوو هەموو شتێك ببەخشێك هەر لە پارە و کتێبـەوە تـا جـل و بـەرگ بـۆ کوڕەکـان. وەرزشـوان و کەیفخۆشـان ویـستیان بەشداربن و بەهرە و لێهاتووی خۆیـان بـۆ کوڕەکـان بـاس بکـەن. کـە لەوێدا وەستابووم و بینیم بە لێشاو دێنە نێو چادرگەکە، زانیم کۆتایی هەفتەیەکی کاریگەر دەبێت.

من و ئامۆژگارەکان گفتوگۆمان لەگەڵ کـردن دەربـارەی ئـەوەی کە چۆن هەڵبژاردنەکانی ئێستایان کاردەکاتە سەر ژیان و داهاتوویان، و هــەروەها چـۆن هەڵـسوکەتیان لەســەر شــەقامەکان نماینــدەی خێزانەکانیان دەبێت. دەربارەی گرنگی خوێندن و باشتر ئەنجامـدانی ئەرکەکانی قوتابخانەیان دووان. گفتوگۆمـان کـرد دەربـارەی ئـەوەی کـە چـۆن پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکانیان و ڕەفتاریـان بەرامبـەر خانمەکانی نێو ژیانیان، لە چـەند سـاڵی داهـاتوودا بەرەوپێـشەوەیان دەبـات. دەربـارەی خەونـەکانیان و چۆنیەتی هەوڵـدان بـۆ بەدەسـت هێنانیـان گفتوگۆمـان کـرد. هـەروەها باسـی بنچینە سـەرەکییەکانی ژیانمـان کـرد. فێـری بەسـتنی بۆینبـاخ و سـوودەکانی خـۆراك و تەندروسـتی جەسـتەییمان کـردن و باسـی گرنگـی شـانازییکردن لـە کۆمەڵگە و خێزان و ناخی خۆیانمان بۆ کردن. ئەوان گـەنجانێك بـوون کە هەرگیز پیاوێکی لە خۆیان گەرەتریان نـەبووە تـا بـە باشـی فێـری بەسـتنی بۆینبـاخ و ڕیشتاشینیان بکـات. ئێمـە یارمەتیمانـدان تـا لـە



Scanned with CamScanner

بارەی پیاوبوونیانەوە زیاتر هەست بە بـاوەڕ بـەخۆبوون بکـەن. ئێمـە ئامانجمان ئەوە بوو یارمەتی ئەو گەنجانە بدەین تا بزانن پێویستە لـە ئەنجامـدانی هـەموو کارێکـدا بـێ وێنـەبن. ئێمـە بـەو کـوڕە گەنجانـە دەڵێین نابێت بەوە ڕازیبن کە کەسێکی ئاسایی بـن. کەسانی ئاسـایی موچەی ئاساییان پێدەدرێت و ژیانێکی ئاساییان دەبێت و لەکۆتاییـدا بە ئامانجگەلی ئاسایی دەگەن.

لەکۆتایی یەکەمین هەفتەدا، زەردەخەنەمان بینی لـە ڕوخساری ئەو گەنجانەی کـە یەکـەمجار بـە خـەمباری و داخ لـە دڵـی هاتنـە نێـو چادرگەکە. ڕوناکیمان بینی لە چاوی ئەو لاوانەی کە یەکەمجار هاتن، وێڵ و سەرگەردان بوون. کاتێك ئەو سەد کەسە چادرگەکەیان بـەجێ هێشت زانیم ژیانیان بۆ هەمیشە گۆڕا. هـەروەها ژیـانی منـیش گـۆڕا. بۆم دەرکەوت پێویستە ڕێگەیەك بدۆزمەوە تا ئەم بەرنامەیە بەردەوام بێـت. نەمـــدەزانی چـــۆن ئـــەوە بکـــەم، پـــارە و پێداویـــستی و دەستگیرۆییمان نەبوو، بەڵام باوەڕم وابوو ئەمە دەرفەتێکە لە ژیانمدا تا جیاوازییەك دروست بکەم و یارمەتی چەندین گەنج بدەم کە تـەنها پێویـستیان بـەوەبوو بـزانن کەسـێك خۆشـی دەوێـن و گرنگییـان پێدەدات.

هانـام بـرد بـۆ هـەموو ئـەو کەسـانەی کـە پێموابـوو یارمـەتی چادرگەکە دەدەن. ئـەو پیاوانـەی کـە دەمناسـین گرنگییـان دەدا بـە کۆمەڵگە و لاوەکانمان. براندی کچم یارمەتیداین و پەیوەنـدی کـرد بـە چەندین ڕێکخراوەوە تاوەکو خەرجیدەری زیاتر پەیدا بکات و تەنانەت لای زیاتر پەیوەندی بکات بە چادرگەکەوە. ساڵی دواتر لـە نیویـۆرك مەراسیمێکمان ڕێکخـست بـۆ کۆکردنـەوەی هاوکـاری دارایـی. پـێش

ئەوەی دەست بکەین بە چالاکییەکانی دووەمین هاوین، چەندین کەس دەستپێشخەرییان کرد بۆ یارمەتیدانمان، هەندێك لە ناوە گەورەکانی جیهانی وەرزش و کەیفخۆشی ویستیان پاڵپشتیمان بکەن. هاورێ باشەکەم دێنزڵ واشنتن نەك هەر سەردانی کردین، بەڵکو لەگەڵ هاوسەرە جوانەکەی، پاولێتا، هاوکارییەکی قەبەیان پێشکەشکردین تاوەکو چالاکییەکانمان بەردەوامبن.

ساڵی دواتر، ژمارەیەك لاو سەردانیان کردن کە نزیك بوو لەوەی لە قوتابخانە دەربکرێن، هەندێکیان هەنگاوێك لە بەندیخانەوە دووربوون. هەندێکی دیکەیان توندوتیژییان بەرامبەر ئەندامانی خێزان و کۆمەڵگە ئەنجام دەدا. تەنانەت تیایاندابوو باوك بوون و داوای رێنمایی و ئامۆژگارییان دەکرد بۆ کورە هەرزەکارەکانیان. ئەگەر ئەم لاوانە پیاوێکی راستگۆ و پێگەیشتوویان لە ژیاندا هەبووایە و بیانبینیایە بەکرداری کارە راستەکە ئەنجام دەدات، ئەوا داهاتوویەکی روناکتریان دەبوو. ئێمە هێنامانن بۆ چادرگەکە تاوەکو فێربن، گەشەبکەن و تێبگەن دەتوانن ببن بەچی، وە ئەو شتەیان بۆ دەربکەوێت کە خودا دروستی کردوون ئەنجامی بدەن. زیاتر لە هەفتەیەکی دەویست تاوەکو لە هەندێك لەو شتانەی کە تێیکەوتوون رزگاریان بکەین. بەڵام ئەو وانانەی کە لە باوکمەوە وەرمگرتوون – بەرپرسیارێتی، کۆشش، سەرنج– فێریانکردووم کە نێرینەیەکی ئەرێنی کاریگەر، دەتوانێت بە چەندین رێگە و بەدرێژایی ژیان کاریگەریی هەبێت.



Scanned with CamScanner

کێ بیری دەکردەوە من گەورەدەبم و دەبم بە شتێك؟ من بچوکی نێو پێنج منداڵ بووم و باوکم لە کانی خەڵوزدا کاری دەکرد. ئەگەر ئەمڕۆ هەوڵ بدەم باسی ژیانم بکەم، ناتوانم ڕوونی بکەمەوە کە چۆن گەیشتوومەتە ئێرە. خودا زۆر سەرسوڕهێنەرە. من لە تەمەنی نۆ ساڵییەوە خەونی ئەوەم هەبووە ببم بە کەسایەتییەکی تەلەفزیۆنی، وە تاوەکو تەمەنی سی و هەشت ساڵی نەمتوانی ببم بە کەسایەتییەکی تەلەفزیۆنی. بۆم دەرکەوت عاشقی چیم، بۆیە هاوسەرگیریم لەگەڵ بەهرەکەمدا کرد.

گرنگ نییە لە چ ئاستێکدایت، ئایا بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیایەکیت و موچەکەت یەك ملیۆن دۆلارە یان بازرگانێکی بەرزخوازیت و بیرۆکەیەکی مەزنت هەیە، پێویستە هەموو ئەو دەستکەوتانە بەرز بنرخێنیت کە بەدرێژایی ژیانت بەدەستیان دەهێنیت. دەبێت هەموو سەرکەوتنێك باوەڕبەخۆبوونت زیادبکات تا بۆت دەربکەوێت دەتوانیت زیاتر بەدەست بهێنیت. کە چەند سەرکەوتنێکت بەدەست هێنا، ئیدی دەتوانیت بەردەوام بیت لە دروستکردنی خەونگەلی مەزنتر. ئێمەش هەمان کارمان کرد لە چادرگەکەدا. سەرکەوتنی یەکەم ساڵمان کرد بە بناغە و لەسەری بەردەوام بووین.

ئێستا و پاش حەوت ساڵ، زیاتر لە دوو سەد لاو سەردانی چادرگەکەمان دەکەن تا بەدرێژایی هەفتەیەك ئامۆژگاری لە کەسانی ئەزێنی و سەرمەشقی ئابوری، کۆمەلایەتی، پیشەسازی کەیفخۆشی و

هێـزە چـەکدارەکانی ویلایەتـە یـەکگرتووەکان وەربگـرن. هـەروەها چـادرگەیەکی یـەك هەفتـەییمان بـۆ دایکـە سـەڵتەکانی لاوەکانمـان کردووەتــەوە تــاوەکو بــبن بــە دایکێکـی باشــتر بــۆ کوڕەکانیـان و پەیوەندی نێوانیان بەهێزبکەن. چادرگەکە بەناوبانگ بوو، و کەسانی ناودار هاتن بۆلام و پرسییان چۆن دەتوانین بەشداری بکەین. زیاتر لە حەوت ساڵ بەڕێوەبردنی چـادرگەیەکی ئامۆژگـاری، ئامۆژگارەکانمـان بـریتی بــوون لــە پەروەرشــیار: دکتــۆر ســتیف پێــری، ئەکتــەر و پێشکەشکاری تەلەڤزیۆنی: تێـرێنس جـەی، یۆلانـدا ئـادەمز، و لاینلا ڤانزەنت.

هاوتـــەریب لەگـــەڵ هاوکـــاریکردنی لاوەکـــان، لــە ئــەنجانی دروستکردنی چـادرگەکە و کۆکردنـەوەی ئامۆژگارەکـان بەخششێکی دیکـــەمان بەدەســـت هێنـــاوە. زۆرینـــەی ئامۆژگارەکـــان ســـاڵانە دەگەڕێنەوە، و بە چەندین شـێوە گرێبەسـتمان هەیـە. ئێمـە لـەڕووی هەست و سۆزەوە هاریکاری یەکدی دەکـەین، هـەروەها هەنـدێجار لە دەرەوەی چادرگەکە پێکەوە لەسەر پرۆژەیەك کاردەکەین. بۆ نمونـە تێرێنس جەی لە فیلمی *Think Like A Man* دا ڕۆڵی بینی، کە لەلایـەن (وڵ پارکـەر)ەوە بەرهـەم هـات. فیلمەکـە لەسـەر بناغـەی کتێبەکەی من، وەك خانمێك ڕەفتار بکـە، وەك پیاوێـك بیربکـەرەوە، بەرهەمهێنرا کە یەکێکە لە پڕفرۆشترین کتێبەکانی نیویۆرك تایمز. من ئەوەی دەیڵێم بەرجەستەی دەکەم. دەمەوێت هەڵێك بدەم بە مێشکە داهێنەرەکان تا بەهرەکانیان پیشان بدەن و بەرەوەپێشەوەی ببەن.



Scanned with CamScanner

هەروەها خێزانەکەشم بۆ چادرگەکە کاردەکەن. بەردەوام کاری جدی منداڵەکانم سەرنجیان ڕاکێشاوم. براندی کچم وەك بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەکە کاردەکات و بەرپرسیارییەکی گەورەی گرتووەتە ئەستۆ بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کارەکان بەچالاکی و کارایی بەڕێوەدەچن. منداڵەکانم لە دەزگا بازرگانییەکانمدا و لەگەڵ مندا کاردەکەن. بەڵام ئەوان لە هیچ یەکێك لە کۆمپانیاکانمدا بالاترین موچەیان پێنادرێت. من منداڵەکانم بەو شێوەیە پەروەردە ناکەم پێیان وابێت بەیانیان هەستن لە خەو کەسێك شتێکیان پێدەدات. ژیانی ڕاستەقینە بەو شێوەیە نیە، من دەمەوێت ئامادەیان بکەم بۆ جیهانێکی ڕاستەقینە. کوڕەکان و کچەکانم کاری سەخت و ماوەدرێژ ئەنجام دەدەن. ئەوان لەپێناو موچەکانیان تێدەکۆشن. کاتێك وەك منداڵی خۆم دێن و داوای پارەم لێ دەکەن، لەسەر بنچینەی ئەرك و کاری ڕۆژانە پارەیان پێدەدەم. کاتێك لە کۆلێژ بوون، پارە پەیوەست بوو بە تێکڕای نمرەکانیانەوە. ئەوان لە کاری سەرەتاییەوە دەستیان پێکردووە لەگەڵمدا و قۆناغ بە قۆناغ سەرکەوتوون تاوەکو بزانن چۆن بەکارکردنی سەخت دەستکەوت بەدەست دەهێنن. ئەمە کەلەپورێکە بۆیان بەجێدەهێڵم. دەمەوێت تێبگەن چۆن لە خوارەوە بۆ سەرەوە بنیاتنراوە، نەك لەسەرەوە بۆ خوارەوە، هەروەها دەمەوێت بەکرداری تێبگەن چۆن دەزگایەکی بازرگانی بەڕێوەدەبرێت و لەو کەسانەش تێبگەن کە بەڕێوەی دەبەن. دەتوانن بەم شێوەیە کەلەپورێك بۆ منداڵەکانیان بەجێ بهێڵن و ڕێساکانی کاری سەخت و بەرپرسیارێتی و سەلیقەی جوانیان فێریان بکەن.



Scanned with CamScanner

لـه چـادرگەکەدا، سـەرنجی بنـچینەیی ئێمـه لەسـەر ئـەوه بـوو کوڕەکان بەهێزبکەین تا ببن بە سەرکردەی نەوەی داهاتوو. ئـەو وانـه گرنگەی ژیان کـه فێرمـانکردن ئـەوه بـوو ڕێزێکـی گـەورەتر بگـرن لـه خانمەکانی نێو ژیانیان. ئەمە کلیلێکی گرنگـه بـۆ بنیاتنـانی خێـزان و کۆمەڵگەیـەکی بـەهێزتر. چـەند سـاڵێك لەمـەوپێش لاوێکمـان هـەبوو توندوتیـژی جەسـتەیی بەرامبـەر دایکـی ئـەنجام دەدا، لـه کۆتـایی هەفتەکەدا هانماندا کە تێبگات دایکی چەندە ڕەنجی کێشاوە تـاوەکو بیخاتە سەر ڕێگەی ڕاست. دوای چەند مانگێك دایکی بـۆی باسـکردین کە کوڕەکەی لە کۆلێژە و کارێکی بچوکیشی گرتووەتە دەست.

ئێوارەیەکیان لە چادرگەکەدا باسی کـچانمان دەکـرد. لاوێـك کـە خوێندکاری پۆلی یازدە بوو هەستایە سەرپێ تا ڕای خۆی دەربـڕێـت: "بەڕێز هارڤی، من لە پۆلی پێنجەوە هاوڕێی نزیکی کچێك بووم. بەڵام ئێـستا کوڕەهاوڕێیـەکی بەدفـەڕی پەیـداکردووە. نـازانم چـی بکـەم." سەیرکە، کاتێك کچەکە دووربووە و سـەردانی کۆلێـژەکانی[8] کـردووە، کوڕەهـاوڕێ کۆنەکـەی لەگـەڵ کـچانی دیکـەدا ڕاییـواردووە. کاتێـك کچەکە بە ئەمەی زانیوە، چووە بۆلای خوێندکارەکەی پـۆلی یـازدە و پێی گوتووە جیادەبینەوە.

من بە کوڕەکەم گوت: "تۆ هەرگیز نەتویستووە ببیت بە هـاوڕێی ئەو، ڕاستە؟

---

[8] لـه ئـەمریکا خوێنـدکارانی پـۆلی ١٢ سـەردانی کۆلێـژەکان دەکـەن بەمەبەسـتی ئاشـنابوون بـه بەشەکان و هەڵبژاردنی کۆلێژی دڵخوازی خۆیان بۆ ساڵی ئاینده.

"بەڵێ، گەورەم."

"تەنها ویستت ماچی بکەیت؟"

لەبـەردەم دوو سـەد کـوڕی دیکـەدا گـوتی: "بـەڵێ، گـەورەم. تەنانەت ئێستاش!"

ئـەم کـوڕە بـچوکە، کـە چـاویلکەیەکی گـەورەی لـە چـاوکردبوو گوتی: "تەنانەت ئێستاش!" تەواوی ئامادەبووانی ژوورەکە دایان لـە قاقای پێکەنین چونکە هەموومان وەستابووین.

لەبەرئەوەی هەندێك ئەزموون و لێکۆڵینەوەم هەبوو بتوانم باسـی بکەم، هەندێك ئامۆژگاری کرداریم پێدا. پێم گوت کاتێك کوڕەکەی تـر ئەوی هەڵخەڵەتانـد، پێویـست بـوو تـۆ لـەلای بیـت. "پـاش ئـەوەی کـوڕەکی تـر خـراپ مامەڵـەی لەگەڵـدا کـرد، پێویـستە تـۆ لەگەڵیـدا میهرەبان بیت. دەبێت جێگرەوەیەکی پێبدەیت. بیبەیتـە دەرەوە بـۆ شـوێنێك. بیبـەیت بـۆ خواردنگەیـەکی پیتـزا یـان شـتێك لـەو بابەتـە. دانیشە و پیێ بڵێ: 'سەیرکە، دەزانم ئێمە هـاوڕێین، دەزانم ئـەو کـوڕە ئازاری داوویـت، بـەڵام مـن هـەرگیز ئـازارم نـەدەدایت. مـن هەمیـشە ویستوومە لە هاوڕێیـەك زیـاتریم بـۆت. تـۆ ئێـستا قـەرزاری مـن نیـت، بەڵام حەزدەکـەم هـەلێکم پێبـدەیت تـا باشـتر خـۆم بناسـم و بـزانم دەتوانیت منت بەدڵ بێت وەك چۆن ئەو کوڕەی دیکەت بـەدڵ بـوو.'"

پاشان گوتم بیبە پێکەوە لە قاوەخانەی ستاربەکس یان شوێنێکی تـر قاوەیەك بخۆنەوە.

یەکێك لە ڕاوێـژکارانی چادرگەکە گـوتی: "بـرادەر، ئـەوە کۆنـە. بەڕێز هارفی، کچان قاوە ناخۆنەوە."

کوڕە عاشقەکە وەڵامی دایەوە: "ئەو قاوەیـەك دەخواتنـەوە کە شیری زیاتری تێدابێت و کەفی لەسەر بێت و چوکلێتی لە بندابێت."

ژوورەکە تەقییەوە. تەنانەت پیـاوە سـەربازییەکانیش تەوقـەیان لەگەڵ کوڕەکەدا کرد. هەنـدێك لـە ئامـادەبووان هەسـتانە سـەر پـێ و چەپڵەیان لێـدا. ئـەوە کـاری لێکـردین چـونکە کوڕەکـە لێکۆڵینـەوەی خۆی کردبوو بۆ ئەوەی کە هیوای بـۆ دەخواسـت. ئـەو لێکۆڵینـەوەی لەسـەر کـچەکە کردبـوو. بـاوەڕی نـەبوو بەدەسـتی دەهێنێـت، بـەڵام هیواداربـوو، و وەبـەرهێنانی لـە هیواکەیـدا دەکـرد. سـەرەنجام ئـەو ماوەیەی کە لە چادرگەکەبوو نازناوی"مێباز"مان پێدا.

ئامادەبووان کاردانەوەیەکی زۆر بەهێزیان نیشاندا بەرامبـەر ئـەم لاوە، چونکە ئەو هاوکات لەگـەڵ هیواداربـوون، کاریـشی بـۆ کردبـوو. ئەو تەنها دانەنیشتبوو و چاوەڕێ بێـت خانمـە لاوەکـە بەشـێوەیەکی ئەفسوناوی ببێت بە کچەهاوڕێی. ئەوەی لەسەر شـانی بـوو ئـەنجامی دابوو. دەیزانی بەدیاریکراوی کچەکە چ خواردنەوەیـەکی ستاربەکسی لـەلا پەسـەندە. دەیزانـی کـە دەچـن بـۆ سـینەما کـچەکە حـەزی لە شوکلات و گەنمەشامی بە کەرەیـە. ئـەم کـوڕە گەنجـە بـەجۆرێك بـەو کچە کاریگەرببوو تێبینی هەموو شتێکی ئەوی کردبوو. ئەگەر هەڵێکی پێبدرایە، ئامادەبوو ڕۆڵی لە هاوڕێ زیاتری بۆ بگێڕێت.

هەرچەندە ڕەنگە نەیتوانی بێـت دڵـی ئـەو خانمـە لاوە بەدەست بهێنێت، بـەڵام پـەرەی بـەو زانیارییانەیـدا کـە لـەلای خـانمێکی دیکە



Scanned with CamScanner

خۆشەویستیان دەکرد. بەوریایی سەرنجی وردەکارییەکانی ئەو خانەیدا تا لە کۆتاییدا توانی خانمێکی دیکە بەدەست بهێنێت و ژوانی لەگەڵدا ببەستێت.

لەو کاتەوەی چادرگەکەمان کردووەتەوە، لە سەرانسەری ولاّتدا ئامۆژگاری هەزاران کوڕی گەنجمان کردووە کە تەنها دایکیان هەبووە. دەزانم ڕێبازی ژیانی ئەم لاوانەمان گۆڕیوە چونکە خۆیان بەردەوام پێم دەڵێن، تەنانەت واپیشان دەدەن ژیانیان باشتربووە.

لە هەمان ئەو چادرگەیەی کە "مێباز"ەکەی لێبوو، لاوێك هات هێندە زمانی دەیگرت بەئاستەم دەمانتوانی لێی تێبگەین. کە دەمبینی بەسەختی قسەی بۆدەکرا، ڕاستەوخۆ منداڵی خۆمم بیردەکەوتەوە. من هەتا تەمەنی پازدە ساڵی بەدەست زمانگرتنەوە دەمنالاّند. حەزم نەدەکرد لە پۆلدا هەستم و قسەبکەم. من زۆر دڵتەنگ بووم. منداڵان پێم پێدەکەنین. مامۆستاکەم پێی گوتم هەرگیز کەسی وەك تۆ ناخەنە سەر تەلەڤزیۆن. بەڵام هەرگیز ڕازی نەبووم ئەوە سنور بۆ ژیانم دابنێت. چەند ڕێگەیەکم فێری خۆم کرد بۆ زاڵبوون بەسەر زمانگرتنەکەمدا. دەمزانی ئەگەر توانیبام وابکەم لەو کوڕ زاڵببێت بەسەر زمانگرتنەکەیدا، ئەوە جیهانێکی نوێ و فراوان لەبەردەمیدا دەکرێتەوە.

بەتەنها لەگەڵیدا هەوڵمدا و دەستم کرد بە فێرکردنی هەندێك لەو ڕێگایانەی کە بۆ خۆم بەسوود بوون. بۆم ڕوونکردەوە کە گەورەترین بەرەنگاری ئەوەیە باوەڕی وابێت بەڕاستی دەتوانێت بەو شێوەیە قسەبکات کە خۆی دەیەوێت ئەگەر متمانەی بە خۆی هەبێت و

کۆششی بۆ بکات. لەکۆتایی هەفتەکەدا، داوام لێکرد بێتە بەردەم مایکەکە، بەبێ دوودڵی، بۆ یەکەمجار لە ژیانیدا بە بەبێ زمانگرتن قسەی کرد. بە ئامادەبووانی ژوورەکەی گوت ویستوویەتی ڕۆژێك لە ڕۆژان ببێت بە نوسەر و کتێبەکانی بۆ هەواداران بخوێنێتەوە. تەنانەت هۆنراوەیەکی خوێندەوە کە لە ماوەی ئامادەبوونی لە چادرگەکەدا نوسیبووی. دایکی لە بەشی دواوەی ژوورەکە بوو، نەیدەتوانی هەستەکانی بشارێتەوە. باوەڕی نەدەکرد ئەوە کوڕەکەی ئەوە لەسەر شانۆ وەستاوە و بە ڕوونی و ڕەوانی قسەدەکات. ئەو تەنها پێویستی بە ژینگەیەکی پڕ هاوسۆزی و تێگەیشتن لە مانای پیاوەتی بوو. ئەگەر من بەو دۆخەدا تێنەپەڕیبام، نازانم ئایا دەمتوانی جیاوازییەکم دروستکردبا لە ژیانی ئەو لاوەدا یان نا. کە سەیری ڕابردوو دەکەم دەبینم ئەزموونکردنی سەختییەکانم تەنها بۆ خۆم نەبوون. ئەزموونم ڕێگەی پێدام یارمەتی ئەو لاوە بدەم بەسەر بەرەنگارییەکەیدا زاڵببێت و ببینم ژیانی پڕە هیوا.

یەکێك لە گەورەترین بەخششەکانم ئەوەیە کە ئامۆژگاری و هاندانەکانم چادرگەکەی تێپەڕاند. من هیوا و سروشم دەبەخشی ئەو کەسانەی کە هەرگیز نەمبینیبوون. بیرمە ساڵی ٢٠١٣ پاش پێشکەشکردنی وتارێك لە فیستیڤاڵی جەوهەری مۆسیقا، چاوم بە کوڕێکی گەنج کەوت. هەرکە سەر شانۆکەم بەجێ هێشت تێبینیم کرد برایەکی لاو هەوڵدەدات سەرنجم ڕابکێشێت. کە بینیمی لە شانۆ هاتمە خوارەوە، ڕایکرد بۆ پشتی شانۆ تا چاوی پێم بکەوێت. پیاوێکی تێکسمراو بوو -بەلایەنی کەمەوە کێشی ١٣٠ کیلۆ دەبوو- و



Scanned with CamScanner

چاکەتێکی چێشتلێنەری لەبەردابوو و گـەرمیپێوێکی خـۆراکی کردبـوو بـە گیرفـانی سـەر سـنگیدا. کاتێـک بەسـەر شـانۆدا ڕایکـرد و لـێم نزیکبووەوە، پاسەوانەکەم کەوتنە نێوانمانەوە و گەڕاندیانەوە.

ئـەو هـاواریکرد: "پێویـستە سـتیف بـانگ بکـەم. دەبێـت ئـەمڕۆ چاوم پێ بکەوێت. ئێوە نازانن من لە چ دۆخێکدام!"

کە بینیم هێندە سوورە لەسەر ئەوەی بمبینێت، بە پاسەوانەکەم گوت ڕێگەی بدە با بێت. ئەوەی کە باسی کرد وەخت بوو فرمێسك لە چاوانم بهێنێت. پێـی گـوتم مـاوەی پێـنج سـاڵ لـە ویلایـەتی لویزیانـا بەندکراوە. لـە سـاڵی (٢٠٠٥)ەوە گـوێی لـە بەرنامـەی *The Steve Harvey Radio Show* گرتـووە. مـن بەشـێکی بەرنامەکـەم تەرخان کردبوو بـۆ هانـدانی بەنـدکراوەکان تـا لـە پـشتی شیـشەکانی بەندیخانــەوە دووبــارە ژیــانێکی نــوێ دەسـتپێبکەنەوە. پــاش ئــەو بەرنامـە، ئـەو پیـاوە گەنجـە هـەر لـە بەندیخانەکـەدا دەسـتیکرد بـە خوێندن لە قۆنـاغی ئامـادەیی و لـە بەشـی خـۆراك. کاتێـك ئـازادکرا، گەڕایەوە قوتابخانە و بەردەوام بوو لە خوێندنی هونەری چێشتلێنان. سەیری کردم و بە چاوی پڕ ئەشکەوە پێی گوتم: "پێویست بوو بێمە پشتی ئەم شانۆیە و پێت بڵێم کە تۆ تەواوی ژیـانی منـت گـۆڕی. مـن ئێستا سەرۆکی چێشلێنەرانی هۆتێلی (هیڵتن)م." منیش لەگەڵ ئەودا دەستم کرد بە گریـان چـونکە زۆر شـانازیم دەکـرد بـەوەی بەدەسـتی هێنابوو.



Scanned with CamScanner

پشتی دیوارەکانی زیندان شوێنێکی پڕ هیوا نیـە. ئێمە هـەموو دەزانــین چـەند سـەختە بـۆ زینـدانیان تـا بەربەسـتەکانی زینـدان تێبپــەڕێنن، تەنانــەت ئەگــەر ڕۆژێــك ئــازادیش بکــرێن. زۆرجـار بەربەستەکان جەستەیی نین، بەڵکو ئەوە بەربەستە مێشکییەکانن کە تێکشکانیان سـەختە. بڕیـاردانی ئـەم پیـاوە بـۆ گـوێگرتن لـە مـن و گۆڕینی ژیانی شتێکی دەرئاسایە. نازانم چ شتێك وایلێکـردووە هـەموو ڕۆژێك لـە جێگەکـەی هەسـتێت و سـەیری ئـەودیو شیـشەکان بکـات و بزانێت خودا پلانێکی باشتری بۆ هـەبووە. مـن وابیردەکەمـەوە تـەنها هیوا وایلێکردبێت تەنانەت هەنگاوێك بەئاڕاستەی بنیاتنانی داهـاتووی بنێـت. هەرچـەندە ئـەوەی نـەزانیبوو، بـەڵام بڕیاریـدابوو بازبـدات. نەیزانیبوو ئایا هیواکەی بە ئەنجام دەگـات یـان نـا. هـیچ دڵنیاییـەکی نەبوو کە هیواکەی ئەو ژیانە پێـشبینی نـەکراوەی بـۆ بەدیـدەهێنێت. هەموو ئەوەی دەیزانـی ئـەوە بـوو کـە دەبێـت شـوێنێکی باشـتر لـەم بەندیخانــە هــەبێت. هــەموو ئــەوەی ئەنجامیــدا ئــەوەبوو بــەردەوام هیواکەی بەرەو پێشەوە دەبرد تاوەکو گەیاندی بە شوێنێکی ئـەرێنی تر. سەیرکە ئێستا لەکوێیە، سەیرکە هیواکەی بەکوێی گەیاندووە.

سـەرنج بـدە گـەلێك لـە ئێمـە ڕووبـەڕووی ئـەو جـۆرە تەنگانەیـە نابینەوە کە ئەو پیاوەی تێدابوو لەکاتێکدا گوێی لـە بەرنامەکـەی مـن دەگرت. زۆرێك لە ئێمە کاتێك زیندانی دەکرێین توشی تـاریکی ڕۆحـی و مێشکی نابین. ئێمە کاتێك ڕووبەڕووی تەنگانە و سەختییەك دەبینەوە هەموو بەخششەکانمان نادیـدە دەگـرین. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەتوانیت



Scanned with CamScanner

وەك ئـەو پیـاوە لـە دەسـتپێكدا هیواكـەت بـەكاربهێنیت. ئـەو لـە بەندیخانەدابوو و بازیدا. ئەمە دەریدەخات لە هەركوێیەك بیت، بەهەر بارودۆخێكدا تێپـەڕبیت، دەتوانیـت بازبـدەیت. گـرنگ نییـە بـە چ بارودۆخێكدا تێپەڕ دەبیت، دەتوانیت ژیانت بگۆڕیت.

لە دەستپێكی چادرگەكەوە، ژیانی ١٥٠٠ لاومان گۆڕیـووە. بـەڵام لەهەمان ئەو كاتەی خودا بەخششت پێدەبەخشێت، ئامادەت دەكات بۆ بازدانی داهاتووت. لەم گۆشەنیگایەوە، دەستم كرد بە دامەزراندنی دەزگای ستیڤ و مارجۆری. ئەم دەزگایە ئەركی ئەوەیە برەوبدات بـە بەرنامـەكانی ئـەو ڕێخـراوە كۆمەڵایەتییانـەی كـە گرنگـی دەدەن بـە شكۆمەندی خێزان.

تیلەر پێری وەك نمونـە وەربگـرە: ئـەو ڕاسـتەوخۆ چیرۆكەكانی نەدەخستە سەر شاشەی سینەما. بـەڵكو سـەرەتا لـە شـانۆ بـچوك و ناوچەییەكانی باشوردا نمایشی دەكردن. ئـەو لـە پرۆسـەی فێربـوونی نوانـدن، نوسـین، دەرهێنـان و بەرهـەمهێنانی شـانۆییەكانیدا، هـەموو شتێكی لەدەستدا. هەروەها بۆ ماوەیەك لە ئۆتۆمبێلەكەیدا ژیا. بـەڵام كاتێك بـەردەوام هاوتـەریب لەگـەڵ هیواكەیـدا دەربـارەی خولیاكـەی لێكۆڵینەوەی كرد، شانۆییەكانی بەهێزتر بوون. بە كەسایەتییە ئاڵۆز و چیرۆكە فرە ڕەهەندەكانی و سوود وەرگرتن لە شێوازێكی تایبـەت، زیاتر لەوەی پێشبینی دەكرد سەركەوتنی بەدەست هێنا. سەركەوتنی تیلەر نمونەیەكە بۆئەوەی هیواكەت بكەیت بە كردار و هـەنگاو بنێیـت بە ئاڕاستەی ژیانێكی گەورەتر لەو ژیانەی خودا داوات لێدەكات.



Scanned with CamScanner

چادرگەکە بەو هیوایە دەستی پێکرد کە بتوانم یارمەتی لاوان بدەم.کاتێك باسی هیوا دەکەم، مەبەستم ئەو هیوا ئەرێنییە نیە وەك منداڵێکی بچوك کاتێك بەیانی ڕۆژی سەری ساڵ لە خەو هەڵدەستێت و هیوادارە هەموو ئەو شتانە بەدەست بهێنێت کە لە لیستەکەیدایە. تەنانەت بە بەکارهێنانی تابلۆی خەونەکان[9]، ناتوانیت شتێك بەدیوارێکەوە بنوسێنیت و هیواداربیت بەشێوەیەکی جادوویی ڕووبدات. مەبەستم ئەوەیە ناخودئاگا هەموو ڕۆژێك شتێك بکەیت کە نزیکت بکاتەوە لە بەدەست هێنانی خولیاکانت. پێویستە کاربکەیت. پێویستە بڕیاربدەیت. پێویستە ئەو کەسە بیت کە ئامادەیە بۆ بازدان پێش ئەوەی بزانیت پەڕەشووتەکەت چی تێدایە.

کاتێك فێربیت هیواکانت لاستیکی بن، و متمانەت بە خۆت هەبێت و سووربیت لەسەر خەونەکەت، باوەڕبەخۆبوونت زیاد دەکات. ئەمە واتلێدەکات ئەوە بەدەست بهێنیت کە دەبێت ژیان پێت ببەخشێت. ئەو کوڕە گەنجەی چادرگەکە کە زمانی دەیگرت ئێستا لە لوتکەی بەرزتر نزیك دەبێتەوە، نەك لەبەرئەوەی ئێستا زمانی نایگرێت، بەڵکو لەبەر کۆششکردنی بۆ زاڵبوون بەسەریدا. ئەو باوەڕبەخۆبوونەی کە بەدەستی هێناوە جیهانێکی نوێ و پێشهاتی زیاتری لەبەردەمدا کردووەتەوە. ئەو بڕا لاوەی کە دەیزانی خانمەکەی حەزی لە چییە، ئێستا لە گرنگی لێکۆڵینەوە و ئامادەبوون

---

[9] تابلۆیەکە بەدیواردا هەڵدەواسرێت و وێنە و دەستەواژەی ئومێدبەخش و حەز و خولیاکانی پێوەدەنوسێنرێت.



Scanned with CamScanner

بۆ کارکردن لـەپێناو شـتە گرنگـەکانی ژیـان تێگەیشتووە. کـوڕە گەنجەکانی چادرگەکە باشتر ئامادەبوون پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ ئامۆژگارەکان، کـە بناغەیـەکیان پێدان بـۆ سـەرکەوتن لـەو بـوارەی هەڵیدەبژێرن، هەروەها ژیانی خۆیان بەشێوەیەکی گرنگ گۆڕی. ئـەو وانە و لێهاتووییانەی کە ئێمە فێری گەنجەکانی دەکـەین بریتین لـە: چۆنێتی جل پۆشین بۆ چاوپێکەوتن، چۆنێتی ئاخافتن لەبەردەم جەماوەر، و تەنانـەت چۆنێتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ تاکـەکانی کۆمەڵگە. ئەوەی لەکۆتاییدا فێری دەبن ئەوەیە هەموو ئەو شتانەیان بەدەست هێناوە کـە پێویستن بۆ سـەرکەوتن و هێنانـەدی خەونـەکانیان. بـە بوونیـان بـە سەرمەشق بۆ لاوانـی دەوروبـەریان و سـەرکەوتنیان لـە ژیانـدا، ئـەو متمانەیـە بەدەست دەهێنن کـە دەبێتەهۆی باوەڕبەخربوونیان.

وەك ئامۆژگار، ئێمە تەنها ئامۆژگارییـان ناکـەین و پـەروەردەیان ناکەین، بەڵکو گوێشیان لێدەگرین، زۆرینـەیان پێویستە گوێیـان لـێ بگیرێت. ئێمە تێدەگەین ئـەوان لـەکوێوە هـاتوون و دەتـوانین لەگەڵ نەهامەتییەکانیاندا هەڵبکەین. پیاوێك هەبێت گوێیان بۆ بگرێت بـەهێز دەبن، لەکاتێکدا زۆرێك لەم لاوانە لە پیاوی ژیانیـان بـێ بەشـن. ئێمـە لەگەڵیان پەیوەست دەبین و یارمەتییان دەدەیـن باوەڕیـان بـەخۆیان بێت، باوەڕبەخۆبوون ئازایەتییان پێدەبەخشێت تـا ڕووبـەڕوی هـەموو تەنگانەکانی ژیانیان ببنەوە. ئەگەر ئەم برا لاوانـە لـە نـاخی خۆیانـدا کۆڵنەدەر و خۆڕاگربن، باوەڕیـان بـە داهاتوویـەکی گەشتر دەبێت و چەندین دەرگای نوێیان بۆ دەکرێتەوە.



Scanned with CamScanner

کردنەوەی چادرگەی ئامۆژگاری بە پارەی خۆم سەرکەشییەك بوو ئامادەبووم ئەنجامی بدەم. هیچ دڵنیاییەکم نەبوو کوڕەکان پەیوەندیمان پێوەدەکەن. هیچ دڵنیاییەکم نەبوو هەرگیز خەرجیدەر بەدەست دەهێنم. هیچ دڵنیاییەکم نەبوو ئامۆژگاری شیاو بەدەست دەهێنم. ئەوەی دەمزانی تەنها ئەوەبوو دەمویست بەشێوەیەکی فەرمی ئامۆژگاری لاوان بکەم. دەمویست کوڕەکانم خزمەتی لاوانێك بکەن کە وەك ئەوان خۆشبەخت نەبوون. بۆم دەرکەوت چەندین هاوڕێم هەن وەك ئێمە گرنگی بە لاوەکان دەدەن. بەخشینی هیوا بەم لاوانە بەوەی کە داهاتوویەکی گەشتریان دەبێت، تۆوێکە کە ئامادەم هەر هەڵێکم بۆ هەڵبکەوێن بیچێنم. ئەوە شانازییە بۆ من کە بوار بدەم بە پیاوە بەهێزەکان تا بێن و باربووی ژیانی ئەو لاوانە بکەن کە زۆرجار لە ژیانیاندا توشی بەرەنگاری گەورەبوون.

... ——————— ...

"خودا تواناداره هەموو شتێک بکات، زیاتر لەوەی من داوای دەکەم یان بیری لێ دەکەمەوە. لەبەرئەوەی ئەو دەپەرستم، بەخششەکانی دەمگرنەوە و دامدەپۆشن. من بەختەوەر دەبم.خەڵکی هەتا بتوانن لەگەڵ مندا باش دەبن. بەرەکەتی خودا وەک قەڵغان دەورم دەدات. ئەمە گەواهی منە."

... ——————— ...



Scanned with CamScanner

کاتێك به هیوایەکی کەمەوە دەست پێدەکەیت، نابێت هەرگیز لە خودا بپرسیت چ پلانێکی بۆ ژیانت هەیە. نابێت هەرگیز لێی بپرسیت بۆچی دروستی کردوویت. هەموو بەیانییەك هەڵدەستم لـە ئـەم وشانە بەسەر ژیانمدا دەخوێنم: "خودا تواناداره هەموو شتێك بکات، زیاتر لەوەی من داوای دەکەم یان بیری لـێ دەکەمـەوە. لەبەرئـەوەی ئـەو دەپەرستم، بەخششەکانی دەمگرنەوە و دامدەپۆشـن. مـن بەختـەوەر دەبم. خەڵکی هەتا بتوانن لەگەل منـدا بـاش دەبـن. بەرەکـەتی خـودا وەك قەڵغان دەورم دەدات. ئەمە گەواهی منە." من هەموو ڕۆژێك ئەم وتانە زینـدوو دەکەمـەوە. بـاوەڕم بـە بەخشـشەکانی خـودا هەیـە بـۆ ژیانم. باوەڕم بە نیعمەتەکانی خودا هەیە بـۆ خێزانەکـەم. بـاوەڕم بـە بەرەکەتی خودا هەیە بۆ تۆ.



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

# 6

# واز لە زیندوومانەوە بهێنە

# و

# دەستبکە بە ژیان

Scanned with CamScanner

بە ڕووبەڕووبوونەوەی بەرەنگارییەکانی ژیان، بەهێزتر دەبیت و خودا بە هێنانەدی خەونی گەورەتر پاداشتت دەکات.

قایل بە بەوەی کە گۆڕان پێویستە و واتلێدەکات گەشە بکەیت و بەشداربیت لە گۆڕانەکەدا.

هیواکانت لەسەر بنچینەی سنووری هەستییەکانت بنیات مەنێ.

کەسەکانی دەوروبەرت هەڵسەنگێنە و کەسانێک لە دەوری خۆت کۆبکەرەوە کە ئەرێنی بیربکەنەوە.

هەرگیز ڕێگە مەدە هەڵەکانی ڕابردووت یان ترسەکانت بتوەستێنن لە بازدان.



Scanned with CamScanner

شەوێك لە شاری مێمفیس لـە یانەیـەکی قۆشمەچێتیدا نمایشم دەکرد. خانمێکی دڵڕفێن هاتـە ژوورەوە. هێنـدە شۆخ و شـەنگ بـوو ئەو نوکتەیەم بیرچووەوە کە خەریکبووم دەمگێڕایـەوە. ئـەو ساتەی کە چاوم پێی کەوت زانیم کەسێکی تایبەتە. بە دەست ئاماژەم بۆکرد و گوتم: "ببورە، دەزانم تۆ من ناناسیت، بـەڵام ڕۆژێـك هاوسـەرگیریت لەگەڵ دەکەم!" پێکەنی و گوتی: "تۆ من ناناسیت." ئەو کاردانـەوە خێرایـەیم بـەدڵ بـوو. دەسـتبەجێ بـووم دەرکـەوت مـن بەڕاسـتی هاوسەرگیری لەگەڵ دەکەم.

دوو شەو دواتر، لە هـەمان شـار و لـە نمایـشێکی دیکـەی خۆمـدا بینیمەوە. پاش نمایشەکەم داوام لێکرد بێت بۆ پشتی شانۆ و کـەمێك قسە بکەین. پێی گوتم ناوی (مارجۆری)یە. لـەکۆتایی گفتوگۆکەمانـدا پێم گوت خانمێکی بـێ وێنـەیت. سـەرەڕای جوانییەکـەی، چـاوەکانی دەدرەوشانە و پرشنگێکیان هەبوو هەسـت و هۆشـیان ڕفانـدم. بـەڵام ئەوەی بەڕاستی سەرنجی ڕاکێشام ژیریـی و تێگەیـشتووییەکەی بـوو. زەردەخەنە و پێکەنینەکەی چووە دڵمەوە. بیرم کـردەوە: "بەڕاسـتی ئەمە خانمێکی تایبەتە."

دوایی ئەو شەوە من و مـارجۆری بـەخێرایی بـووین بـە هـاوڕێ و ناوبـەناو ژوانـی کورتمـان دەبەسـت. ئـەو کاتـە هـەوڵم دەدا وەك قۆشمەچییەك پارە پەیدا بکەم. مارجۆری لە مێمفیس دەژیا و منـیش لە ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیام و لە شارێکەوە گەشتم دەکرد بـۆ شـارێکی دیکە و نمایشم دەکرد. بەئاستەم دەمتوانی لە هەفتەیەکدا چەند سەد



Scanned with CamScanner

دۆلارێـك پەیـدا بكـەم. هەسـتم دەكـرد هـیچ شـتێكم نیـە بتـوانم پێـی ببەخشم، ئەمە هۆكارێك بوو بۆئەوەی هەوڵی یەكلاكـەرەوە نـەدەم تـا پەیوەندییەكە بگەیەنم بە قۆناغی داهاتوو. من لـە دۆخێكـی هەسـت و سۆزیی وەهادا نەبووم كە پەیوەندییەكەمان پێویستی بـوو. ئـەوە زۆر سـەخت بـوو كـە لەگـەڵ مارجۆریـدا بـەرەوپێش نەدەچووین، بـەڵام هەمیشە ئەوم لەبیربوو.

كاتێك من و مارجۆری لێك جودابووینەوە، سـەرنجم خـستە سـەر كارەكـەم. بـە تێپـەڕبوونی كـات، مـن هاوسـەرگیریم لەگـەڵ كەسـێكی دیكەدا كرد و كوڕێمان بوو. هەروەها مارجۆریش هاوسـەرگیری كـرد و چەند منداڵێكی بوو. هەمیشە بیرم دەكردەوە ئـاخۆ ئـەو چـۆن بێـت. هەموو دوو ساڵ جارێك پەیوەندیم پێوەدەكرد و هەواڵیم دەپرسی.

كاتی زیاتر تێپەڕی. هاوسەرگیری دووەمم بەو شێوەیە نەڕۆیشت كـە مـن دەمویـست. زیـاتر و زیـاتر خـەمبار بـووم و لەكۆتاییـدا بـۆم ڕوونبووەوە كە دەبێت لێی جیاببمەوە. من لە شوێنێكی تاریكدابووم. لە دووەم هاوسەرگیریمدا شكستم خواردبوو. گومانم هەبوو لەوەی ئایا دارای ئـەوەم كـە پەیوەندییـەكی سـەركەوتوو دەیـەوێت. هەسـتم بـە تەنهایی و كەساسـی دەكـرد. تەنانـەت وازم لـە گـوێگرتن لـە مۆسـیقا هێنابوو، كە شتێك بوو هەمیشە ژیـانمی دەوڵەمەنـد كردبـوو. هـەر لـە منداڵییەوە ماڵەكەمان پڕبوو لە دەنگی مۆسـیقا. هەنـدێجار لـە ژووری دانیشتندا هەر لەخۆوە دەستمان دەكرد بە ئاهەنگ و سـەما. مۆسـیقا پشكێكی مەزنی هەبوو لە ژیانمدا. لەو كاتەدا، بۆ دەستكەوتنی بژێوی



Scanned with CamScanner

لە ڕادیـۆدا مۆسـیقام دەژەنـد، بـەڵام خۆشەویـستیم بـۆ ئـەو کـارە لەدەستدا.

هەمیـشە جیابوونـەوە قورسـە. بـەڵام هەنـدێجار جیابوونـەوە پێویستە بۆ گەشەکردن. دەمتوانی لـە پەیوەندییـەك بـەردەوامبم کـە یاریدەی خەونەکانمی نەدەکرد، بەڵام لەگەڵ خـۆم یـان هاوسـەرەکەم ڕاستگۆ نەدەبووم. ئەگەر لە پەیوەندییەکدا کەسێکیان دڵتـەنگ بێـت، من گەرەنتی دەکەم ئەوی دیکەش دڵتەنگ دەبێـت. بەدڵنیاییـەوە مـن ئامادەنەبووم بۆ ئەو بازدانە، بەڵام بەڕاستی بەختەوەری و ئاسودەییم بەندبوو لەسەر ئەوە. هەستم کرد ئەگـەر لـە جێگـەی خـۆم بمێنمـەوە هیچ ڕێگەیەك نیە تاوەکو ببم بە ئەو کەسەی کە خودا دەیەوێت.

پاش بازدانەکە، هێشتا دڵتەنگ بووم. هەستم دەکرد بـاری سـەر شانم سووکتر بـووە، بـەڵام هەسـت و سـۆزم بـەو شـێوەیە نـەبوو کـە دەمویست. ڕاستەوخۆ پاش بازدان، هەرگیز باوەڕناکەیت کە باشـترین بازتـــداوە. بـــازدان پـــاش نیـــشتنەوەت بـــرین و ڕوشـــاوییەکانت تیماردەکـات. تاکـە شـتێك کـە هیـوا و باوەڕبـەخۆبوونی پاراستبووم بیرکردنەوەم بوو لە مارجۆری.

ڕۆژێك پاسـەوانە دێرینەکـەم پێشنیاری کـرد پەیوەنـدیم لەگـەڵ مـارجۆری نـوێ بکەمـەوە. ئـەو دەیزانـی کـە چـەند جارێـك ژوانمـان هـەبووە لەکاتێکدا کـە سـەرقاڵی چـەندین نمـایش بـووم. پێـی گـوتم: "سەیرکە، تەنها کاتێك تۆم بە دڵخۆشی بینیووە کە لەگەڵ مارجۆریدا بوویـت. ئێـستا پـێش ئـەوەی بڕۆیـت و کـارێکی گەمژانـە بکـەیت و

هاوســـەرگیری لەگـەڵ خـانمێکی دیکـەدا بکـەیت، مـن پەیوەنـدی پێوەدەکەم."

...________________...

**کە کاتی دێت و پێویستە بازبدەیت، بەدەگمەن بەتەواوی ئامادە دەبیت بۆ ئەوە.**

**بازدان بەشێکە لە بەرەنگاری. پێویستە متمانەت بە خۆت و خودا هەبێت.**

...________________...

هێشتا پێموانەبوو ئامادەم لەگەڵ خانمێکی وەك ئەودابم، بەڵام بـۆم دەرکـەوت پاسـەوانەکەم ڕاسـتدەکات - مـارجۆری کلیلـی بەختـەوەریم بـوو. هەرچـەندە ئامادەنـەبووم و هەسـتم کـرد کاتەکە گونجاونیە، بازمدا. کە کـاتی دێـت و پێویـستە بازبـدەیت، بەدەگمەن بەتەواوی ئامادە دەبیت بۆ ئەوە. بازدان بەشـێکە لـە بـەرەنگاری. پێویـستە متمانـەت بـە خـۆت و خـودا هـەبێت. ئێمـە پـێش ئـەوەی بازبدەین حەزدەکەین بزانین چی ڕوودەدات، بەڵام جیهان ئەو شێوەیە کارناکات. پێش دەستبەکاربوون نازانین دەرئەنجام چی دەبێت. من هەموو شتێکم دایە دەستی خودا و بازمدا. تەنانەت هەرچەند خۆم بە شایـستە نـەدەزانی، لوتبـەرزیم قوتـدا و پەیوەنـدیم کـرد بـە مارجۆرییەوە.

دوو ڕۆژ پـاش کۆتـایی هـاتنی پرۆسـەی جیابوونەوەکـەم، بـە مارجۆری شـادبوومەوە. مـن هیـوای بەختـەوەریم لەدەسـتدابوو. ئەو هـەموو شـتێکی بـۆ گەڕاندمـەوە. ئێمـە بەیەکگەیشتینەوە و دووبارە



Scanned with CamScanner

دەستمان کردەوە بە ژوان بەستن. هەر لە سەرەتاوە بەجوانی لام ڕوونبوو ئەو ئەو خانمەیە کە دەتوانێت یارمەتیم بدات ببم بەو پیاوەی کە دەمویست.

قبولکردنی بێ مەرجی من، سەرەڕای هەڵەکانم، یارمەتیدام ئامادەبم چاکسازی لە ژیانمدا بکەم. ئامادەبوون بۆ لەئامێزگرتنی گۆڕان، بەشێکە لە مانا و مەبەستی بازدان. ئەمە هۆکاری ئەوەیە کە ئێمە ڕاستەوخۆ پاش بازدانەکە دڵشاد نابین. زۆرجار پاش بازدانێکی گرنگ نیگەران دەبین، دەترسین و نائاسوودە دەبین سەبارەت بە بڕیارەکەمان. دەبێت پێشبینی ئەوە بکرێت. ئەوە بەشێکە لە پرۆسەکە. گۆڕان ناخۆشە، بەڵام ناتوانین بەبێ گۆڕان گەشە بکەین. هەرچەندە من لەڕووی داراییەوە ئامادەنەبووم بۆ ئەو بزاوتنە، بەڵام زیاتر لەوە ئامادەبووم چاکسازی لە ژیانمدا بکەم. بۆم دەرکەوت ئەو کاتەی کە لەگەڵ مارجۆری بەیەکتر شادبووینەوە کاتێکی گونجاوبوو، چونکە ئەگەر زووتر بۆلای یەکتر گەڕابایناوە، ئامادەنەدەبووم بەوجۆرە سوپاسگوزاری خۆمی بۆدەربڕم کە شایستەیەتی. ئامادەنەدەبووم بۆ ئەو گۆڕانکارییانەی کە پێویست بوو لە خۆمدا بەرجەستەیان بکەم تاوەکو پەیوەندییەکە سەرکەوتووبێت.

ئێمە بەخێرایی دەستمانکرد بە کۆشش کردن، هەردووکمان دەمانویست قەرەبووی کاتی لەدەستچوومان بکەینەوە. پێویستە ئەزموونی پەیوەندییەك بکەیت کە بەتەواوی لە ئاست چاوەڕوانی تۆدانیە، تاوەکو بەڕاستی بزانیت پەیوەندییەکی نایاب چۆنە. ئەو



Scanned with CamScanner

بەبێ مەرج منی خۆشدەویست. کاتێك سەرەتا دەستمان کرد بە ژوان بەستن، تازە دەستم کردبوو بەکارەکەم و بەهیچ شێوەیەك لەو شوێنە نزیك نەبووم کە ئێستا لێیم. بەڵام پلانم هەبوو، بەهەڵە لێم تێمەگە. کاتێك سەرەتا وەك قۆشمەچییەك دەستبەکاربووم، تەنانەت پێش گێڕانەوەی یەکەم نوکتە لەبەردەم جەماوەردا، ئامانجم ئەوەبوو لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوودا ببم بە قۆشمەچی سەرەکی سەر تەختەی شانۆ و بەلایەنی کەمەوە هەفتەی ٢,٥٠٠ دۆلار پەیدابکەم. ویستم دواتر داهاتم لە هەفتەی ٥ هەزار دۆلارەوە بەرز بکەمەوە بۆ ٧,٥٠٠ دۆلار. بەڵام کاتێك من و مارجۆری گەڕاینەوە بۆلای یەکتر، ئەگەر بەختم هەبووایە ئینجا هەفتەی ٥٠٠ دۆلارم پەیدا دەکرد. مارجۆری پێی گوتم بەلامەوە گرنگ نیە چەند کەم پەیدا بکەیت، بەڵام وەك پیاوێك من بەلامەوە گرنگ بوو. دابینکردنی بژێوی بۆ هاوسەری ژیان گرنگترین شتە بۆ پیاو. لەو کاتەدا هەستم نەدەکرد بتوانم ئەوە بکەم. مارجۆری پێشتر کار و خانووی خۆی هەبوو و بژێوی خێزانەکەی پەیدا دەکرد. بەڵام ئاسوودەی کردم بەوەی کاتێك لەڕووی داراییەوە بە هەر بڕێك باربووی خێزانەکەم کردبا ڕێزی دەگرتم و ستایشی دەکردم.

مارجۆری هەرگیز بەرزخوازییەکانمی بە سوك سەیرنەدەکرد، و هەرگیز نەرێنی نەیدەڕوانییە خەونەکانم و بڵێت ئەو خەونانە مەحاڵن. ئەو هەمیشە پاڵپشتی هەوڵ و تەقەلاکانمی دەکرد و سروشی پێدەدام و هانی دەدام بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم. دەمزانی لە هەموو بارودۆخێکدا پشتم دەگرێت.

پاش چەند مانگێکی کەم لە ژوان بەستن، مارجۆریم خۆشویست و زانیم ئەویش خۆشی دەوێم. بەڵام وەك پیاوێك هێشتا پەیوەندیم



Scanned with CamScanner

لەگەڵ هەندێك ئافرەتدا هەبوو كە لە پاش جیابوونەوەكەم هاوڕێیەتیم لەگەڵدا بەستبوون و جارجار ژوانم لەگەڵدا دەبەستن. لە كۆتایی هەفتەی ڕۆژی ڤالانتایندا، شەوێكی تایبەت مارجۆری لە نیویۆرك سەردانی كردم، و یەكێك لەو هاوڕێیانە پەیوەندی كرد بە مۆبایلەكەمەوە. من زۆر قسەم نەكرد. ئەو سڵاوی كرد و من پێم گوت كاتێكی دیكە قسەدەكەین و كە گەڕامەوە دێم و دەتبینم. بەخێرایی كۆتاییم بە پەیوەندییەكە هێنا. پێموانەبوو مارجۆری گوێی لە گفتوگۆكەمان بووە، بەلایەنی كەمەوە ئەو بەو شێوەیە هەڵسوكەوتی نەدەكرد. دەبوو باشتر زانیبام. ئەو توانای بیستنی دایكانەی هەبوو، نزمترین دەنگی لەدەست دەرنەدەچوو. بێگومان درەنگانی شەو كاتێك هەستام بچم بۆ گەرماوەكە -نزیكی كاتژمێر سێی شەو بوو- مارجۆری لە ڕاڕەوەكەدا وەستابوو چاكەتە فەروەكەی لەبەردابوو. جانتاكەی بەدەستەوە بوو.

لێم پرسی: "بۆ كوێ دەڕۆیت؟" لە ناوەڕاستی ڕاڕەوەكەدا و لە نیوە شەودا، وەڵامەكەی وایلێكردم دەستبەجێ بۆم دەربكەوێت كە ئەو خانمێكی تایبەتە و ئەگەر بمەوێت لەگەڵیدا بژیم دەبێت هەنگاوێك بچمە پێشەوە.

هێشتا جانتاكەی بەدەستەوە بوو، بەڕاستگۆیی گوتی: "من نامەوێت بوكەڵەی یاریكردنی هیچ كەسێك بم یان ژێردەستەی هیچ كەسێك بم. پێموایە تۆ ئامادەنیت بۆئەوەی كە دەبێت پێت ببەخشم. من منداڵی خۆمم هەیە و ژیانێكی باشم هەیە، پیاوێكم دەوێت بێتە



Scanned with CamScanner

نێو خێزانەکەم و خێزانەکەم تەواوبکات. ئەگەر تۆش ئەوەت دەوێت، ئەوا من لە مێمفیسم."

پاش ئەوەی سەرسامییەکەم ڕەوییەوە، داوام لێکرد هەلێکی دیکەم پێبدات. جانتاکانم لێ وەرگرت و لەسەر زەوییەکە دامنان. بەخێرایی مۆبایلەکەم دۆزییەوە و کردم بە دوو کەرتەوە. سوپاسگوزاربووم کە ئەوەی لە منی چاوەڕێ دەکرد سەبارەت بە پەیوەندییەکەمان، زۆر بەڕاشکاوی خستیەڕوو. من پێویستم بەو پەیوەندی و پێکهاتنە بێ پێچ و پەنایە بوو. دەمزانی دەتوانێت بە ئاگادارکردنم لەو شتانەی کە ئەو لەگەڵیاندا هەڵناکات، یارمەتیم بدات ببم بەو پیاوەی کە دەیەوێت. من جارێك ئەم خانمە جوان و زرنگ و شیرینەم لەدەستدابوو، نەمدەویست جارێکی تر لەدەستی بدەم. هیچ خانمێکی دیکە هێندە دڵسۆز و خۆبەختکەر نەبوو بۆ من و ئێمە و منداڵەکانمان. دەستبەجێ لە ڕاڕەوەکەدا بۆم دەرکەوت هیچ کەسێکی دیکەم ناوێت. مارجۆری پەیوەندییەکی یەك هاوسەریی دەویست – هاوسەرێك کە لەهەمان کاتدا هاوژین و باوك بێت. هەروەها دەیویست ئەم پیاوە باوەڕداربێت و خودای خۆشبوێت و ئامادەبێت هەموو شتێك بکات لە پێناوی پاراستنی خێزانەکەمان. من بازمدا. من بازمدا بە ئاڕاستەی بوون بەو پیاوەی کە ئەو دەیویست.

بەڵێنم پێدا هەموو شتێکی بۆ بکەم و ئەگەر ئەو بیەوێت لەگەڵ مندا بژی ئەم جیهانەی پێ ببەخشم.

بڕیاردان بۆ مامەڵەکردن بە ئاکارێکی جوان و شکۆمەندانە لەگەڵ مارجۆری بازدانێك بوو. بازدانەکە بڕیارێکی کەسیی بوو تاوەکو ببم بە کەسێکی باشتر. بازدانێك بوو بە ئاڕاستەی یەك هاوسەریی. بازدانێك بوو بە ئاڕاستەی بەخشینی هەموو دڵم بە کەسێك. هەروەها لەخۆبوردنیش بوو بۆ خۆم تا بە ڕاشکاوانەتر بژیم، و بتوانم بژاردە پیشەییەکان لەبەرچاو بگرم. بۆم دەرکەوت گەیشتن بەو جۆرە



Scanned with CamScanner

بڕیارانە لە ژیانی کەسییدا دەتوانێت بتبات بە ئاڕاستەی پاداشتگەلی گەورەتر لە سەرەپای ژیانتدا.

کاتێك مارجۆری گەڕایەوە بۆلام، بۆم دەرکەوت کە ئەو ژنێکی گونجاوە بۆ من چونکە گۆڕان لەبەر ئەو ئاسان بوو. من هەمیشە بە ژنان دەڵێم: پیاوان دەتوانن بگۆڕێن، بەلاّم ئەمە مانای ئەوە نیە بەدڵنیاییەوە هەموو پیاوان دەگۆڕێن. تەنها یەك ژن هەیە کە ژیانی خۆمانی بۆ دەگۆڕین. ئەگەر پیاوێك ئامادەنەبوو بگۆڕێك، مانای ئەوەیە تۆ بۆ ئەو گونجاو نیت. بەلاّم نابێت دابنیشیت و ساڵانێکی بەنرخی تەمەنت لەگەڵ پیاوێك بەسەرببەیت کە بۆ تۆ گونجاو نیە. پێویستە بەردەوام بەرەوپێش بڕۆیت و باوەڕت هەبێت کە خودا کەسێکی گونجاوی بۆ داناویت. کەسی گونجاو تەنها ئەوە نیە کە وێنەکانی لە تۆڕی کۆمەڵایەتییدا پۆست بکەیت و بە کچە هاوڕێکانتی بناسێنیت، بەڵکو کەسی گونجاو ئەوەیە هێزت پێبدات و هانت بدات تاوەکو بەردەوام بیت لە بازدان بە ئاڕاستەی خەونەکانت. مارجۆری دەیزانی من پیاوێکی گونجاوم بۆ ئەو. ئەو پێی گوتم پاش چەند مانگێك لە ژوان بەستن، ڕۆیشتووە و بە باوکی گوتووە پیاوێکی گونجاوی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە. ئەو بەدوای پیاوێکدا دەگەڕا کە وەك باوکی بێت چونکە باوکی ببوو بە نمونە لە ژیانیدا، هەروەها گوتی ئەو نمونەیەی لە مندا بینیووە.

... ——————— ...

**کاتێک بەنێو ژیاندا گەشت دەکەیت، پێویستە باوەڕت وابێت کە پلانی خودا گەورەترە لە هەر پلانێک کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.**

... ——————— ...

چەندین جار وارێکەوتووە توانیومە کۆڵبدەم و لە شوێنی خۆمدا بمێنمەوە یان دەست لەو ژیانە هەڵبگرم کە لەو کاتەدا تێیدابووم. دەمتوانی تا ئێستاش لە کۆمپانیای فۆرد یان ئۆڵ ستەیت کاربکەم و موچەم هەبێت، بەڵام دەمزانی ئەوە ئەو ژیانە نیە کە من خەونی پێوە دەبینم. دەمتوانی هەست بە شکست بکەم پاش ئەوەی لە کۆلێژ دەرکرام، یان ببینم هاورێکانم هەموویان کۆلێژیان تەواوکرد و چوونە سەر کاری خۆیان جگە لە من. ئەو شەوەی کە مارجۆری لە پارەوەکەدا وەستابوو و جانتاکەی بەدەستەوە بوو، دەمتوانی هەنگاو نەنێم بە ئاراستەی بوون بەو پیاوەی کە مارجۆری دەیویست. بە رووبەڕووبوونەوەی هەموو ئەو بەرەنگارییانە بەهێزتر بووم. خودا بە هێنانەدی خەونگەلی گەورەتر پاداشتی کردم. کاتێك بەنێو ژیاندا گەشت دەکەیت، پێویستە باوەڕت وابێت کە پلانی خودا گەورەترە لە هەر پلانێك کە تۆ بیری لێدەکەیتەوە.

من و مارجۆری لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٧ دا هاوسەرگیریمان کرد. ئەو بە هێزی خۆشەویستی باوەڕمی نوێکردەوە. خۆشەویستی و پاڵپشتی و دڵسۆزییەکەی بە چەندین شێواز ژیانی منیان گۆڕی. ئەو منی ڕزگار کرد. گاڵتە ناکەم کاتێك وادەڵێم. ئەو بەمانای وشە ژیانی منی ڕزگارکرد. مارجۆری وایلێکردم واز لە زیندوومانەوە بهێنم و دەستبکەم بە ژیان. من هەرگیز پێشتر نەژیابووم، مەبەستم ئەوەیە بە*ڕاستی* پێش ئەوەی مارجۆری مانای



Scanned with CamScanner

ژیانم نیشان بدات نەژیابووم. بەڕاسـتی بـاوەڕم وایـە خـودا مـارجۆری خستە ژیانمەوە تا ئاسـوودەیی و مێـشك سـافیم پـێ ببەخـشێت. مـن پێویستم بەوە بوو مێشکم ساف بێت. ئەو یارمەتیـدام بـەڕوونی بـزانم بۆکوێ دەڕۆم، چونکە ئاسوودەیی پێ بەخشبووم. ئـەم ئاسـوودەییە دەرفەتی بیربکەمەوەی پێدام. ئـەو گـەلێك شـتی فێرکـردم دەربـارەی خۆم. ئێمە لـە هـەموو شـتێکدا کۆك بـووین چـونکە ئـەو شـتەی ئـەو دەیویست، منیش دەمویست. ئێمـە هـیچ لێکتێنەگەیـشتنێکمان نیـە، ئەو لە ناخی دڵەوە خاتری مـنی دەوێـت، وەك چـۆن منـیش بەهـەمان شێوە خاتری ئەوم دەوێت. من لـە ڕادەبـەدەر متمانـەم بـە مـارجۆری هەیە.

پێویست ناکات لە کـاتی بازدانـدا هاوەڵـت هـەبێت، بـەڵام ئەگـەر هاوەڵـت هــەبێت بەڕاســتی یارمەتیــدەر دەبێــت. کاتێــك دەبینیــت هاوەڵەکەت دەتوانێت لەگەڵتدا بازبدات، بۆت دەردەکەوێت هـاوەڵێکی گونجاوت هەیە. من زۆرێك لە دەستکەوتەکانم بەهۆی مارجۆرییـەوەن. نەمدەتوانی گەلێك لە بازەکانم بدەم پێش ئەوەی ئەو ببیـنم. هـاوەڵی باش بیانوت بۆ ناهێنێتەوە تا لە شـوێنی خـۆت بمێنیتـەوە، هـەروەها هەوڵ نادات ببێتە لەمپەر لەبەردەمت، یان پێت بڵێـت ناتوانیـت ئـەوە بکەیت. هاوسەرەکەم هەرگیز پەشیمانی نەکردوومەتـەوە لـە بـازدان، بەڵکو دەستمی گرتووە و لەگەڵمدا هاتووە. هەستێکی سـەیری هەیـە کاتێك لەگەڵ کەسێکی گونجاودایت. ڕەنگە دوودڵ بێـت سـەبارەت بـە بازدان، بەڵام هەرگیز هەوڵی نەداوە ساردم بکاتـەوە، چونکە بـاوەڕی پێمە. بەم دواییە دەربارەی گواستنەوە بۆ لـۆس ئـەنجلس گفتوگۆم



Scanned with CamScanner

لەگەڵدا کرد. من زۆربەی بەرنامە تەلەڤزیۆنییەکانم لە کەناری خۆرئاوا بوون، بۆیە گونجاوتر بوو لەوێ بژین. سەیرکە، من هاوسەرەکەم لەم سەری وڵاتەوە برد بۆ ئەو سەری وڵات، و ئەویش لە ئەتڵەنتا ماڵێکی جوانی بۆ دروست کردین. داوام لەم خانمە باشورییە بەشکۆیە کرد شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی و هەموو شتێك بەجێ بهێڵێت و بچێت بۆ ئەوپەڕی وڵات و ماڵێکی نوێ ئاوەدان بکاتەوە. ئەو گوتی هەموو شتێك دەکات بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی من. ئەو هەرگیز دەستهەڵناگرێت لە سەرسامکردنی من.

مارجۆری یەکەم کەس بوو پێی گوتم: "خودا دەتگەیەنێتە شوێنێك هەرگیز پێشتر لەوێ نەبوویت، و پێویستە خۆتی بۆ ئامادە بکەیت." هەموو ڕۆژێك وتەکانی سروشم پێدەدەن، بۆیە کە لە خەو ڕادەبم بەوپەڕی توانامەوە کاردەکەم. باوەڕبوونی ئەو بە من هەموو جیهان دەهێنێت. هەموو ڕۆێك دەمەوێت بەجۆرێك کاربکەم ببم بە کەسێکی باشتر تاوەکو خودا ئەوەم پیشان بدات کە بۆی ئامادەکردووم.

ئێوارەی سەری ساڵی ٢٠٠٦، چەند هەفتەیەکی کەمی مابوو تەمەنم ببێت بە پەنجا ساڵ. بە خۆمم گوت: "کاتێك دەبم بە پەنجا ساڵ، بەنیازم شێوازی ژیانم بگۆڕم. بەنیازم بچم بۆ یانەیەکی کێش دابەزاندن و هەندێك کێشی خۆم دابەزێنم، و گرنگی بە خۆراکم بدەم." هەروەها لەو کاتەدا بڕیارمدا قژم بتاشم. لەڕاستیدا، ئەوە بڕیارێکی هاوبەشی من و مارجۆری بوو.



Scanned with CamScanner

خێرا دەستبەکار بووم و بازمدا. یانەی کێش دابەزاندنم زیادکرد بۆ خشتەی کارەکانم. سەبارەت بە پلانی خواردنەکەم، بیرم کردەوە لە پارێزێکی باش و نیگەرانی ئەو خواردنانە نەبووم کە پێویست نەبوو بیانخۆم. چیدی خواردنی خراپ لە ژیانی مندا نەما. پاشان کاتی گرنگیدان بە قژم هات.

هێشتنەوەی قژم لە سەرەوە و کەمکردنەوەی لاتەنیشتەکانی ڕۆتینێکی گەورەبوو لە ژیانمدا. سەرتاشەکەم، جەیمس، بۆئەوەی بتوانێت بەشی پێشەوەی چوارگۆشەیی چاک بکات، پێویستی بە کاتژمێرێك بوو تا بە گوێزان و مقەست خەریکی بێت. کاتێك لە هەفتەیەکدا سێ جار یان چوار جار هامشۆی سەرتاش دەکەیت، واتە سێ کاتژمێر یان چوار کاتژمێر بەبێ کاری لەوێ دادەنیشیت. نەمدەویست چیتر هاوسەرگیری لەگەڵ ئەو شێوازی قژبڕینەدا بکەم. ڕێك پێش ساڵی نوێ قژم بەتەواوی تاشی. ئەوە بازدانێك بوو بۆ من. من بەو قژەوە ناسرابووم، هەروەها لە چەندین ڕووەوە هەستی باوەڕبەخۆبوون و دڵنیایی پێ دەبەخشیم. شانازیم بەو ستایلەوە دەکرد. ئەوە شایستەی بازدانێك بوو. لەم خشتەی کارە قەرەباڵغەمدا هێندە کاتم نیە بۆ ئەو ستایلە. بە تاشینی سەرم، ئێستا هەندێك کاتم بۆ گەڕاوەتەوە تاوەکو زیاتر بەرهەمداریم یان لەگەڵ خێزانەکەمدا بەسەری ببەم.

شتێکی تر کە پێویست بوو ڕەچاوی بکەم قاتە گەورەکانم بوو. لاموایە مارجۆری زۆر ماندوو بوو بە هاوسەرگیری کردن لەگەڵ پیاوێك



Scanned with CamScanner

كە وەك گەوادێك جلی دەپۆشی. ئەوە سەخت بوو بۆ من. مارجۆری گوتی: "ستیڤ، دەبێت چیتر ئەو شێوازە جلوبەرگە لەبەر نەکەیت."

من لێم پرسی: "مەبەستت ئەوەیە واز لە قاتەکانم بهێنم؟"

ئەو گوتی: "دەبێت واز لەو پانتۆڵە گەورانە و ئەو چاکەتە درێژانە و ئەو هەموو قۆپچەیە بهێنیت." هەروەها بۆی ڕوونکردمەوە کە خودا پلانێکی بۆم هەیە و پێویستە من پۆشاکی گونجاو بپۆشم.

فرێدانی قاتەکانم بازدانێکی دیکە بوو. من ئەو جلانەم خۆشدەویست، ئەوان ببوون بە سیمایەکی تایبەتی بۆم. من وەفادار بووم بۆ ئەو بەرگدروانەی کلیڤلاند، دیترۆیت، سەینت لویس و فیلادلفیا کە پۆشاکیان بۆ دەدوریم. ژنە شارییە بەدناوەکان حەزیان لەو شێوازی جلوبەرگەبوو، منیش شانازیم بەوەوە دەکرد کە وەك شەقاوەیەك دەربکەوم. بەڵام ئەو شێوازە بۆ دەرکەوتن لە کاتی زێڕینی تەلەڤزیۆن گونجاو نەبوو.

ئەوە گۆڕانکارییەکی سەخت بوو بۆ من. پێویست بوو هەنگاو بە هەنگاو ئەنجامی بدەم. نەمدەتوانی هەموو جلەکانی ناو کەنتۆرەکەم بە یەکجار فڕێ بدەم. لە وەرزی یەکەمی *Family Feud* دا هێشتا قاتی گەورەم لەبەردا بوو. ناوبەناو شێوازی نوێم دەپۆشی تاوەکو لە وەرزی دووەمدا زیاتر هەستم بە ئاسوودەیی کرد لەگەڵ شێوازە نوێیەکەم. تا ماوەیەك چەند قاتێکم لای خۆم هێشتەوە، بەڵام کاتێك لەبەرم دەکردن هەستم بە ئاسوودەیی نەدەکرد. هەستم دەکرد سیمایەکی شیاوم نیە. ئەم گۆڕانکارییانە، ڕەنگە لای گەلێك کەس



Scanned with CamScanner

بچوكبن، بەڵام گۆڕانكاری گەورەیان دروست كرد لە ژیانمدا. هەلی كار و دەرفەتی زیاتر و زیاترم هاتە پێش.

بە هاندانی مـن بـۆ ئـەو گۆڕانكارییانـە، مـارجۆری نیشاندام كـە هـاوەڵی ژیانمـــە، و كەســێكە لایـــەنگری و پاڵپـــشتیم دەكــات. خۆشەویــستییەكەی باوەڕبــەخۆبوونێكی وای پێبەخــشیم نــەك هــەر توانیم خۆم بگۆڕم بەڵكو توانیم خەونەكانیشم بەدەست بهێنم.

گـۆڕان نـەك هـەر پێویـستە، بـەڵكو واتلێـدەكات گەشـە بكـەیت. دەتوانیـت كاردانـــەوەت نـــەرێنی بێـــت بەرامبـــەر بـــە گـــۆڕان یـــاخود ئەرێنییانە ڕەفتار بكەیت و بەشدار بیت لە گۆڕانەكەدا. ئەمە مەترسی كاردانەوەیە بەرامبەر گۆڕان: تـۆ بـۆ هەمیـشە لـەدواوە دەمێنیتـەوە، چونكە گۆڕانەكە پێشتر ڕوویداوە و تۆ پەرچە كردارت نواندووە. ئەمە بۆ هەمیشە لە جێگـەی خـۆت ڕاتـدەگرێت و ناهێڵێـت پـێش بكـەویت. مەگـەر بـۆت دەربكـەوێت گـۆڕان پێویـستە و ئەرێنییانـە بـەرخوردی لەگەڵدا بكەیت و ببیت بە بەشێك لە گۆڕانەكە.

هاوســـەرەكەم یارمەتیـــدام خـــۆم لەگـــەڵ ژیانـــە نوێیەكەمـــدا بگونجێنم. ئەو نەك هـەر كاریگـەری لەسـەر ڕوخسارم هـەبوو، بـەڵكو جیهانبینیمی فراوان كرد. من هەمیشە بەجدی كارم دەكرد. ڕاهاتبووم هێنـــدە بەجـــدی كـــارم دەكـــرد هـــەرگیز نەدەوەســـتام چـــێژ لـــە دەســـتكەوتەكانم ببیـــنم. پـــارەم هـــەبوو، بـــەلام بـــۆ هـــیچ شـــوێنێك نەڕۆیشتبووم. مارجۆری داوای لێكردم لەبەر خاتری خۆم و خێزانەكە پشوویەك وەربگرم. ئەو ئاسۆ و بینینی فراوان كردم. پێشنیاری كرد

بڕۆین بۆ پاریس و مەغریب و یۆنان و ئیتالیا و دوورگەی ماوی و چەند شوێنێکی دیکەی ناوچەیی سەرنجڕاکێش – تەنانەت ناوی هەندێك لەو شوێنانەم نەبیستبوو کە مارجۆری پێشنیاری کرد سەردانیان بکەین. ئەو دەیزانی پلانی پشووی تایبەت و بوژێنەرەوە دابنێت، کە بەڕاستی من پێویستم بوو. لەبیرمە بەیانییەکی زوو لە دوورگەیەکی دوورەدەست بووم لە یۆنان. هیچ کەسێکی دیکەم لە دەوور و پشت نەبوو، و پیاوێکی ڕەش پێستم بەدیکرد بەدرێژایی کەنارەکە بە ئاراستەی من دەهات. کاتێك نزیکبووەوە گوتی: "بەیانیت باش، ستیڤ!" و بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن. ڕێك بەو شێوەیە. من زۆر دڵخۆش بووم بە بینینی ئەو. برایەك لەسەر کەنارێك و لە دوورگەیەکی بچوکی یۆنان، لەم هەموو شوێنەدا، هات و وەك هاوڕێیەکی کۆن سڵاوی لێکردم! تەنانەت داوای واژۆی لێنەکردم. بەڕاستی پشوویەکی ئارامبەخش و نایاب بوو، بەجۆرێك وزەی پێبەخشیم باوەڕم نەکرد ئەو شێوەیە پێویستم بێت. گەشتکردن و دەرچوون لەو شوێنانەی کە خووم پێوەگرتبوون بۆ شوێنگەلێك کە پێشتر سەردانم نەکردبوون یان بیرم لێ نەکردبوونەوە، جیهانبینیمی فراوانکرد و چەندین ساتی سەرنجڕاکێش و لەبیرنەکراوی پێ بەخشیم. بەهۆی مارجۆرییەوە هەموو جیهان گەڕاین. هەموو ئەم ئەزموونانە یارمەتییاندام وەك پیاوێك گەشەبکەم و باشتر لە جیهان و شێوازی ژیانی خەڵکی تێبگەم. ئەوە پیشانیدام چەندە خواپێداوم. من دڵنیام خودا چەندین بەخششی بۆ تۆش ئامادەکردووە.

ئەوەی ئەو هەموو جیاوازییەی لە پەیوەندی من و مارجۆریدا دروستکرد ئەوە بوو ئەو پێشتر کەسێکی دڵخۆش بوو. لەبری ئەوەی



Scanned with CamScanner

کاتی خۆم بۆ دڵخۆشکردنی کەسێکی دیکە تەرخان بکەم، توانیم سەرنجم لەسەر ئەوە بێت ببم بە کەسێکی باشتر - هاوسەرێکی باشتر، بەخێوکارێکی باشتر، و باوکێکی باشتر. ئەوە بەشێک بوو لە هۆکاری سەرکەوتنی پەیوەندییەکەمان.

کاتێک من مارجۆری هاوسەرگیریمان کرد، بابەتەکە هەر من و ئەو نەبووین. ئێمە هەردووکمان لە هاوسەرگیری پێشوومان منداڵمان هەبوو. منداڵەکانی من براندی، کارلی، برۆدریک و وینتن بوون، و مارجۆریش سێ منداڵ هەبوو: مۆرگان، جەیسن، و لۆری. کاتێک بووم بە باوکی منداڵەکانی مارجۆری، ئەوە شانازی بوو بۆ من کە پاشناوی خۆمیان پێ ببەخشم. من هەرگیز ناتوانم جێگەی باوکیان بۆ بگرمەوە، بەڵام سوپاسی خودا دەکەم توانیومە هەوڵ بدەم بەجۆرێک ببم ئەو باوکەی کە بۆ ئەم بەشەی ژیانیان پێویستیانە. تێکەڵکردنی خێزانەکانمان ئاسان نەبوو. منداڵەکانمان بەخێرایی بە پلانەکەمان ڕازی نەبوون. ئێستا کە بیردەکەمەوە لە هۆکارەکەی تێدەگەم. ئەوان لەگەڵ مندا چەندین ڕێگەی پڕ کەندوکۆسپیان بڕی بوو، ئاسان نەبوو بۆیان دەسبەجی ببن بە خاوەنی خێزانێکی نوێ.

بەڵام من لەو کاتەدا لە هۆکاری نیگەرانییەکەیان تێنەگەیشتم. من شانازی بەخۆمەوە ناکەم، بەڵام بەم شێوەیە بیرم دەکردەوە: "سەیرکە، بەدڵت نیە؟ بەرخوردی لەگەڵدا بکە. من کەسێکی پێگەیشتووم، پێویستم بە مۆڵەت پێدانی هیچ کەس نیە." خۆشبەختانە، مارجۆری ڕایکێشامە تەنیشتەوە و بۆی ڕوونکردمەوە

کاتێك مامەڵە لەگەڵ خێزانێکی تێکەڵکراو دەکەیت، دەبێت بزانیت هەموویان لە خێزانی تێکشکاوەوە هاتوون. تەنها لەبەرئەوەی ئێمە تێکەڵکردنی خێزانەکەمان بەلاوە دروستە، مانای ئەوە نیە خێرا منداڵەکانمان قبوڵی دەکەن. ئێمە ئەوەمان بە منداڵەکانمان ڕاگەیاند کە هەموویان بەشێکن لە ژیانە نوێیەکەمان. چیتر وشەی هی من یان هی ئەو لە ئارادا نیە، بەڵکو تەنها وشەی هی ئێمە لە ئارادایە. پێش ئەم خێزانە لە هەر شتێك بێ بەش بووبن، نابێت ئێستا بهێڵن لێی بێ بەش بن.

مارجۆری وای لە منداڵەکانم کرد هەست بکەن شوێنێکیان هەیە دەتوانن بۆ بچن و پێی بڵێن ماڵ. ئەو توانی بەجۆرێك خۆشەویستییەکەمان بگوێزێتەوە بۆ منداڵەکان کە من نەمدەتوانی، هەروەها پەیوەندییەکی لەنێودا دروستکردن کە سوودی بە من و ئەوانیش گەیاند. ئەوەی ئەو کردی بۆ کوڕە بچوکەکەم، وینتن، نیعمەتێك بوو. بەجۆرێك یارمەتیدا تا هاوسەنگی بپارێزێت کە من نەمدەتوانی. وینتن زۆر لە قوتابخانە دواکەوتبوو، مارجۆری دەستی لە هەموو شتێك هەڵگرت تا یارمەتی ئەو بدات ببێت بە قوتابییەکی زۆر باش و نایاب. ئەو فێری گوێڕایەڵی و ڕێکوپێکی کرد و هانیدا تا سەرنجی لەسەر ئەرکەکانی قوتابخانەی بێت. هەروەها مامۆستای تایبەتی بۆگرت و وایلێکرد هەست بەباشی بکات دەربارەی ئەنجامەکانی و جار لەدوای جار ئەنجامی گەورەتر بەدەست بهێنێت. کاتێك وینتن لە قوتابخانە باشتر بوو، شەوق و پەرۆشی بۆ قوتابخانە زیاتر بوو و چەندین بابەتی لەلا شیرین بوو. بەشێوەیەکی کرداری



Scanned with CamScanner

هەستت بەو باوەڕبەخۆبوونـە نوێیـەی دەكـرد. چـەند سـاڵێك دواتـر، ڕینتن لـە چـەند كۆلێـژێك نـاوی تۆمـاركرد و لـە هـەموو ئـەو كۆلێژانـە قبوڵكرا. هێندە دڵخۆش بوو سەبارەت بە ڕۆیشتنی بۆ كۆلێـژ، خـەریك بوو هەموو ژوورەكەی كۆدەكردەوە لەگـەڵ خـۆی ببیـات. بەڕاسـتمە. ئەو نەیدەتوانی تەلەڤزیۆنـە پـەنجا و شـەش ئینجییـە فلاتەكـەی لـە دیوارەكـە بكاتــەوە و هەوڵیــدەدا بیخاتــە نێــو جانتاكــەی! كاتێــك یارمەتیمدا شتومەكەكانی كۆبكاتەوە زۆر شانازیم پێوە دەكرد هێنـدە بەرەوپێش چووبوو. كاتێك ئامادەبوو بڕوات، لیستێكی حەفتا و پێـنج خاڵیم بۆ نوسیبوو لـەو شـتانەی كـە نـەدەبوو ئـەنجامیان بـدات. مـن لیستەكەم چاپكردبوو و لـەلای دەرگاكـە دامـە دەسـتی. كـەمێك لـەو شتانەی كە بۆم نوسیبوو بریتی بوون لە: خۆت لە زیندان بپارێزە (بـۆ ئەم مەبەسـتە دزی و هـیچ جـۆرە تـاوانێكی دیكـە ئـەنجام مـەدە) بـە مەستی شۆفێری مەكە، كە هاوسەرگیریت كرد، بەلایەنی كەمەوە با تا تەمەنی سی ساڵی منداڵت نەبێت. پێم گوت تـۆ هەڵـە دەكـەیت بـەڵام هیچ یەكێك لەو هەڵانەی ناو لیستەكە ئەنجام مەدە. ئـەو دەیزانـی مـن پێشبینی شتی گەورەی لێ دەكەم. بۆیە پێویسـتە نـاوی خـۆی لـەیاد بێت: ئەو (هارڤی)یە. ئەوە بۆ من گرنگ بوو، وە پێویستە بـۆ ئـەویش گرنگ بێت.

مارجۆری یارمەتیدەر بوو بۆ دروستكردنی خێزانێكی گەورە. ئەو بە تەرخانكردنی كات بـۆ هـەموو منداڵـەكان وایلێكـردن هەسـت بكـەن هەموویان بەشێكن لە ژیانمان. هەروەها سەرمەشقێكی نایـاب بـوو بـۆ كچەكانم. مارجۆری ژنێكـی بـەهێز و زرنـگ و دڵسـۆز و لـەخوداترس و بەرپرسیاربوو، خێزانـی لـە هـەموو شـتێكی دیكـە بـەلاوە گرنگتربـوو.



Scanned with CamScanner

کچەکانم لە نزیکەوە و بە شێوەیەکی کرداری ئەزموونیان لێوەردەگرت و پاش چەند ساڵێك خۆشیان بوون بە کەسانێکی کاریگەر. لۆری و وینتن لەهەمان کاتدا دەچوون بۆ کۆلێژ. پەیامی مارجۆری بۆ لۆری ئەوە بوو ژیرانە بڕیار بدات و نیگەرانی ئەوە نەبێت کە لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەگونجێت یان نا، چونکە خودا ئەوی بێ وێنە و بێ هاوتا دروست کردووە. مارجۆری هەمیشە بە کچەکانمانی دەگوت ئێوە دیاری خودان و پێویستە هەمیشە خانمانە ڕەفتاربکەن. خانم بوون هەرگیز دواکەوتوویی نیە.

کاتێك هەریەکە لە منداڵەکانم دەستیان کرد بە خوێندنی زانکۆ، پێم گوتن من پێشبینی شتی گەورەتان لێ دەکەم. هەمان ئەو شتەم پێ گوتن کە باوکم پێی گوتم: لەبیرت بێت پاشناوەکەت چیە بیرت نەچێت کە منداڵی منیت.

کچەکانم لە نزیکەوە سەرمەشقی خۆشەویستییان هەبووە. ئەوان منیان بینیووە کە بەجوانترین شێوە ڕێزم لە مارجۆری گرتووە. منیان بینیووە هاوسەرەکەمم خستووەتە سەر تەختێك و وەك شاژنی خۆم بە جیهانم ناساندووە. منیان بینیووە مارجۆریم زیاتر لە خۆم بەرزکردووەتەوە. منیان بینیووە ئاگام لە مارجۆری بووە. منیان بینیووە لەبەری نوشتاومەتەوە. منیان بینیووە نازیم هەڵگرتووە. منیان بینیووە خۆشم ویستووە و پاراستوومە و شانازیم پێوەکردووە. بە تەماشاکردنی من، کچەکانم دەزانن چاوەڕێی چی لە پیاو دەکەن، دەزانن پێویستە پیاو چۆن مامەڵە لەگەڵ ژندا بکات.



Scanned with CamScanner

ئەو پیاوە دەناسن کە شانازی بـە ژنـەوە دەکـات و ڕێـزی دەگرێـت و خۆشی دەوێت. هەرگیز نەیان بیستووە من جنێو بـە مـارجۆری بـدەم یان جگە لە ناوی خۆی بە ناوێکی دیکە بانگی بکـەم. ئـەوە بـووە بـە نمونە و وێنەیەکی تایبەتی لـەلایان سـەبارەت بـەوەی پیـاو پێویـستە چی بکات بۆ ژنەکەی و چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

هــەردوو کــچەکەم هاوســەرگیرییان کــردووە و پیاوێکیــان هەڵبژاردووە کە ئەو سیفەتانەیان تێدابێت. هـەردوو زاواکـەم گوتیـان: "کابرا، ئەم کچانەی تۆ نازیان هەڵدەگیرێت." منیش پێم گـوتن:" زۆر سوپاستان دەکەم." ئەگەر هاتوون بـۆ خـوازبێنی کـچەکانم، و نازیـان ناکێشن، و وەك شاژن لێیان ناڕوانن، و شانازییان پێوەناکەن، کەواتە واز لـە کـچەکانم بهێـنن. ئـەوان بـەو شـێوەیە ڕاهـاتوون - ئـەوەی کردوومە بۆ کچەکانم هەمیشە شانازی پێوە دەکەم.

من ئـەو کەسـەی جـاران نـیم. چیتر بابەتەکـە مـن نـیم. مـن لـە پێنـاوی منداڵەکانمـدا چـوار کـاری سـەرومڕ ئـەنجام دەدەم. پـاش تـەواوبوونم، دەمـەوێت منداڵـەکانم بـزانن کەسـێك لـە خۆیـان زیـاتر گرنگییان پێ دەدات. هەروەها دەمەوێت ئەوانیش گرنگی بە کەسانێك بدەن لە خۆیان زیاتر. من منداڵـەکانم خۆشـدەوێت و شـانازی دەکـەم باوکیـانم. مـن و مـارجۆری حــەوت منــداڵمان هەیــە. هەریەکــەیان بەرەنگارییەکی جیاوازیان هەبووە. چۆنیەتی بازدانی کوڕەکانم جیاواز دەبێت لـە چـۆنیەتی بـازدانی کـچەکانم. بـەڵام مـن و هاوسـەرەکەم دایاندەنیـشێنین و دڵنیایــان دەکــەین لــە کــارکردنی باڵــەکانیان و



Scanned with CamScanner

پێشبینی دەکەین ئەو وانانە بەکاربهێنن کە فێرمان کردن بۆ فـڕین بـە ئاڕاستەی چارەنووسیان.

بە ڕۆیشتنی لۆری و وینتن بۆ کۆلێژ -سەرەڕای ئەوەی جەیسنی کوڕم و ئامەندای هاوسەری و مۆرگان، نەوا و ڕۆز و (ئێل)یـان دەهێنا بۆ سەردانمان- کتوپڕ ماڵەکەمان چۆڵ بوو. من هەمیشە بە تاسـەوەم بۆ کۆبوونەوەی خێزانی لە پـشووەکاندا بۆئـەوەی بەتـەواوی چێژ لـە پشووەکە وەربگرین. ماڵەوە بۆ من تایبەتە. هاوینان هەموو خێزانەکە کۆدەبینـەوە و گۆشـت دەبـرژێنین، هـەموو سـاڵێك خێزانەکـەمان، بـە زیادبوونی نەوەی نـوێ یـان بـووك و زاوی نـوێ، گـەورەتر و گـەورەتر دەبێت. هێندە نابێت کارلی کچم شووی کردووە بە بـێنی هاوسـەری و مۆرگـانی کـچم بـەم دوایيـە ئێلـی سـاوای بـوو. کەواتـە ماڵـەوە لەمـە تایبـەتتر نابێـت بـۆ مـن. هاوسـەرەکەم سەرچـاوەی دڵخۆشـیمە. ئـەو دڵخۆشـترین کەسـە کـە دەیناسـم، بۆیـە کاتێـك دەرگاکـە دەکەمـەوە دەزانم دڵخۆش دەبم و خۆشەویستی بێ مەرج چاوەڕێم دەکات.

من هێندە پیاوم کە دان بەوەدا بمنێم بەپێی پێویـست سـەرنجم لەسەر دوو هاوسەرگیرییەکەی سـەرەتام نـەبوو. نامـەوێت ژنـان لۆمـە بکەم لەبەر شکستی هاوسەرگیرییەکانم. ئەو پەیوەندییانە پیشانیاندام چۆن وەك پیاوێك گەشـە بکـەم. تێگەیـشتم نـەدەبوو ئومێـدم لەسـەر بنچینەی هەستە سنووردارەکانم بنیات بنێم. لەبری ئـەوەی تـەنگ بـە بارودۆخەکان هەڵبچنم، فێربووم ڕێگە بدەم لەکۆتاییدا خودا ڕێنمـونیم بکات بۆلای ئەو ژنەی کە گونجاوبوو بۆم.



Scanned with CamScanner

کاتێك مارجۆری هاته ژیانمەوە، پێویستی نەکرد تەنگ بە هیچ شتێك هەڵبچنم. خودا ڕێنمونی کردین هەنگاو بە هەنگاو پەیوەندییەکەمان بنیات بنێین. خودا پلانی دانا بۆ یەکگرتنەوەی خێزانەکانمان. وازهێنان لە هیوای سنووردار سەبارەت بە پەیوەندییەکانم، ئاشتی و ئاسوودەیی خستە ژیانمەوە. هاوسەرگیریم لەگەڵ مارجۆری فێری کردم کراوەبم کاتێك پلانی ژیانم بۆ ڕوون دەبێتەوە. دەگونجا دوو جیابوونەوەکەی ڕابردووم ببێت بە کۆسپ بۆ ژیانم. بەڵام کردنەوەی دڵم بۆ مارجۆری گەورەترین خەڵاتی ژیانم بوو.

دەزانم ئەگەر مارجۆری نەبووایە، نەدەبووم بەو پیاوەی کە ئێستا هەم. هەموو پیاوێکی مەزن ژنێك لە پشتیەوەیە. نەمگوت پیاوی سەرکەوتوو، گوتم پیاوی مەزن. بەهۆی خاتوو (کۆرێتا)وە بوو، دکتۆر مارتن لوسەر کینگ توانی دەستکەوتی وەها بەدەست بهێنێت کە هەرگیز بەبێ ئەو نەیدەتوانی بەدەستی بهێنێت. هەروەها ئەگەر میشێل لە ژیانی باراك ئۆباما بکەیتە دەرەوە، دەبێت بە پیاوێکی دیکە.

ئەگەر سەیری کارەکەم بکەیت لە ساڵی (٢٠٠٥)ەوە تا ئێستا، یازدە ساڵە لەگەڵ مارجۆریدام. یازدە ساڵی ڕابردووی ژیانم باشترین ساڵەکانی ژیانم بوون. هەرگیز ژیانم هێندە باش نەبووە. هەرچەندە هێشتا هەموو ڕۆژێك خۆم دەڕەتێنم، بەڵام فێربووم کاتێك دەگەمە ماڵەوە هەموو شتێك لەبەر دەرگاکە بەجێ بهێڵم. پاڵەپەستۆی کاری ڕۆژانە لە دەرەوە بەجێ دەهێڵم و کاتێك دەچمە ژوورەوە بە

ئاسوودەیی لەگەڵ خێزانەکەم کات بەسەردەبەم. من سێ نەوەی نوێم هەیە، حەزدەکەم کاتیان لەگەڵ بەسەرببەم.

کاتێك دەزانم تەنها نیم، و مارجۆری لە گۆشەیەکی ژیانمدایە، هەموو بارگرانییەکانم ئاسانتر دەبن. دەتوانم پشتی پێ ببەستم. ئەو باشترین ڕاوێژکارە، زۆرجار بیروڕای بازرگانی ئاڵوگۆڕدەکەین یان پێکەوە لەسەر بیرۆکەیەك کاردەکەین کە من بەلامەوە گرنگە بۆ وەبەرهێنان. من هیچ نهێنییەك لە مارجۆری ناشارمەوە. دەردەدڵکردن لەگەڵ ئەودا و لە کۆتایی ڕۆژدا پەستانی نمایشی یەك لەدوای یەکی *Family Feud* یاخود پەستانی چاوپێکەوتنی ماوەدرێژ و یەك لەدوای یەك دەڕەوێنێتەوە. زۆر سەرسوڕهێنەرە کاتێك هەست بە ئاسوودەیی مێشکت دەکەیت. ناتوانم ئاسوودەیی مێشك بە پارە مەزەندە بکەم.

مارجۆری یارمەتیدام شادی و ئاسوودەیی ناخم بدۆزمەوە، ئەمەش بوو بەهۆی گۆڕینی پەیوەندی نێوان من و پەروەردگارم. خۆشەویستی مارجۆری وایلێکردم بە دڵ ملکەچبم بۆ خودا و پەڕاوەکەی. لەبەرئەوەی بە باوەڕەوە گەورەبووم، پلانەکانم بەگوێرەی ڕێبازەکەی خودا دارشت.

زۆرجار لەگەڵ خودادا دەدوام. بەدڵنیاییەوە ئەو بەنێو گەلێك ململانێ و بەرەنگاریدا دەربازیکردووم تا ببم بەم پیاوەی ئەمڕۆ. خودا ژیانێکی پێداوم هەرگیز بە خەونیش نەمبینیووە. دەزانم ئەو مارجۆری بۆ ناردم. ناتوانم بیر لە ژیانێکی بێ مارجۆری بکەمەوە.



Scanned with CamScanner

پاش کۆتایی هاتنی جیابوونەوەکەم، دەمتوانی لەنێو داخ و پەژارەدا گینگڵ بدەم، بەڵام بڕیارمدا بگۆڕێم. ئێستا باشترین هاوسەری ژیانم هەیە. دەتوانم بەرزتر و دوورتر بازبدەم چونکە من بە یارمەتی ئەو بازدەدەم. بوونم لەگەڵ مارجۆری توانای پێداوم بفڕم بۆ لوتکەی بەرزتر، نەک تەنها لە ژیانی کەسی و پیشەییمدا، بەڵکو لە ژیانی خێزانیشمدا. من ئەو کەسە نەبووم کە دەمویست لە داهاتوودا ببم، هاوسەرەکەم، مارجۆری، هەموو شتێکی گۆڕی. ئەو یارمەتیدام فێریم پەیوەندی نێوان خۆم و منداڵەکانم چاك بکەمەوە.

کاتێك یەکەمجار دەستم کرد بەکاری قۆشمەچێتی، بۆ ماوەی چەندین ساڵ براندی و کارلی کچم تێنەگەیشتن بۆچی ناتوانم لەگەڵیاندابم، یان زۆر کاتیان لەگەڵدا بەسەرببەم. بەڵام من وەك کەسێکی پێگەیشتوو بە تەواوی دەمزانی دووریم چەندە کاریگەری هەیە لەسەریان، کە گەورەبوون و بینییان شەو و ڕۆژ دەخەمەسەر یەك بۆ ئەنجامدانی ئەو کارەی کە خۆشم دەوێت، براندی و کارلی لە کۆتاییدا تێگەیشتن بۆچی شوێن خەونەکانم دەکەوم. پاش چەند ساڵێك پێیان گوتم: "باوکە، ئێمە تێنەدەگەیشتین بۆچی بەجێمان دەهێڵیت، بەڵام ئێستا دەزانین پێویست بوو ئەوە بکەیت. تۆ تەنها هی ئێمە نیت. تۆ موڵکی جیهانیت." وتەکانیان و تێگەیشتنیان جیاوازییەکی گەورەیان بۆ من دروست کرد.

خێزانەکەم قاوغی پارێزەری منە. کەسانی نێو قاوغەکەت دەتوانن لەگەڵتدا بازبدەن. ئەوانیش ڕوانگەی خۆیان هەیە و دەتوانن



Scanned with CamScanner

بیروڕای ئەرێنی و چارەسەری ئەرێنیت پێ ببەخشن. ئەمە زۆر گرنگە کاتێك بیرۆکەیەکی نایابت هەبێت بتەوێت گەشە بکات. پێویستت بە خەڵکە باشترین ڕێگات نیشان بدات تاوەکو بیرۆکەکەت وەگەڕبخەیت. پێویستت بە کەسێك نیە پێت بڵێت بیرۆکەکەت سەرکەوتوو نابێت. کاتێك بتەوێت کارێك بکەیت ڕاستەوخۆ گوتەی نەرێنی و نەخوازار و ڕووبەڕوت دەبێتەوە. من پێویستم بە کەسێك نیە هۆی سەرنەکەوتنی شتەکانم پێ بڵێت. خۆم ئەوە دەزانم. دەمەوێت بزانم ئەو شتانە چین کە دەتوانین لە ئێستادا ئەنجامیان بدەین، و بەباشترین شێوە سەرکەوتووین.

من هێندە سەرقاڵ و پڕکارم کاتم نیە بۆ هاوڕێیەك کە تەنها هاوڕێی خۆشیم بێت. کاتم نیە بۆ کەسانێك کە خەونی سنوورداریان هەیە. کاتم نیە بۆ کەسانێك کە هەمیشە لایەنی سەرنەکەوتنی شتەکانم پێدەڵێن. من کەسانێکم دەوێت چۆنیەتی سەرکەوتنی شتەکانم پێ بڵێن، کەسانێکم دەوێت بتوانن لەگەڵمدا بازبدەن و بفڕن. من هیچ بیرۆکەیەکم نیە دەربارەی ئەو کەسانەی کە خەونە سنووردارەکانیان ناهێڵن بازبدەم بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانم. بۆیە تەنها کەسانێك لە دەوری خۆم کۆدەکەمەوە کە دەزانم گەورەترین پاڵپشت و هاندەرمن و ژیانم پڕدەکەن لە گەشبینی.

ڕۆژێك کەسێك لێی پرسیم: "ئەگەر یەك ملیار دۆلارت پێبدەن، هاوسەرەکەت بەجێ دەهێڵیت؟" گوتم نەخێر. ئەو گوتی: "برادەر، گاڵتەم پێ دەکەیت؟ بۆ یەك ملیار دۆلار دەتوانیت ئەو بەجێ بهێڵیت



Scanned with CamScanner


و نیوەی پارەکەی پێبدەیت، و هێشتا هێندەت بۆ دەمێنێتەوە کە زیاترە لەوەی ئێستا پەیدای دەکەیت." ئەگەر یەك ملیار دۆلارم هەبووایە و ئەوم لەدەستبدایە، ئێستا لەکوێ دەبووم؟ چیم دەکرد؟ ئەوە پارە نیە کە دڵخۆشم دەکات. ئەوە مارجۆرییە کە دڵخۆشم دەکات. هەست بە دڵخۆشی دەکەم کاتێك دەگەڕێمەوە بۆماڵەوە. هەست بە کامەرانی دەکەم کاتێك پێکەوە لە پشوودابین. هەست بە بەختیاری دەکەم کاتێك سەیری نەوەکانم دەکەم. هەست بە دڵشادی دەکەم کاتێك لەگەڵ ئەودا پلان دادەنێم. هەست بە بەختەوەری دەکەم کە دەتوانم ١٠٠٪ متمانەی پێ بکەم. ئەو لە ناخی دڵەوە چاکەی منی دەوێت. هەمیشە سەرنجی لەسەر خێزانەکەمانە و بەتەنگمانەوەیە. من بەتەواوی متمانەی پێ دەکەم، ئەو هەرگیز منی فەرامۆش نەکردووە. دەزانم لە هەموو بارودۆخێکدا پشتم دەگرێت. ئەو ئاسوودەییە زیاتر لە یەك ملیار دۆلار دەهێنێت.



Scanned with CamScanner

GOLDEN
BOOK

Scanned with CamScanner




# Jump

STEVE HARVEY

“

«پێویستە بازێک بدەیت وەک ئەوەی ژیانت بەندبێت لەسەر ئەو بازە، چونکە بێگومان ژیانت بەندە لەسەر ئەوە.»

ستیڤ هارڤی.

”

GOLDEN BOOK

Scanned with CamScanner